کازیوە ژنەکەی ناو فەیسبوک
شێرزاد هەینی

ڕۆمان

کازیوە ژنەکەی ناو فەیسبوک
ڕۆمان
نووسینی: شێرزاد هەینی
تایپ: نووسەر
هەڵەگر: لوتفی شۆرش

ستۆکهۆلم 2011

کۆمێنت و پوونت:

ئەو دەقە، سەربردەی ڕاستەقینە و وردە خەیاڵی من و خوێندنەوە و نووسینی کۆمێنتەکانی ناو فەیسبوکە. نموونەی ئەو ژنانە زۆرن، ئامادەییش زۆر بوون بۆ نووسینەوەیان، بەڵام من هەر بەوەیان ڕاگەیشتم، تاقەتم نەما, چونکە لەوەیان خەمی زۆرم خوارد، ترسی ئەوەشم هەبوو کێشەم بۆ دروست بێت، ببوومە بەشێک لە ڕووداوەکان، چونکە مەسەلەکە هەر نووسین نەبوو، نووسینەوەش بوو. پرۆسەکە هەر بیستن نەبوو، نووسینیش بوو. بەرنامەکە گێڕانەوە و تۆمارکردن بوو، هەروەها کۆمێنتەکان خەم و گریان و ناڕەحەتی و مێژووی تاڵ و شکۆ و شەرمەزاریش بوو، من لەو دەقسازییەدا ئەوەم نووسی و پوونت، واتە تەواو!

**(1)**

ئەو، یەکەم ژن بوو، لەناو کۆڵانی فەیسبوک و لەبەردەم سوپەرمارکێتەکە و لەناو فرۆکەخانەکە و لەبەردەم دائیرەی ئیقامەی گەڕانەوە و لەگەڵ خۆڵ و سووتماکی بیرەوەرییەکانم و لە پێش سالۆنەکەی جوانکاری پەردەکراوەکە ناسیم.

من ناوەکەی ئەوم لە فەیسبوک خوێندەوە و زانیم و دڵنیابووم کەوا ناوەکە و وێنەکە و هەستەکە کەسێکی مێینە و ژنە، لە وێنەکانی کە ژمارەیان زۆر بوو تێگەیشتم ژنەکە تەمەنی چەندە و چۆن ژیاوە و ژیانی چۆنە و حەز لە چ دەکات. سەرەتا دوودڵ بووم، ناوەکەی ناوی خۆیەتی، یان وێنەکە وێنەی ئەکتەرێکە و من نایناسم، یان سیما و ئاکارێکە بە فۆتۆشۆپ چاکراوە، یان هەر ژنێکی تر بێت، چونکە من خۆم هەروام زوو وێنەکان بزر دەکەم، زۆر سەیریان دەکەم، بەڵام زوو لە گیرفانەکانم بەردەبنەوە و لەگەڵ ئاوی کانییەکان دەبنە رووبارێک تا دونیا بۆ چۆلەکە و پەپوولە کەسک و جوان بکەن، وێنەی ئەوانە و ئەوانەی لەگەڵ ستوونە زۆری رۆژنامەکان دەیانبینم تێکەڵدەبن، لووتیان، دەستیان، دەم و روومەتیان، بە سیکۆتین دەچنە ناویەک، بەیەک وەدەنووسێن، گیردەبن نەک من! کەم کەس هەیە وێنەکان هەڵگرێتەوە و لەناو ئەلبوومەکەی خۆیان لەگەڵ رەنگ و تەمەن و تیشکی چاوەکان و هێڵی نێوچەوان پۆلینیان بکاتەوە.

یەکەم ژن سەربەستانە بە منی وت، دەزانم زۆریش دڵنیام من وەک تۆ نیم، تۆ مافی ئەوەت هەیە لەوەیان دڵنیا نەبیت، دوودڵ بیت، من دەزانم تۆ کێت! من هاوڕێیەکەت ناسدەکەم، من لەمێژە نووسینەکانی تۆم خۆشویستووە، دیارە وشەی خۆشەویستی لەرز بە پیاو دەگرێت، موچڕکەی پێدا دەهێنێت، سنووری نەخشەکان دەجولێنێت، هەموو پیاوەکان بەو شێوەیە لەوانە زۆر و زوو ساتمە دەکەن، لەرز دەیانگرێت، پەلە دەکەن و چاوەڕوانی دەیانگەزێت. بەپەلە و تا نەژاکێ یان پەشیمان نەبێتەوە ئەو وشەیەم لەناو گوڵدانێکی گچکەی کۆنی بەردەمم دانا، من بەتاسەوە چاوەڕوانی وشەیەکی تریشم لەو ژنە دەکرد، تا بەیەکەوە بیانکاتە ملوانکەیەکی نایاب، بە چەند وشەیەکی نازدار و سۆزدار و پەمبە بیکەمە خەناوکەی ناز و ناسین و سووتانەکە هەڵبەستێت. لەبیرم نەماوە وشەی دووەم و وشەی سێیەم چی بووین، کە بونە دانەی خەناوکەکە، بوونە پۆلووە ئاگرەکە و چاوە برسییەکە، بۆیە لەناکاو ئەو چەند دێڕەم نووسی، زۆر بەلەزیش بە پەنجەیەک بۆ ژنە دوور و چاوەڕوانەکە رەوانم کرد:

(دوێنی کە بە قیتارەکە رۆیشتیت، بریا من شوفێری ئەو ترێنە بوام، بریا وا بوایە، من پەنجەرەی فارگۆنەکەی نزیک قژت دەبووم).

ئەو پێکەنینی بۆم نەخشاند و بۆی نووسیبووم.

(جوانە؟).

منیش هێشتا وشەکە جوان نەگەیشتبوو نزیک من، نەهاتبووە ناولەپی دەستەکانم، وشەکە ئەگەرچی یەک وشە بوو، هێشتا چاوەکانم باش پیتەکانی نەکردبووە، وەڵامی ژنەکەم دایەوە.

(زۆر جوانە بوو! دەم و رەنگت خۆش!).

کە من، زانیم ژنەکە ئەو قسانەی پێ خۆشە، شەرمم شکا و زۆر بەخێراییەوە بۆم دەنووسی، پیتەکان بەوە رانەدەگەیشتن پەنجەکانم رستەکان بۆ وەڵامدانەوە تەواو بکەن، لە خۆشییاندا هەر دەفڕین، ئاگام لێبوو باڵەفڕەیان بوو.

(تۆی نازدار لەگەڵ ئەو بەفرە بۆم ببارە، چونکە پەنجەرە و بەرپێیەکانی منیان گرتووە و دەربازبوونم نییە، بە تۆوە من گەرم دەبمەوە، تۆ بەفرەکە دەتاوێنێتەوە و دەبێتە سەرچاوەیەکی روون منیش چاوەکانتی تێدا دەبینم).

ژنەکە زوو وتی:

(زۆر جوانە، دەستت خۆش).

منیش بۆم نووسی:

(من ڤیزام لە تۆ وەرگرت، دەتوانم بێمە شارەکەتان، دەتوانم بێمە لە نزیک ماڵەکەی ئێوە شوقەیەکی بەتاڵ بدۆزمەوە، دەتوانم لەگەڵ دارەکانی ریزکراوی سەر شۆستەکە هەموو دەمێک، ماندووشم نابم و دەتوانم زۆر سەیری پەنجەرەکەتان بکەم).

ژنەکەش لە نووسیندا بەتاقەت بوو، زوو وەڵامی دایەوە:

(دەستت خۆش جوانە، بریا منیش بەهرەی وام هەبووایە، وەڵامی تۆم دەدایەوە، ئیستا چ دەخوێنیتەوە؟).

ژنەکە پرسی:

منیش وتم:

من زۆر بە نووسەرانی عەرەب، ئەوانەی فەرەنسی زمانن، ئەوانەی لەنێوان عەرەبی و فەرەنسییدا خول دەخۆنەوە، بەوانە زۆر سەرسامم. ماوەماوە یەکێکیان هەڵدەبژێرم و بابەتێکیان بە سۆزەوە لێ دەخوێنمەوە. ئەوانە ئاوێتەی دوو کولتووری جیاوازن، خۆیان بە ناسنامە و بەناو و بە رەچەڵەک بە عەرەب و موسلمان دەزانن، بەڵام نووسینەکانیان زۆرتر بەرگی ئەوروپاییان پێوەیە، ئەوان لەناو رۆمانەکانیان دەگەڕێن، زۆر شارەکان دەبینن، لەسەر پردەکان لە بێ ئیشی دەپڕنەوە، ئەوان وەک کۆچبەرەکانی تر نین، زمانەکەیان زۆر لە عەرەبیەکەیان باشتر، بۆیە زۆر دەخوێننەوە و زووش نووسەری دیار و هزری مەزنیان لێ دەرچووە، چاویان گەورەیە زۆر دەبینن، دیمەنەکان لە چواچێوەش دەردەچن، کەسەکان زۆرن، مێژووی سەرهەڵدانی هزر و هونەر و جورئەت و عەشقی مەستی و خەبات بۆ مان و خۆراگریی و ژنی رووتی تێدایە، پیاوی موسلمانی توندڕەو و کەسەکانی بۆگەنی ناو سیاسەت و سەفیرەکان، دارشتنی ناو نووسینەکانیان دوور

دەڕۆن و بۆیەش ئازا دەبن، پێویستیان بە مووچەی حکومەتەکان نییە، ناسنامەیان فەرەنسییە، ئازادانە و بێ ترس قسە دەکەن، ئەوانە خۆشە، بۆ ئێمە بابەتەکان نوێن، شوێنەکانم نەدیوە، ناوەکانم نەبیستووە، خواردنەکانمان تام نەکردووە و سەرمای ناو نووسینەکان نەیتەزاندووین، لە دەرگای ئەو شوقە لاچەپانەمان نەداوە، کتێبێکی وام لەبەردەستە و پەرۆشم زوو تەواوی بکەم، زوو بزانم ژنە ژوورنالیستەکە لە گێژاوەکەی بەڵقان و سربستان دەگاتە کێندەرێ و دەربازی دەبێت، بەپەلەم بزانم ئەوانەی لە ئوردوگاکەی دەستە و حزبەکەی حەسەن تورابی لە سوودان مەشقیان کرد و بەچەکەوە گەڕانەوە ئەورووپا چییان بەسەرهات، چەندیان گیران و لە کام بازگە و فڕۆکەخانە بە پاسپۆرتی ساختە گومانیان لێکردن و ... .

ئەو ژنە دیاربوو قسەکانی پێ خۆش بوو، بۆیە وتی:

بۆیە حەزم کرد لەگەڵ تۆ ببمە هاوڕێ دوو شتی وا فێردەبم، راستە.!

منیش بەشۆخییەوە وتم:

(من شتی ترت فێر دەکەم!).

(وەک چ؟).

(فێرت دەکەم، کە خەونت دی، خەون بە منەوە ببینیت، لەگەڵ نەورەس بچینە سەر سینگی دەریا، لەگەڵ باران بگەیتە ناو گۆشتی نەرم، لەگەڵ دێڕەکان بێیتە ناو نووسینەکانم، تۆ ببیتە ژنی ناو نووسینم، تۆ ببیتە ژنی ناو فەرهەنگم، تۆ ببیتە ژنی سەر سەرینم).

دیارە ئەو دێڕەکانی نووسینەکەی منی تەواو خوێندەوە، من ترسام ئەو چیتر نەگەڕێتەوە و ناوی منیش رەش بکاتەوە و لەناو هاوڕێیەکانی دەرمبهێنێت، بوار نەدات باسی کتێبەکەی بەردەستمی بۆ تەواو بکەم، یان رەنگە ناوەکە هەر خۆی ساختەبووە و بۆ مەبەستێک بەو شەوە بوویتە پەرداخێکی ماندووی ناودەستم.

***

باخچەکانی خودا، رۆمانێکە لەلایەن کەسێکی جەزائیری نووسراوە، دیارە کەوا لە سەرەتای ئەو سەدەیە نووسراوە، باس لە کەسێکی جەزائیری دەکات، لە پاریس چۆن لە چەند گۆشەی ئەو شارە و ئەو کۆمەڵگایە دەژیت، دوایی چۆن دەگاتە ناو دەستە توندەڕەوە ئیسلامییەکان، ئەوانیش رەوانەی خوارووی سوودانی دەکەن، تا لەوێ لەناو ئوردوگایەکی توندەڕەوەکانی جەماعەتی دکتۆر تورابی مەشق بکات. لەو رۆمانەدا کە نووسەرەکەی من هیچ ناوم نەبیستبوو، (ئەلسافی سەعید)ە، لە چەند بڕگەیەکدا باس لەو ژنە ژوورنالیستە دەکات، کە ماوەیەک دۆستی پیاوە جەزائیرییەکە بووە، باس لە دیمانەی ئەو لەگەڵ ژەنراڵێکی

سۆڤیەتی کۆنە موخابەرات دەکات، کە لە پاریس وەک ئەفسەرێکی سەفارەتی سۆڤیەتی دەژیت، لەوێ چەند گەوهەری قسەکانی نووسیوەتەوە، ئەفسەرە بە ئەزموونە پێشبینی کردووە، ناوچەی بەلقان لەناو دەستی رووسەکان دەردەچێت، لەو ململانێیەدا رووسەکان ملکەچ و دۆڕاو و ئەوروپاش شانئەستوور و براوە دەربازیان دەبێت، ژوورنالیستەکە نووسیویەتی کەوا ئەفسەرە دوورخراوەکە گەنجینەیەکی مەزنی هەبوو لە کتێبی موزیک، ئەو وتبووی کاتی خۆی موزیک بۆ خۆشی و شەوچەرەی پاشاکان بوو، لە کۆشکە نازدارە بنمیچە بەرزەکان ساز دەکرا. لەو رۆمانەدا پاریس شارێکە ناوی زۆر بەشکۆوە هاتووە، جوانەکانی جێگای مەبەستە، نەک ئەو رۆمانە و نەک ئەو نووسەرە زۆرن ئەوانەی باسی پاریسیان وەک ئاسمان بڵند و رووبەرێکی جوان و روون لە بیرمەند و هونەر و کتێب و سەکۆی ئازادی کردووە.

من چەند دێڕم بۆ ژنەکە بە نامەیەک نارد، نامە ناردنی ناو فەیسبوک نەگەیشتنی بۆ نییە، نامە هەرگیز ون نابێت، نامە دەگاتە دەستەکان، نامەکەم نارد و وتم ئەگەر ژنەکە هاتەوە، ئەوا من دووبارە قسەی لەگەڵ دەکەمەوە و باسی کتێبەکەی بۆ تەواو دەکەم، یان ئەو باسی کتێبێکی خۆیم بۆ دەکات، کتێب بۆ یەک کەس تەنها بۆ من، بۆ ئەوەی من ئەو بدۆزمەوە و بیکەمە نووسین و چیرۆک، چیرۆک بۆ یەکتری بگێڕینەوە، من کتێبەکانی بۆ بگێڕمەوە، ئەویش کتێبی خۆیم بۆ بگێڕێتەوە، ئێمە بەتەمای ئەوە نین، فەیسبوک بکەینە ستارەی تر، بەنیازین قسەی بەهاری و زستانی بۆ یەک بکەین، بەیەکەوە چیرۆکێکی نوێ بنووسینەوە.

***

## 2

سەرەتای چیرۆک و دەق سازییەکەم بەو شێوەیە داڕشت، نووسینەکەم دوودڵی و پەشیمانی تێدا نییە. بەدەست من و کەسیش نییە، نووسین ئاوە بەر مەندی و بە هاژە و هاواریش دەڕوات، سێبەرە و هەتاو رەشی دەکاتەوە و ناگەڕێتەوە هەتا رۆژێکی نوێی تر کەس سێبەرەکە نادۆزێتەوە، هەرگیزیش شێوە و بارستاییەکانی کۆپی نابێتەوە.

من ژنێکم لە هاوڕێیانی فەیسبوک دەسکەوتووە، ئەو بە بارینی سێساڵی بەفری ئەو وڵاتە ساردە باڵا و تەمەنی کردووە و ئینجا دروست بووە. پەنجەکانی، لووتی ئەو ژنە، چلوورەی سەهۆڵی زستانێکی باکووری زۆر دووری وڵاتی سویدە. سەرەتای هاتنی هەردوو قاچەکانی لە دەریا و گۆمەکانی سەرووی جەمسەرە

ڕەقەکانی ناو بەفر گیرببوو، کە زووتر تەنها کەسە زانا گیانبازەکان ئەوێندەرێیان دیبوو، ئەوان و سەگە بەفرینەکان شارەزای ئەو دەریایە سپییە بووینە. ئەو ژنەش بەناچاری لەو کەشە خۆی گرمۆڵە دەکات و بوویتە شێرە ژنی ناو بەفر و بەئاسانی نەتاوایێتەوە و هەر ڕەق بووە، بەڵام ژیاوە بۆ ئەوەی بە دەستی بەستراوی ناو شەختەکە نەگەڕێتەوە، بەو زریانە هارە و بێرەحمە بسکی نەکرێتە جۆڵانەی ژنانی کۆڵان و پیاوانی عەشیرەتەکەیان. ئەو ژنە بەدڵنیاییەوە بە منی وتبوو، کەوا ئەو لەناو بەفر پارچە ئاگرێکی بێ خۆڵەمێش بوو، بڵێسەیەکی گڕداربوو، ئاگردانێکی شەوچەرەی هەموو بەیانییەک بوو، چونکە لەوێ بەیانی و ئێوارەش نییە، شەو و ڕۆژ دیار نییە، بۆیە ئەو هەموو گاڤێک سەری بەستراوی لە دەرگاکە بۆ هەواگۆڕین و گەرمکردنەوەی ورە و قایمکردنی قاچەکانی هاتووتە دەرەوە و ئازایانە شانی تەکاندووە، وەک ورچەکانی ئەوێندەرێ بەفری پان کردیتەوە و شان بەشان و بە لەرینەوەی ملە ئەستوورەکەی و پاشپانە نەرم و پانەکەی دەرکەوتووە.

لە مامەیارەوە (پیرەمێرد) لە ئاهەنگی نەورۆزێکی پیرۆزدا، ئەوبە ئارەزووی خۆی و شەیداییەکی شێتانە بۆ دۆزینەوەی ئەو جەمسەرەی لەسەرەوە بووە بە یەک پونتی گچکە و وەهمی فڕێ درابووە ئەو بەستەڵەکە، ئەوانەی لەو ئاهەنگە و لەو ساڵە لەگەڵ جەرگ و ئاگر و پەرۆشی پیرەمێرد و ئاگرەکە لەوێ بوون، هەموویان بوونە شاعیر و سیاسەتمەدار و کەسایەتی ناو ئازار و جوانییەکانی هونەر و پۆست و پایە و کەسانی واشیان تێدابوو لە گرتووخانەکان شیعر و گۆرانی و ورە و هەڵوێستیان وتووتەوە، ژمارەیەک لەو پیاوانە گەڕاونەتەوە تورکیای نوێ، تا لەوێ خۆیان بکەنە تاوەر و لە دوورەوە دیار و بریقەداربن، بەڵام دیارە کەوا هەندێکیان لەوێ لەو وڵاتە نوێیە تازە دامەزراوە گومبوون، ڕەنگە ئێستا نەوەکانیان لەناو کۆنە دەفتەرەکان بگەڕێن و بە ناوی سەرمایەگوزاری، یان بە هەڵبەستانی نازناوە کۆنی باپیرەکانیان، دەیانەوێ بگەڕێنەوە و شانازیی بەو ئاگرەی پیرەمێرد بکەنەوە و نازناوە کۆنەکەیان لێ بوویتە کێشە، نازانن و سەرسامن و خۆیان بۆ ئەوە هەڵگرن سبەینێ مافەکانیان لەناو قەوارەی یەکێتی ئەوروپی کەسایەتییەکەیان نافەوتێت، یان لە وڵات و لەبەردەم کافتریای وەزارەتەکان بمینێنەوە، تا بتوانن سەرە بیرێکی کاسبی بە دەرزییەکانیان هەڵکۆڵن و پەشیمان و داماو نەگەڕێنەوە کۆڵانە باریک و بۆندارەکانی ئاستنبۆل.

( قوربان، تۆ لەگەڵ مندا ماویت؟).

(قوربانتم، ماوم، بەڵام دەبێ ئێستا بڕۆم، دەچمە سەر کار، بەڵام دیارە کەوا تۆش خەریکی بەفر و ئاگریت، نازانم من بەفرەکەم یان ئاگرەکەم، منیش خۆم ون کردووە، قوربان دەبێ بڕۆم، بای! هەر کە هاتمەوە دێمەوە ناو فەیسبوکە حەیاتەکە، بای!).

لە پەنجەرەکەوە لێم دیاربوو، ئەو ژنە باش خۆی پێچابوو، دیسان بەژنی داوەتە بەر بەفر و رووی لە بەفرە نەرمەکە کردووە، هەنگاوە ماندووەکانی بە هیواوە دووردەخستەوە، بەڵام لەلای من نزیک بوو، دەمزانی دەگەڕێتەوە، گەڕانەوە لە رۆیشتنەوە دروست دەبێت، ئەو هەر دێتەوە! من دەزانم دێتەوە!

ئەو ژنە خۆی بۆی گێڕامەوە وتی:

ئەوان هەموو دەرگاکانیان بەرووی مندا داخست. هەموو پەنجەرەکان بە تەم گیرابوون، بواری دەرچوونی دووکەڵی ئاگردانەکەشم نەمابوو، بە دەستی بەفرەوە لە دەرگاکانم دەدا، خۆم بە بەفر بەستاوە و بەناچارییەوە و لەسەرمانا بەفرم پۆشی، زۆر بە ئازار و بە فرمێسک و چاوەڕوانییە گەرمەکانم بەردەوام بەفرم بۆ گەرمبوونەوە و دۆزینەوە و دروستکردنی خۆم لەناو هیوا و نائومێدییەکی رەش دەتاواندەوە و یاریشم بە سەرماکە دەکرد، هەر من وا نەبووم خەڵکی ئەو دەڤەرە لەگەڵ ورچەکان گاڵتە بە سەرما و بەفر و شەوی درێژ و رۆژی زۆر کورت دەکەن. هەموو گەرمی کارگەکانی چین و کۆریا و ئەمریکا و بەرازیلیش پیسبوونی ژینگە و زۆربوونی سەرژمێرییەکەی وڵاتی چین و هیند و کەناری غەزەی بەشە دابڕاوەکەی فەڵەستینیش نەیانتوانی گەرمییەک بەو ژنە داماوە بدەن و تا زوو و باش گەرم بێتەوە. یان ئەو خۆی گەرم بوو؟ بۆیەش من هەتا لەبەرچاوانم دیاربوو دیتم، باشم لێوە دیاربوو بەگەرمییەوە دەڕۆیشت.

ئەو خۆی زۆر باش پێچابوو، ئەو وڵاتە جلوپۆشاکی گەرمی دەوێت، ئەگەر خۆت چاک داپۆشی سارد نییە و سەرماش لەو ناوە نییە، ئەگەرنا سەرما دەچێتە بن نینۆکی پەنجەکانی دەست و پێیەکانت، دەگاتە مووخی ئێسکەکانت، سەرما سەبر سەبر دەگاتە ئێسک و دەمار و لێو و سەری کەپووی باریک ئەگەر وەک خونچەش بێت، ژنەکەم لێ دیاربوو دەرۆیشت و بەفر لەگەڵ هەنگاوەکانی ئەو دوور دەکەوتەوە و رێگایان بۆ خۆش دەکرد. سەد جار بەداخەوە کە سەرما و بەفر هەموو جوانییەکانی ژنان دەشارێتەوە، بەڵام هەندێ جار بسکە قژێک، دوو نینۆکی بۆیەکراو، لەنجەی ماندووی سمتێکی ناو بەفر بۆ جوانی نیشان دەدات. ژنەکە دوورکەوتەوە و لە پەنای ناوی یەکێکی تر و لە وڵاتێکی تر و بۆ مەبەستێکی تر، بینیم سووڕایەوە و لەگەڵ ماڵپەڕێکی هەواڵ و دیمەنێکی رووتی کلیپەکەی مژدین سالحی یاخی، ئەگەر هەموو یاخییەکانی ئەو مێژووە تاریک و خەڵووزیی و تەماویی بن، ئەوە یاخیبوون و تووڕەبوونەکەی ئەو رووناکی و چرا بوو، لەو گۆشەوە ئەوم ونکرد و دیار نەما!

ئەو چۆن دەگەڕێتەوە، چۆن لەو وڵاتە دەڕوات!؟ ئەو لە لابردنی یەکەم بەردی سەر دیوارەکە، دەستی ئەویشی لەگەڵدا بوو. ئەنجیلا میرگل، ئەودەمانە لە باستووی گەرم و هەڵمی پەمبە بوو، ئاگای لە هیچ نەبوو، لەوێ لە باستووە تەماوییەکە جەستە سپییەکەی نەرم دەکردەوە، لەوێیەوە گوێی لە دەنگی غەڵبە

غەڵبێک ببوو، وەک چاوەکانی شارەکە هەژانی دیوارەکە شانی ئەویشێ تەکاندبوو، بەڵام ئەو بوارەکەی دەگۆڕێت، حەزی بە دیوارەکە نەدەکرد. کڵێسا و مادەکانی فیزیاش زۆر بایەخیان بەو دیوارە نەدابوو، دەچێت دوور لە دیوارەکە گلاسێک بیرەش فڕدەکات. بەڵام ئەو ژنە وەک خەڵکەکەی بەرلین، دەستەکانی ببوونە دەمی شۆفلێک و لەگەڵ ئەڵمانەکانی هەردوو بەرەکە دیوارەکەی کونبەدەر دەکرد، ئەویش بە رۆح و بە شادومانییەوە لەوێ بوو، سەربردەکەی پێ شانازی بوو، بۆیە دەزانم ئەو ژنە دەگەڕێتەوە ناو فەیسبوکەکە، ئەو ناڕوات دیوارشکێنە و زووش دێتەوە.

ژنەکە هاتەوە، بە نووسێنێکی بەژانەوە هاتەوە، دێڕەکانی بن دەستی تەڕبوون، خوێنی گەرمیان لێ دەهات، من خوێنەکەی ئەوم زوو هەست پێکرد، بینیم نەرم نەرم وەک کاروانی مێروولە لە پەنا دەمارێکی لاواز خوێنەکە دەرچوون، بینیم کە دەینووسی:

ئەو پیاوەی من بۆی کرابوومە بووک، ماوەی شەش مانگ چاوەڕوانی مۆڵەتی ئیقامەکەم دەکرد، کە گەیشتمە لای ئەو وەک بەفرەکە ساردبوو، من بۆی رووت بوومەوە، ئەو جلەکانی پێ لەبەردەکردمەوە، من دەمویست گەرمم بکاتەوە، ئەو ساردی دەکردمەوە. ئەو بەراستی کوڕێکی نامۆ بوو، هەرگیز دڵی نەکردەوە، دەستی نەکردەوە، چاوی بەلای مندا وەرنەدەگێڕا، من کیژێکی تێنوو، سەرمابردوو، ئەویش کوڕێکی کالفامی سادە و کەمدوو، بەڵام دوایی بۆم دەرکەوت، کەوا ئەو منی خۆشدەوێت، بۆیە نایەوێت لە شەوی یەکەمدا ماچم بکات، بەستەزمان بوو، نەیدەویست ئەو شەوە و شەوی هەر سێ ساڵەکە من بکاتە ژنی خۆی، دەستی دەکردمەوە، باڵی بۆ فڕین درێژ دەکرد، تەقەڵی دەنووکی کردمەوە تا زادێک لەو بەستەڵەکە ساردە بدۆزمەوە، ئەو منی خۆشدەویست، بۆیە هەرگیز ماچی نەکردم، منیش ئەوم خۆشنەدەویست بۆیە دەمویست بە گەرمی بۆ رەحەتبوونی خۆم زۆر ماچی بکەم.

ژنەکەی ناو فەیسبوکەکەم ناو ناوە (کازیوە)، لە وێنەکەدا دیاربوو کەوا چاوێکی خەمگینی ماندووی هەیە، برۆ و پێڵووەکان ئارامی دەکەنەوە، لە چاوەکانی ئەو ژنە مێژوو و شار و هێز وەک داربەڕووەکانی خۆمان رەگیان داکوتاوە، نەک ئەو دارانەی ناو ئەو دارستانانەی بەژنیان زۆر بەرز هەڵکشاوە بەڵام رەگیان دانەکوتاوە، لەگەڵ زریانەکان ئەو بەژن و قەدە گەورانە بەئاسانی وەردەگەڕێن، بوارەکان دەبڕن، دارەکانی تریش سەخڵەت دەکەن، دیارە رەگەکانیان لە قژی ژنانی ئەو وڵاتە دەچێت کورت براون، نەرم و شل وەک ئارمووش هاتوون.

هەر کازیوە نەبوو سەفەری کرد و لە وڵات دوورکەوتبووە، یان حەزیان بە ڕۆیشتن کردبوو، من و هەزارەها کەس و بنەماڵەی تریش بە هەموو قناعەتەوە ڕۆیشتن، دیارە کەوا لەو پەنجەرە گچکەیەی فەیسبوک خەڵک چەند دوورکەوتوونەتەوە، چەند دوور ڕۆیشتوون، وەک بانگەوازی فڕێدراوی فڕۆکەکان بوون، کە ماوە ماوە فڕۆکەکان لەو شارە و لەسەر ئەو شاخانە بە بار هەڵیدەڕەشتن، نەرم نەرم و بە سەماوە دادەبەزین، بەڵام زۆر کەم لە شوێنی مەبەست دەکەوتنەوە، زۆریان بە دڕکەکان وەدەنووسان، لەسەر قووڕی تەنیشت گۆمەکان نەرم و شل دەبوونەوە و دێڕە نووسراوەکان ڕەش دەبوونەوە، دەکەوتنە بەردەستی ڕێبوارێکی نەخوێندەوار، مناڵەکان دەیانکردە کۆڵارە، شوانەکان ئاگری چالێنانەکەیان پێ گەرم دەکرد و زۆریان دەبوونە بەرگی دڕی ئەو دەشتانە، یان لەسەر لقی دارێکی بەرز دەگیرسانەوە.

مناڵ بووم لە سەربانەکەمان لێمان دیاربوو فڕۆکە بەرزەکان، لەناو هەورەوە گوندەکان و شاخەکانیان کاغەزباران دەکرد، کاغەزەکان بە باڵەفڕە و بە تەنگاوییەوە دەهاتنەوە ناوشار، ئێمەش بە هاندانی گەورەکان، بە هیوای دۆزینەوەی دێڕ و وشەکانی سەر کاغەزەکان بەپەرۆشەوە غارمان دەدا، تا یەکێک لەو بانگەوازانە هەڵبگرینەوە، دوور دەرۆیشتین، لەگەڵ ئاسمان شەڕمان دەکرد و دەستمان دەبردە ناو سینگی ئەو، تا زوو و یەکەم کەس کاغەزێک بگرینەوە، رامان دەکرد، بە دوای ئەو کاغەزانە پەرۆش بووین. ئەو کیژەش، کازیوەی ناو فەیسبوکەکە بە دوای ئەو کاغەزانە رایکردبوو، منیش هەر بە دوای فڕینی ئەو کاغەزانەوە دووبارە رامکردەوە، بەڵام ئەوجارە زۆر دوور ڕۆیشتین بە غاردان و بە ترس لەسەر سنوورەکانەوە دوور ڕۆیشتین، ئەو لەبەدبەختی خۆیەوە دەکەوێتە ناو گۆمێکی لێڵ و زۆر شێلوو، کەوتە بەر لێزمەیەک لە خەم و پەراوێزبوون. پارچە کاغەزێکی کەوتبووە دەست، بەڵام بۆی نەدەخوێندرایەوە، بانگەوازەکەی ئەو بەرەواژ چاپکرابوو، وێنەیەکی جوان بوو، ئاوێنەیەک بوو، دیمەنەکەی بەشێلوویی نیشاندابوو، لە هەڵگرتنەوەی وێنە و کاغەزەکان شانسی نەبوو لە جانتاکەی دەستی و لەگەڵ ڕەنگی پۆشاکەکانی، لەگەڵ بەفری نزیک دیوارە پلاستیکییەکەی شوقەکەیان، بووە قەوزە و تارمایی.

ئەو کاغەزێکی فڕێدراو نەبوو، لە فڕۆکەیەکی سەربازییەوە فڕێ نەردابوو، بەڵام ئەو رووی بە کاغەزێکی فڕێدراو گیرساوەتەوە، زووش کراوە بە کۆڵارەیەکی بێ فەنەر و دارشکاو، کەوتبووە بەر پەنجەرەیەک، بە بەردێک وەنووسابوو، نیوەی کەتووتە بن خۆڵ و پیتەکانی ڕەش بوونەتەوە.

***

3

کیژەکە دڵی بە بەشی شانۆی پەیمانگەکەیان خۆش بوو. ئەو دەیووت، ڕۆژێک دێ لەبەر خەڵکی ناتوانم لەسەر شەقام و پێچی کۆڵانەکان بڕۆم، هەموو دەمناسنەوە، ناوم دەکەوێتە سەرزاران، کیژی زۆرم بەناو دەکرێت، ناوم بەڕێکەوت لە دەمی کەسێک دەردەچێت و دەبێتە ناوی مۆدیلی ئوتومبێلێکی نوێ، کەسی دووەم لە تەلەفۆنەکەی بە یەکێکی تر دەڵێت، لە جیاتی مۆدیلەکە ناوی من دەڵێتەوە، ئەویش بە یەکێکی تر، هەر ئەو شەوە شارەکە هەموو ناوەکەی من لە یەخەیان دەدەن، منداڵەکانیان ناوەکە دەبەنە مەکتەبە تایبەتییەکان، دایکیان بە میوەفرۆشەکەی کۆڵان دەڵێت، ناوم بڵاودەبێتەوە. من ڕۆژێک دێ باش دەناسرێم، چونکە شەوانە من لە زەنجیرەکانی تەلەفزیۆن دەبینن، یەک مانگ کیژێکی مەکربازم و کوڕێکم خۆشدەوێت و خۆی لێ دەشارمەوە و دەیسوتێنم، بە بەردەرگایان دادەچم و ئاوڕی لێ نادەمەوە، بەو دیمەنانە کوڕەکانی هەموو شارەکە دەکەمە دوژمنی خۆم، کێژێکم دژایەتی کوڕانی برسی شارێک دەکەم، نانێکم هەموو دەمکڕن، ئاوێکم هەموو دەخوازن لە کانییەکەم تێنوویەتی بشکێنن، من بەو درامایە دەبمە ئەکتەرێکی ناودار و هێشتا چوارەم ساڵی خوێندنەکەم تەواو نەکردووە، دەبمە سێ ژمارەی یەکەمی ژمارەی تەلەفۆنەکان، دەچمە ناو گیرفانەکان، لەسەر مێزەکانی دائیرەکان دادەنێرم، بە لێدانی ژمارەکان هەموو دڵەکان خورپەم بۆ دەکەن، من کیژە ئەکتەرەکەی دوارۆژم و زوو زووش دەرهێنەرەکەش پێم دەڵێت، ڕەنگە باش بێزاربوویت، شەوانە تۆ یەک کەسی و نموونەی ژیانی یەک تاک نمایندە دەکەیت، بەڵام ملیۆنەها چاو سەیرت دەکەن، وەک ئەستێرەی شوانەکانی دەشتی دوور لە جۆخینەکان، وەک مانگی جەژن ئەبلەق سەیر دەکرێت.

ئەوان دەقەکانیان دەدایە دەست و چاو و باڵای بەرزی ئەو، نووسینەکە بە بەژنی ئەو دەدورا، ئەکتەرەکانی تر ئەوانەی ئەزموونیشیان لەو کەڤنارتر بوو، لەسەر ئەو ڕۆلە شەڕیان بوو، تا کامیان بە ڕووی ئەو بوەستن، کوڕە باڵابەرزە چاوڕەشەکە خۆی بە تەریبی ئەو دەبینی، ئەوەی لە دەرەوە گەڕابووە و لە هانۆڤەر درامای خوێندبوو، دوو سێ جاریش لە شانۆ گچکەکەی شارەکەیان بۆ بیست سی کورد شانۆی نمایش کردبوو، ئەو بە دەرهێنەرەکەی وتبوو، ئەگەر من ئەو کەسە نەبم، ناتوانم بەشداریتان بکەم.

ژنەکە بە کۆمێنتی لاپەڕەکەی فەیسبوک بۆی نووسیبووم:

بەیانیان کە دەچوومە دەرەوە، زووتر لەبەر ئاوێنەکەم بەزمێکم دەکرد، پێم دەووت، ڕوومەتم گەشترە تۆ بێگەرد نیت! کارەبا نیشتیمانییەکەمان کزە، پەنجەرەکان لە ترسی گەرمای ئەو هاوینانە خۆیان چەماندوتەوە، بۆیە ڕووناکی کەم و باریک و لە کونی دەرزییەک دەکەنە ئەو ژوورەوە، ئەگەرنا من لەوە جوانترم! من لە وێنەی سەر ئاوێنەکە گەشترم، چاوم، برۆم، کە ئاوڕێکی پشتەوەی

خۆم دەدایەوە و سەیرێکی سمتی خۆم دەکرد، هەستم بە بەرزی و بە نەرمییەکەی دەکرد، ئەوەش هەوەستی دەدامێ. من کەم دەردەکەوتم، بەڵام زۆر باسیان دەکردم. ژیانم لەگەڵ خەڵکەکە و شانۆکە و چاوی شار و پۆلیسی سەیتەرەکان و دەستفرۆشەکانی سەری کۆڵان ئەو کوڕە کە پارەی کارەبا ساردەکەمانی دەنووسی راهاتبووم، هەندێک لە خزمەکان تووڕەبوون، نەهاتنەوە، زۆریش بۆ دیتنی من هاتنەوە، چەند دوورکەوتنەوە دوو سێ ئەوەندەش نزیک کەوتنەوە، شوفێرەکانی تاسکی بەبێ ئەوەی تاسەی بەرزیش لەبەر دەرگامان کرابێت سەبریان دەکرد، کە دووریش دەکەوتنەوە چاوێکیان هەر لەسەر ئاوێنەکەبوو، بەو چاوە نووسینەکانی پیشتەوەی خۆیان دەبینی، کە تێدا هەستی راستی خۆیان بە دوو وشە، یان بە یەک وشە تێدا بە بۆیە و هێڵکاری دەربڕیبوو. ستارەکانی بەرامبەرمان ئەگەر جاران بەرزبوون بۆ دیتنی من نەوی دەکران، قوماشفرۆشەکان تۆپی قوماشی رەنگی زۆر کراوەیان بۆم دەکردمەوە، من ببوومە کیژە نازدارەکەی سەر بەرگی گۆڤارەکان، کوڕە گەنجەکان بۆ دیمانەم زۆر دەهاتن! بەیەکجار بەشدارکردنم لە یەک زەنجیرە تەلەفزیۆنی، چەندین داوەتم ئاراستە کرا، لە دۆبلاژەکانی کەناڵە لۆکالەکان بە تەلەفۆن خۆم و ماڵەوەیان هەراسان کردبوو، لەبەر چاوەکانم وەک ئەوان دەیانووت بۆ ریکلامیش بەرنەدەکەوتم.

(ببوورە تەلەفۆنەکەم زەنگی لێدا، رەنگە لە داینگە داوام بکەن، چونکە بەیانی کوڕەکەم کەمێک لووتی تەڕبوو، رەنگە بڵێن وەرە بیبەوە نەخۆشە، با بچم!).

(قوربان، فەرموو هیچ نییە ئینشالا، سەلامەت دەبێت).

من زۆر بیر لەوەدەکەمەوە دوو سەد ساڵ یان زووتریش، ئەو خەڵکە لەو وڵاتە لەناو ئەو بەستەڵەکە چۆن ژیاون، ئەوانە چۆن توانیان ملیان لە گوریسی کلێسا و دەستی بە زەبری قەشەکانی ناو کۆنە کتێبەکانیان دەرباز بکەن. ئەوانە چۆن توانیان کەناڵێکی ئاو بە درێژی زۆرتر لە سەد و نۆهەد کیلۆمەتر دروست بکەن، بە پانی وڵاتی سوید، وڵاتەکە بەیەکەوە بە ئاوێکی باریک ببەستنەوە، زۆرتر لە پەنجا و چوار (سلوسن)یان بۆ پەڕینەوەی بەلەمەکان بە ئاو بەرزکردنەوە و بوارخۆشکردن دامەزراندوە. خاکی ئەو وڵاتە بەرز و نزمی زۆرە، ئاوی زۆرە بەڵام بوارێکی گەیاندنیان لەبەر بەرزیی و نزمییەکە سازکردووە، ئەوان لە سەدەی شازدەهەمەوە بیریان لەو کەناڵە کردووتەوە، پاشاکان کە شەڕیان کردووە و کە لەناو کۆشکەکانیش ململانێیان بووە، خەمیان لە تەواوکردنی کەناڵی (گووتا) کردۆتەوە، ئەوان بەو کەناڵە ئاوییە کۆنەیان وتووە یووتا کەناڵ.

(قوربان دیارە چاوەڕوانیت؟).

(چۆن چاوەڕوان نەبم، وام لێهاتووە تۆ هەموو دەم هاوشانمی، با قسەیەک بکەم؟).

(بەڵێ قوربان!).

(دەڵێم من ناوەکەتم لەناو لیستی ناو و ژمارەی تەلەفۆنەکانی وڵات دۆزییەوە، ئێستا ژمارەکەم لێداوە، بەس ماوە سیگناڵ بنێرم، چ دەڵێیت قسەکان بە تەلەفۆن تەواو بکەین؟).

(نەخێر، ناتوانم!).

(بۆ ناتوانیت؟).

(لەبەر ئەوەی من ژنەکەی ناو فەیسبوکم، نەک ژنەکەی ناو تەلەفۆن!).

(راست دەکەیت، قوربان!).

***

**4**

یەکێک ناوەکەی بە شەش کەس لە ژێرەوەی ریزبەندی ناوی ژنەکەی فەیسبوک بوو، یەکسەر هەموو رێسا و تەکنیکەکانی فەیسبوکی شکاند و دیالۆگەکەی منی لەگەڵ ژنەکە پچراند، ئەویش لەگەڵم بەشداری گێڕانەوەی سەربردەی ژنەکەی کرد، پیاوەکە وتی:

(سڵاو، دیارە بەزمت گەرمە لەگەڵ ئەو ژنە؟).

(چۆن!).

(من ئاگاداری هەموو قسەکانتان بووم، گوێم لێبوو، هەستم دەکرد، دەستم لە پیتەکانی نووسینەکانتان دەدا، سۆزی قسەکان پەنجەکانی دەتەزاندم، بۆیەش دیالۆگەکەم لەلای خۆم کۆپی کردەوە، کۆمێنتەکان دیارن، ئەو نامانەی بۆ یەکتری دەنووسن من دەیانبینم. پێش ئەوەی دەرگای پەلاتینی ژوورەکەی فەیسبوکەکەتان لەناکاو لەسەربکەمەوە و بەیەکەوە بتانگرم، ئێوەم لێوە دیاربوو، من دەمزانی بەو درەنگە شەوە چیتان دەکرد، ژنەکە چۆن باسی شەوی یەکەمی ساردی لەگەڵ مێردەکەی دەکرد، دێڕی لاپەرەکانی بەنەرمی و بەخاڵبەندییەوە دەگێڕایەوە، ئەو جووڵەکانی ئەو شەوە و شەوەکانی هەفتەی یەکەمی دووبارە دەکردەوە، بە دەست و بە زمان و قاچەکانی، دەمبینی، ئەو دەیووت، پیاوەکە زۆر ساردبوو، من ماوەیەک بە دوای تاران و گەڕانەوە و ئینتەرڤیوو بووم تا بگەمە لای ئەو، تا بزانم شەوی یەکەم وەک چۆن دەستەخوشکەکانم بۆیان گێڕابوومەوە ئەوا گەرمە، تاوانەوە و دووبارە لە قاڵب دەدرێیتەوە و دەبیتەوە شلەیەکی نەرم، خاو، لەو شەوەدا جەستە شلەکەت دەبێتە هەڵم، هەڵمەکەش دووبارە شلە و شلەکەش دەبێتە جەستە رووتەکەم و دووبارە بۆ ئەو بەگەرمییەوە دەتوێنەوە).

منیش بە تووڕەییەوە وتم:

(کابرا، لێرە راوەستە، کە هەمووت دیوە بۆچی بۆم دووبارە دەکەیتەوە؟ من ئەوانە تۆمار دەکەم، هەموویان دەنووسمەوە، بڵاویدەکەمەوە).

(ئەو ژنە بە تۆی وت، من بەهیوا بووم ببمە ئەکتەرێکی سەر تەلەفزیۆنەکان، لەگەڵ دەرهێنەرەکان قسەم کردبوو، بە سوپاسەوە و زۆریش مەمنوونیش دەبوون، من کاریان لەگەڵدا بکەم، نەک تەنها کارکردن، رەنگە لە داهاتووش شوو بە دەرهێنەرێک بکەم، بەڵام ژنەکە زوو ترسی ئەوەی هەبووە، رەنگە شووی بە کەسێکی ئەو بوارە کرد، لە هونەر دووربکەوێتەوە).

***

دەرهێنەرەکە دەفتەرێکی گچکەی گیرفانی هەبوو، بۆ هەموو کارەکانی دەفتەرێکی تایبەتی دادەنا، زۆریش لەناو دەستی دەمایەوە، لە گیرفانی دەئاخنی، لەگەڵ زۆری دەرهێنان و کە تووڕەش دەبوو لوولی دەدا، دەفتەرەکە لەگەڵ تەواوبوونی کارەکانی پرۆڤە و دەق لەبەرکردن و وێنەگرتن و بۆند ئیمزاکردن لەگەڵ ئەکتەرەکان موزیکسازەکە و دەنگی سترانەکە و کاری زۆر زەحمەتی بودجەکە دەفتەرەکە دەگەچرا و دەرزایەوە.

لەو دەفتەرە و ئەو چەند دێڕەی کە دەخوێندرانەوە، نووسرابوو کەوا ئەو کیژە، واتە ژنەکەی ناو فەیسبوکەکە، ئەکتەرێکی لێهاتووە، من و ئەو قایشفووتەی کە هەندێجار دووری کامێرا و ئەکتەرەکەی پێ دەپیووم، بەپەلە دەمدایە دەستی ئەو، ئەویش بە وریاییەوە لەناو جانتاکەی دەنایەوە، کە داوام دەکرد، کە سەیری دەستی ئەوم دەکرد، ئەو لەناو جانتاکەی لە قایشفووتەکە نەدەگەڕا، یەکسەر دەستی درێژ دەکرد و شتەکەی دەردەهێنا، دیارە کەوا ئەکتەرێکی بە دیقەتە، بڕوام بەو هەیە زوو خۆی لەبەردەم کامێرا دەدۆزێتەوە و گۆشەکەی بەر کامێرا تاریک ناکات، ئەو کیژە دەبێتە ئەکتەرێکی دیار و وردکارە. ئەو چاوی چەند جوانە، ئەوەندە جوانی دەبینێت، ئەو دەستە دەبێتە کابان و دەستی لەگەڵ وردکردنی سەوزە نابڕێت، دەستی لەسەر ئاگر ناسوتێت، ئەو دەستە گەرم و کراوە دەبێت، دەستی ئەو کیژە دەگاتە دوور و بە بەرەکەت دەکرێتەوە.

ژنەکە نووسیبووی لە یەکێک لە دیمانە بەردەوامەکانی نێوانمان کە کاتی دیار نەبوو، شەو و رۆژی نەبوو:

من بەوم وت، منداڵێکم بۆ دروست بکە، ئاوسم بکە، ئەو شەوە درێژانە خەریکم بە، ئیش بکە با منداڵێک لە پارچە گۆشتێکەوە پەیدا بێت، ئاوە سپییەکانمان بکە بە پارچە ئاوێکی سووری پەیت، بیکە بە مرۆڤ، ئەگەر شەوەکان گەرمی نەکردمەوە، بەڵام ئەو منداڵێکی بۆ ئەو شەوە ساردانە بۆم پەیدا نەکرد.!

ئەگەر منداڵێکم هەبووایە دەستم لەسەر سەری دادەنا، تا بزانم سەری گەرم یان وەک رۆحی باوکی ساردە، دەستم لەسەر دڵی دادەنا، دڵی بۆم دەکەوتە سەما و ترپەکەی ئەو وەک ترپەی باوکی نەدەبوو، بە لێدانی دڵە گچکەکەی من دڵم گەورە دەبوو، ئەو منداڵێکی لەو هەناوە بۆشەی من چاندبووایە، کە ئەو ئامێزی ساردی کردم، ئەو گەرمی دەکردمەوە، ئەو دەیکردمە خۆر و ئاگردان. ئەگەر

کوڕێکم هەبووایە ناوم دەنا (باران)، ئەگەر کیژێکم هەبووایە هەر ناوم دەنا (باران).

منداڵ بووم، بۆ ڕاگرتنی دڵۆپەکانی بارانی ژوورەکەمان، نەک دڵۆپەی ئەسرینی چاوی ئەو ژنە داماوەی بەر بەفر و سەرمابردووە، منیان دەنارده سەربانە قووڕییە یەک ژوورەکەمان، شەوانە من بە قاڵدرمە لارە سواوەکە بەترسەوە سەردەکەوتم، سەرکەوتنم ئاسان بوو، بەڵام هاتنەخوارەوەم زەحمەتربوو، ئەو بووکەش کە هاتووتە ئەو وڵاتە ئاسان بوو، بەڵام گەڕانەوەی بۆ باوەشی دایکی و دەربازبوونی لەو دووفاقە ترسناکە زەحمەت بوو. من لە سەربانەکە بەپێخواسی بانەکەم دەگێڕا، دەرز و شەقارەکانی سەربانەکەم لووس دەکرد، بوارم ساز دەکرد ئاوەکە بەرەو سوڵاوکەکە بڕوات، خۆشی سوڵاوکە نەبوو پارچە تەنکەیەکی ژەنگاوی کورتی لاری شکاوبوو، تەنها ئاوەکەی کەمێک لە دیوارە سواخدراوەکە دوور دەستەوە، تاڤگەیەک بوو ئاوەکەی لە دیوارە خشتە بەرینەکە دووردەخستەوە، باران منی تەڕ دەکرد، فرمێسکیش چاوەکانی ئەو ژنەی سوور دەکرد، کە ئەو لە فەیسبوک دڵی خۆی دەکردەوە، ناوەکەی ئەوم دەزانی، دەمزانی ژنێکی ئازابووە، ئەو توانیبووی لە کەوتنی ناو بەفرا هەڵسێتەوە، منیش بە خەشەخش لەسەر قاڵدرمە شووشەیی قووڕەکە دەهاتمە خوارەوە.

من لەسەربانەکە دەمامەوە تا دەنگیان دەدام کەوا دڵۆپەکردن و تکەکانی نەدەما، تا قاپە مس و فافۆنەکانیان لەبەر دڵۆپەکان هەڵدەگرت، من دەمینێمەوە تا ئەو ژنە هەموو گەرمی سووتانی دڵۆپەکانی چاوە ڕەشەکانی بۆم هەڵدەڕێژێت، تا ئاسنی هەناوی سارد دەبێتەوە، تا دەزانم ئەو چۆن گەیشتە ئەو ڕۆژە. لەو شەوانە و لە بارانە زۆرانەی ئەوساڵانە کەس لەو ڕووبەرە دیارانەی بەر دڵۆپەکان جێگای ڕانەدەخست، فانووسە شووشە شکاوەکە، ئەوەی هەر منیش بە پارچە شریتێکی قەدکراوی ناو کتێبەکانم پارچە شکاوەکەم ڕاگرتبوو، لەوێ دووردەخستەوە، تا دڵۆپەکان بەئاسانی ژوورە قووڕئاوییە وەک سەربانەکە هەنجن هەنجن نەکات قاپەکانمان لەبەر دڵۆپەکانەکان دەگێڕا و کە قاپەکان بەشی ژمارەی دڵۆپەکانیان نەدەکرد منیان تەنگاو دەکرد، خۆشم هەراسان دەبووم، ترپەترپەکان ترپەی ژیانی دڵ نەبوو، کە ئێستا هیوای بۆ دەخوازم و بەترسەوە بەسامەوە گوێی بۆ ڕادەگرم. منیش بەدیار کۆمێنتەکانی ئەو ژنە دەرکراوە دەمینێمەوە، قەتیس دەگرم، تا بزانم هەموو ژانەکان ئاخ و حەسرەتیان لەگەڵ بووە. شەوانە تا درەنگ بەدیار دڵۆپەکان بەردەبمەوە، شانم دەشکێت، ڕەنگە شەرمەزاریشم بەربکەوێت، ڕەنگە لە گەڕانەوەم لەو سەربانە لووسە تەڕە بەسەر ئەو قاڵدرمە پایە سووەکان بەریش ببمەوە، تا بڵاوبوونەوەی ئەو نووسینەش کەس ئاگای لە من نەبێت، کەس نەبێت دەستی شکاوم، ملی شکاوم، گۆزینگی دەرچووم بهێنێتەوە. نووسینەکە ئیشی زۆری دەوێت، گێڕانەوەی ئەویش

دڵۆپەکانی قۆرتەکان زۆرتر دەکات، ژوورەکە دەکاتە سەربانەکە، بۆیە دوور نییە هەر کەسە لاحەسیرەکە و شڕە پێخەفەکە راکێشێتە گۆشەیەکی تر، بچێتە ژووریکی تر هەتا بچێتە بەربارانەکە، یان تووڕە بێت، خۆیان بگەنە سەربانەکە و بەتوندی قووڕەکە بسونەوە، بەناو لەپەکانیان، بە پشتی دەستیان دەرزەکان پڕبکەنەوە، با چیتر دڵۆپە نەکات!

ئەو پیاوەی من لە ئینتەرڤیووەکەی سەفارەت بە هاوسەری خۆم ناساندبووم، ئەو پیاوە، نەک ناوەکەی هاتووتە ناو گوێم، نەک هەر لەسەر زمانمە، ناوەکەی ئەو گەیشتووتە بن پێستم، لەبن پێستم دەخولایەوە، ببووە دەمارێکی تر لە هەموو دەمارەکانی خوێنم درێژتر، لە هەموویان ئەستوورتر، دەماری ئەبهەرە و دەگاتە دڵم و درێژە دەگاتە نزیک و ناخی گەرم و بەجۆشم. من کە ئەو قسانەم دەکرد، وەرگێڕەکە دوایی وتی، من ئێرەیی بەو سۆزەی تۆ دەبەم، من دەزانم ئەو قسانەت نەشکردبووایە، ئاسایی بوو، بەڵام دیارە لە سۆزەی راستەقینەت دەرچووە، دیارە کەوا تۆ کارەکتەرێکی شانۆیی نیت و ئەو قسانەشی نەدەویست بەڵام تۆ ...

دەبووایە ئەو لەگەڵ مندا گرێ درابووایە، ئەو دەیتوانی منداڵێکم لە باوەش بگرێت. لەورۆژانە ئەو سکە بەکەڵکم دەهات. مانگ بە مانگ دەستم پێی دادەهێنا، گەورەم دەکرد، شیرم زۆر دەخواردەوە، لەبەرچاوی ئەو خەمم لە رۆژە رەشەکەی خۆم نەدەخوارد، لەبەر ئەو خۆم دەدایە بەر خۆرەکە تا ئیسقان و پێستی ئەویش توند بێت. ئەگەر منداڵێکم هەبوایە، لەو شارانە رێگای بۆ خۆش دەکردم، منی دەپاراست، ئەوەندە بەخۆپاراستنەکەم ماندوو نەبووم، ئەوەندە ناوم نەدەهات، ئەوەندە هەستم بەتەنهایی نەدەکرد، ئەوەندە سەرمامم نەدەبوو، یەکێک هەبوو لە ئامیزم بخەوێت، یەکێک منی دەخەواند و منیش یەکێکم هەبوو بە سووتانەوە دەمخەواند، من ئەوم نان دەدا، ئەوم دەشووشت، ئەوم تووڕە دەکرد، ئاشتم دەکردەوە، بۆی دەگریام، بۆم نەخۆش دەکەوت، منی دەبرد دکتۆرەکە. بەڵام ئەو هەفتەی یەکەم، مانگی یەکەم، جاری یەکەم دەستی بۆ نەهێنام، چەندی کردم، بەڵام من منداڵێکم دەویست، بۆیە وازم نەهێنا دانم بۆ دانایەوە، تۆڕم لەبن خۆڵ بۆ شاردەوە، بەڵام ئەو هەموو شتێکی کرد، بەڵام ئاوسی نەکردم!

***

## 5

ئێستگەیترێنەکە تەنها یەک کورسی ئاسنی بەدار بەستراوی رەقی تێدا بوو، باشم لەبیرنەماوە، یان هەر لەبیرم نەماوە، چونکە هەر ئەو جارە بوو ئەو ستێیشنەم دیت و بڕایەوە، ناوی ئێستگەکە چی بوو، بە کام رەنگ لەسەر تابلۆکە نووسرابوو، دیارە تابلۆی ناوی ئێستگەی شەمەندەفەرەکانی هەموو وڵاتەکان، مەبەستی تابلۆی پێناسەکردنی ئێستگەکەیە، بە یەک رەنگ و بە یەک فۆنت،

لەسەر یەک شێوە رووبەر و بە یەک قەبارە و لە یەک شوێن و شێوە دانراوە، واتە ناکرێ لەسەر تابلۆیەک بنووسرێت، ئێستگەی وەستان بۆ نموونە (دارە بەرزەکە)، لە ئێستگەیەکی تر بنووسرێت، خاڵی وەستانی (دارە بەرزەکە)، یان شاری ... هەموو تابلۆکان تەنها یەک ناوی لەسەر نووسراوە، پیتەکان و فۆنتەکان و رەنگەکان و شوێنی هەڵواسینەکان، رووبەر و کەرەستەکە و ئاراستەکە و بەرزییەکە هەموو لەو وڵاتە گەورەیە وەک یەکە.

ئێستگەکە شەریتێکی چیمەنتۆکراوی تەسک بوو، دوو فارت بوو، فارتی ژمارە یەک و فارتی ژمارە دوو، بۆ سازکردن ئەو ئێستگەیە رووبەرێکی زۆرتریان دار بڕیبوو، بەڵام کۆشش کرابوو، کەمترین رووبەر ساز بکەن، تا کەمترین بەژنی سەوزی دارەکان هەڵتەکێنن، شەریتە رووبەرەکە بەسام بوو، من وامدەزانی تونێلە و شەمەندەفەرێکی خێرا بەرەو رۆحم دێت. ترێنەکە لە ئێوارەیەکی درەنگ، وەک لەسەر پلانە دەقکراوەکەی ناو گیرفانی من نووسرابوو، کە بەیانی زوو لەگەڵ کردنەوەی دەرگای ئەو ئێستگەیە پلیتەکەم تیدا بڕیبوو وەرگرتبوو، ترێنەکە سەعات حەوت و چواردە دەقە دەگاتە ئێستگەی (ساندبۆری)، لەوێش لە فارتی ترێنی ژمارە 2 لە سەعات هەشت و بیست و دوو دەقە، ترێنێکی تر دەگاتە ئێستگەکە، بەو ترێنە و لە کاتی دیاریکراودا، ترێنەکە دەگاتە شارەکە.

لەوێ، لەو شارە پێیەکانت خۆت و جانتاکەت داگرێت، لەوێ کوڕە پلکەکەت، ئەویش لەگەڵ هاوسەرەکەی کە ئەویش کیژی پلکێکی ترتە، واتە دایکیان هەردووکیان خوشکە و دایکی هەردووکیان خوشکی دایکی منیش بوو، ئەوان خوشک بوون، زۆر خوێنیان لەیەک نزیک بوو، بۆیەش لەبەر ئەوە بوو کە مناڵی یەکەمیان شێوە و خەسڵەتی ئەندامەکانی جەستەی نیشانەی ئەوەی دابوو، کەوا ئەو مناڵە تەواو نییە و هەرچەند نەخۆشخانە و دەرمانەکانی ناوەوە و دەرەوەی پێ بکەن، ئەو مناڵە ناژیت، پاش دە ساڵ لە کار و خەمخواردن و نەشتەرگەری، ئەو مناڵە قسەخۆشە، ئەو کوڕە بزێو و ئامادەیە بە لۆرییەکی نێوان سنووری حکومەتی بەعسی بەغدا و حکومەتی بەرەی کوردستانی لە دواخاڵی پشکنینی هەردوولا، لە رۆژێکی تەماویی نائومێد، لە باوەشی باوکی و کە دایکیشی دەستی بەسەر تەرمەکەوە بوو، هێنرایە خوارەوە و هەموو خزمەکان تەرمی کوڕەکەیان لە دایکوباوکە ماندووە کۆستکەوتووەکە وەرگرت و لە پشتەوەی پیکابەکەیان دانا و بە دوو سێ ئۆتومبێلی ماندووی هەناو بەتاڵ، لە بەنزین و شەلە بە تایە خوارەکان و کۆن بە مۆدیل و گران بە قیمەت و هێدی لە رۆیشتن، گەیاندرایەوە مزگەوتی چوار شەهیدەکە و لەوێ شوورا و کفنکرا و دیسان بە ساردییەک وەک رۆژگارەکە لەنێوان گۆڕی داپیر و باپیری جێگایەکی تەسک و گچکەیان وەک جەستەکەی خۆی نێژرا.

لەو لۆرییە نەفەرەکان بە قاڵدرمەیەکی دار دابەزین، بەڵام دواییان خۆیان دانەبەزین، جەستەی مردووبوون، دەستەکان و خەمەکان و چاوە گریاوەکان دایانگرتن، دوو خوێندکاری دکتۆرا و چەند نەخۆشی لات، چەند ژنێکی رەشپۆش و دوو سێ دەبە نەوت، چەند عەلاگە شەکر و خواردەمەنی، تۆز و خەم و ماندووبون و شکانەوە دابەزین. لۆرییەکی باری گران و بە ژمارەی زەردی بارەوە هەرێمێکی بە دەوڵەتێک دەبەستەوە، بەرەیەکی بە حزبێکی دیکتاتۆر و سەرکردەیەکی نەفرەتلێکراو دەبەستەوە، دوو شاری گەورە، دوو دید و دوو مێژوو و رووداوەکانی بەیەک گرێ دەدا. لۆرییەکە چادرێک داپیۆشیبوو، دەرگایەک بەندی کردبوو، لە رێگادا وەستانی نەبوو، راگرتنی نەبوو، بەڵام ساتمەی زۆر بوو، ناوچەیەکی میندار چۆڵکراوی دەربڕی، لەکاتی دیارکراو، رۆژێ یەکجار، پاش پشکنین و وردبوونەوە و ناونووسین و ناوهێنان و ژمارکردن و جنێودان و ریسواکردن و شەرمەزاری لە دوورییەکی کەم، لە بوارێکی کورتەوە دەهات، بەڵام باری گران بوو، زۆری پێبوو. لەناو حەشاماتەکە دەستم گەیشتە بەردە رەشەکەی کەعبەی لۆرییەکە و بەشدارییم کرد لە هێنانەوەی تەرمەکە و داگرتنی خەمی هەموویان. خەم بە لۆرییش هەڵدەگیرێت، بە ژنێکیش لەناو بەفریش بار دەکرێت، بە چاوێکی گەش، بە هەناسەی سەرشانۆییەک، بە قەڵەمی نووسینیش دەنووسرێتەوە و لە فەیسبوکیش نیشان دەدرێت.

لە کاتی نووسراوی دیارکراوی سەر پلانەکە هەموو دەرگاکانی ترێنە درێژەکە لە پاش بێدەنگبوونی زمانی درێژی لووسی ئاسنی سکەی ترێنەکە کرانەوە، هەموو دەرگاکان بە یەک فەرمانی توند و رەقی میکانیکی کرانەوە، لەو ئێستگەیە تەنها من و خەمە گەورەکەم، من و جانتا سارد و شڕەکەم، من و چاوەڕوانییە تاڵەکەم لە فارگۆنێک دابەزین، چاوم وەک چۆن لە ناوەڕۆکی گۆڤارێکی هەشتاکان بۆ دۆزینەوەی ناوێک دەگێڕا، بۆ دیتنەوەی ستوونێک بۆ خوێندنەوە زۆرتر دەکردەوە، چاوم بە سەر دەرگاکانی ترێنەکە کرد، کە ترێنەکە رۆیشت تێگەیشتم کەسی تر لەو ستێیشنە نەهاتە خوارەوە، ترێنەکە تەنها منی لە شەریتە باریکەکەی ئێستگەکە بە رەقی و فرێدایە خوارەوە، وەک ئەوەی پلیتم نەبڕیبێت، وەک ئەوەی من ئارامی ناو فارگۆنەکانم شێواندبێت، کتێبی دەستی نەفەرەکانم دڕاندبێت، موزیکی بیستنی ئەوانم شکاندبێت. شەریتە ئێستگەکە دوورگەیەکی باریک بوو، رووبەرێکی تەماویی ترسناک. دارستانەکە شەریتەکەی تاریک و تەسک و باریکتریش کردبوو، چەند هەنگاوێکی لاری شان گران منی گەیاندە سەر کورسییەکە، من تازە لەسەر کورسییەک هەڵسابووم، دووبارە چوومەوە سەر کورسییەک کە ژمارەکانی ناو پلانەکەی ناو دەستم بە دەرەوەم دەبەستێتەوە، دابڕابووم، لەناو دەریابووم، لەسەر تەختە دارێک، لەسەر سواندەیەکیماڵێک بووم، چاوەڕوانی گەیشتنی هاوڕێکانم دەکرد، لەسەر پلانەکەم نووسرابوو،

ترێنێکی تر دەگاتە ئەو ئێستگەیە، وەک چۆن تۆی بە تەنها دانا، ڕەنگە ترێنێکی تر بە تەنها لەبەر تۆ و جانتایە شڕەکەت، لەبەر گەیاندنی خەمەکانی تۆ، تا لە ماڵی کوڕ و کیژە پلکەکەت ئارام ببتەوە، دەگاتە ئێرە. سەرم خوراند و لەبەرخۆمەوە و بەخۆم وت، باشە من ئەوەندە گرینگم، من کەسێکم تەنها ناسنامەیەکی کاتی و تۆمارێکی ناشیرینم لەو وڵاتە وەرگرتووە، شەمەندەفەرێک من دەباتە ئێستگەیەک، پاش چاوەڕوانییەکی کورت بۆ ئەوان، زۆر درێژ و تەماویی بۆ من، شەمەندەفەرێکی تر لە کاتی دیاریکراوی سەر پلانەکە، بۆ من دووبارە هەموو دەرگاکان دەکرێنەوە، منیش بە تەنها و بە دوودڵی و بە گومانەوە، کە ترێنەکە کات و ئاراستەکەی گومانی تێدا نییە من دەباتە کن مناڵە پلکەکانم.

پێنج دەقە پێش کاتی هاتنی ترێنە تایبەتییەکەم، ئەو ترێنەی بۆ من تەنها یەک کەسی بێ ئیقامەی دوودڵی نەشارەزای زمان نەزان دەگاتە تەنیشت تابلۆکە و کورسییەکە و من، وەک گەلایەکی پایزیی کە تازە دوا پەنجەی لەرزۆکی لە قەدی داری دۆستەکەی بەربووبێت، تازە دەماری لە لقی دارەکە داکەلابێت، بە نەرمی کیژێکی باڵابەرزی بەستراوی ناو پاڵتۆیەکی تەسک، جانتایەکی گەورەی رادەکێشا و لەناو دەرزە باریکەکانی دارستانەکە و لەناو دارەکان پەیدابوو، جانتاکەی ئەوەندە گەورە و گران بوو، بیرم لەو مەسەلە کردەوە، ڕەنگە سەفەرەکەی دووربێت، ڕەنگە ئەو کیژە دوور بڕوات و زۆر بمینێتەوە و لەناو ئەو جانتایە گەورەیە ناسنامەی گچکەی ئەوە و هەموو بەرنامە و ڕۆژانەی تێدایە، دووەم شت لەبەر دوو شت نەچووم جانتا گەورەکەی لەگەڵ پاڵ بدەم، باش بوو ئەوەم نەکرد، دوایی زانیم کەس لەو وڵاتانە یارمەتیدانی بێ داوا کرد قبوول ناکەن، دووەم من تەنها دە وشەی زمانەکەم دەزانی، نەکرا، بەڵام ئەو گەیشتە بن تابلۆکە دوو مەتر لە من دوور ڕاوەستا، بە دیتنی ئەو کیژە لەو شەوە درەنگە و لەو دارستانە تەنهایە، دڵی کردمەوە، وەک مانگە دوورەکەی سەرمان گەشامەوە، وتم، دیارە ترێنەکە دێت، دیارە ئێرە خاڵی دوورخستنەوەی من نەبوو، دیارە ئاوەدانییەک ماوە، دیارە ئەڵمانە خۆرهەڵاتییەکان لەناو دارستانەکانیش ئاوەدانییان کردووە، ئەدی بۆ لە بەرلین وەک کەرتی غەزەی ئیمڕۆ، تونێڵ و کونی دووریان بۆ دەربازبوون سازکردبوو، بۆ هەڵدەهاتن، لەسەر دیوارەکان سینگیان دەکردە قەڵغان، تا سەر و چاویان دەرباز بکەن، ئەوا لەناو ئەو دارستانە تاریکە چاوی وا گەش و ڕووناک دەژیت، لەو ناوچە ترسناکە ئارامی هەیە.

جانتای گەورە ئەگەر لەسەرشانی وەرزشوانەکان نەبێت، کەرەستەی گەمەکانی ئەوانی تێدا نەبێت، جانتای گەورەی سەفەری دوورە، کازیوەش جانتای گەورەی هێنابوو، منیش لە چوونم بۆ ڕەواندوز جانتا، یان باولێکی پۆلیسی باوکم پڕ کردبوو، هەموو کتێبەکانی خوێندنم لەگەڵ فیرارییەکەم بردبوو، بەنیازی خوێندن و ڕاکردن لە دوابڕیاری ئاشتی ڕۆژەکە و یەکەم بڕیاری دەست

پێکردنەوەی شەڕەکە، سەفەرم کردبوو، ویستم بچم بەرامبەر مۆڵگە بەرزەکانی سەر شاخی کۆڕەک بخوێنم و بەتەمابووین دەروازەی گەلی دادەخەین و لەو گۆڵمە بەرینەدا ئارام دەژین.

چاوێکم هەر لەسەر جانتا گەورەکەی کیژەکەبوو، دەبێ ئەو جانتایەش وەک جانتا شەرمن و لار و پووتەکەشم خەمی تێدا بووبێت، وەک جانتای ژنەکەی ناو فەیسبوکەکە، کە لەگەڵ خۆییدا دوو جانتای گەورەی شادی هێنابوو، دوو جانتا هەرمێی مەمکی هێنابوو، هەناری ترشی خوناویی تەڕی سادە، دوو جانتا جلی ژێرەوەی رەنگی سوور و پەمبە و شیفۆنی و هەنارەی و شەرابی و ئاسمانی، جلی کەتان و حەریر و ناسک و گوڵدار و تەنک و کورت و نوێ و کۆن و بۆنداری هێنابوو، بە یادی جوانییەکان، جانتاکانی ژنەکەی فەیسبوک گەورەبوو، لەسەر شان هەڵگیرابوون، لە پشتەوەی پیکاب، دەستی کارمەندێکی کوردی فڕگەکە، یەکێکی تورک، یەکێکی فارس و عەجەم بۆیان هەڵگرتبوو، ئەو دوو جانتایە هاتبوون شەوەکان بە تاریکی و بە رووناکی  کۆبکەنەوە، بیرەوەرییەکان سازبکەن و لەو جانتایە گەورانەش جێگایان بکەنەوە. جانتاکانی ئەو ژنە شانی ماندوو کردبوو، ئەویش یەک سات چاوی لەسەر هەڵنەگرتبوو، دیاری بۆ ئەو دانابوو، دیاری بۆ ساڵەکانی تەمەنی تێدا بوو، تا بە مناڵەکان بڵێت، پاشان بۆ نەوەکانی بگێڕێتەوە کە من هاتمە سەر ئەو بەفرە ساردە، جانتایەکی گەرمم هێنابوو، کە من هاتم جانتام لەو ژوورە بە قیتی دانا و نەهاتنە دەرەوە.

بەڵام کە ئەو هاتبوو کەس جانتاکەی لێ وەرنەگرتبوو، پیاوە دوودڵە ماندووەکە دەستی نەدایە مەمکی ناو جانتاکە، بۆنەکانی بەسۆزەوە بۆن نەکرد، بە نیشاندانی جلەکانی ناو جانتاکەی ئەو بووکە سەرسام و حەیران نەبوو، بۆیەش بۆنەکان بوونە ژەنگ، جلەکان خەویان لێکەوت، رەنگەکان کاڵ بوونەوە، سێ ساڵ، زۆرتریش ئەو کتێبێک بوو نەخوێندرایەوە و لەناو جامخانەکان یەکجار دەستیان دراوەتێ و دانران و تەواو، ئەویش یەکجار هەر بە خۆی ئەو جلانەی دانا و دەستی تری نەگەیشتێ، ئەو بۆ شەوی یەکەمی هێنابوو، نەکرایەوە، هەفتانەی بۆ نەکرا تا جلەکانی هەفتانەکە بکاتەوە، سکی نەبوو تا جلی ژنی سکداری لەناو جانتاکە دەربهێنێت، جانتاکە وەک پشیلەیەکی سزادراو وەک ئوتومبێلێکی مەکینەسووتاو دوور دانرا و زەنجیرەکەی نەکرایەوە.

ئەگەر ژنەکەی ناو فەیسبوکەکە دەنگی نەما، ئەگەر لاپەڕەکانی تری لێ شاردمەوە، رۆژەکانی تری خۆی لە من کردە شەو، شەوەکانی ئەودەمانەی لەگەڵ پیاوەکە لە من کردە رۆژ، ئەوا سواری ترێنەکە دەبم، بە ژمارە و بە پیتەکان، بە نووسین و ئەدرێسەکان دەگەمە ماڵەکەیان و لە دەرگایان دەدەم، نەوەک نەخۆش بێت، نەوەک ماندوو ببێت، یان لاپەرەکانی گێڕانەوەی لێ تێکەڵ بووبێت.

ژنەکە هاتەوە ناو فەیسبوکەکە، بە دوو وشە نووسیبووی:

(چۆنی قوربان.!).
***

6

کازیوە، ژنەکەی ناو فەیسبوکەکەیە، پاش ئەو ماڵ دارمانە، ئەو چۆن بگەڕێتەوە ولآت و گەڕەکەکەیان! ئەو بە هەناسەسواری و تەنگاوییەوە گەیشتە سەر بەرزاییەکە تا دەریا پانەکە ببینێت، بەڵام لەدوایی ڕەنجی بەفیڕۆچوو، دەریاکە وشکی کردبوو، وەک دەریاکەی نێوان کازاخستان و ئوزبەکستان ئاوەکەیان کەمی کردبوو، دیمەنەکەی بەرچاوانی دەریاچەکەی ئارال بوو، دڵتەزین. ئەو کە گەیشتە سەر بەرزاییەکە، بینی ئەو هەوارە تەنها بەفری لێوە دیارە، بەفرە سپییەکە مێرد و کەسوکار و پشتیوانی ئەو بوو.

شەوی یەکەم، هەفتەی یەکەم و لە چوار مانگی یەکەم، کازیوە نامەیەکی ناودەستی کە مێردەکەی نووسیبوی باش دەخوێنێتەوە، کە بۆنی نامەکە دەکات و لە یەکەم دێڕ و لە رووبەری کاغەزەکە و رەنگی حوبرەکە و شێوەی زەرفەکە خێرا لە زمانی ئەو حاڵی دەبێت، دروست تێدەگات، کەوا ئەو بوویتە هاوسەری پیاوێک، کوڕێکی گەنجی چوارشانەی دەست و پەنجە ئەستوور و موورەش و چاو گەورە و برۆ شیر و هەناسە رەشەبا و دەنگ گەواڵە، بەڵام پیاوەکە بە هەموو حەزەکان ئەوی ناوێت، بە هیچ شێوەیەک نایەوێت هەناسەکەی ئەو بە پەنجەکانی، بە ددانی بکاتەوە، نایەوێت لەکاتی خۆگۆڕین سەیری بکات، ئەو ئاوێنەکە بە رەشی دەبینێت، ئەو وێنەیەکی رەش و سپی نەشوراوەیەوە، ئەو گوڵێکی نایلۆنی بەدفەساڵە. بووکەکە دەیتوانی لە رۆژی یەکەم کە جانتاکانی دانا، دەیتوانی نامەکە بخوێنێتەوە و دەنگی بەرز بکات، بەڵام کێ گوێی لێ رادەگرێت، کێ هەیە سەری بۆ بهەژێنێت و پێی بڵێت راستە، وەرە با بیرەکە پڕ بکەینەوە و کانییەکە رووناک بکەینەوە.!

لە رۆژی یەکەم، لە شەوی یەکەم ئەو دەستی نەبرد دووگمەکانی سینگ و پشتی کیژەکە بکاتەوە، ئەو نەیویست رووناکی بەفرەکە سوور بکات، وەک نەفەرێکی ناو فارگۆنێکی ناو ترێنی نێوان شارەکە و شوێنی کارەکەی سەیری کرد، ئەو هاتە تەنیشتی، ئەو بێگانەیەک بوو بە ژمارەکە کەوتبووە تەنیشت کورسییە نەرمەکەی ئەو. فەنجانی قاوەیەکی بەتاڵی سارد و سڕ، رەنگەکانی جلوبەرگی بەری وێنەی هەرزانی ریکلامەکانی رۆژانە بوون، جوولەکانی لە راکردن و پەرتەوازەی سەربازی عیراقی شکاوی سەرسنووری کوێت دەچوون، کە بە کامێرای هەزارەها وێنەگر لەسەر زەوی و لە ئاسمان و لەناو ئەستێرەکانەوە گیرابوون. ژوورەکەیان خۆی گچکەبوو، ئەگەرچی سیسەمەکە دوو نەفەری بوو، ئاوێنەکە بەرووی هەردووکیان رووی والآکردبوو، ژوورەکە بۆ دوو کەس بوو، بەڵام

هەردوو کەسەکەی لە ئامێز و جەستەی یەکتری دوور کردبوو، ئەو دوو کەسە بە کەناڵی پەنەماش نەدەبەسترانەوە، چونکە ئەو کەناڵە هێشتا دروست نەکرابوو، فەرەنسییەکان بۆیان نەکرا، پورتگالییەکان، هۆڵەندەکان، کەسیان دەرەقەتی ئەو کەناڵە نەهاتن و دایانە دەست ئەمریکییەکان، دەبوایە کەناڵێکی هەبوایە ئەو دوو کیشوەرەی ئەو ژووره چوارگۆشەیە بباتە ناو باخەڵ و ناو چاو و ناو دەستەکانی دوو کەسەکە و ببنە فلْچەی هونەر و تابلۆی ژیان و منالێک دروست بکەن.

ئەو وایدەزانی، یان زووتر پێی وتبوو، کە ئیقامەکەت دەرچوو، من یەکسەر پلێت دەبڕم و دەگەمە لات، جانتات بۆ هەڵدەگرم، رەنگی فستانەکە، رەنگی مکیاژەکەت، بۆنی شەوەکەمان، جلی رۆژەکەمان، هەموویان بەیەکەوە هەڵدەگرین، من بۆ دیمانە و شەوانەی تۆ زۆر بەپەلەم، وەک چۆن برووسک لە یەک چاوترووکانێک دەگاتە هەناوی کەندەڵانیکی رووترشی مات، دەگاتە تاوەری بەرزی ئاسمان، منیش ئاوا خێرا دەگەمە لات. بەڵام کە ئیقامەکە دەرچوو، دوو هەفتەش بوو، ئەو نامەکەی لە دائیرەی نیشتەجێبوونی بێگانەکانەوە بە دەست گەیشتبوو، زەرفەکەی هەڵنەپچریبوو، لە وشەی رەزامەندییەکە ترسابوو، دوایی خۆی بە کازیوەی وتبوو، من لەودەمانە خۆم لە بۆکسەکەی پۆستەکەمان دەدزیەوە، بە خۆمم دەووت هیچی تێدا نییە، پێویست ناکات دەستکێشەکە لە دەستی راستم بکەمەوە و سەری سەندووقەکە هەڵدەمەوە، یان زەرفە جوان پێچراوەکەی ئەو دەزگایە بکەمەوە، نەمدەویست زەرفەکە بدڕێنم، نەمدەویست وشەی رەزامەندی هاتنی تۆ، وشەی پیرۆزکردنی هاوسەرگیرییەکە بە رەسمی ببستم.

کازیوە شەوی یەکەم، دڵی خۆی دەداتەوە و دەڵێ رەنگە ئەو وا هەست بکات، من ماندووم نەتوانم شەوی یەکەمی هەنگوینەکە زۆر شیرین بکەم**!** من ناتوانم ئەو بکەمە مەلیکی مەغریب شا حەسەنی دووەم، نەتوانم وەک فیلمەکان بەزمێکی ئەرخەوانی بۆ ئەو ساز بکەم، بۆیە ئەو بەناز و بەشەرمەوە جانتاکەم ناکاتەوە، دووگمەکانم لە پەرۆشییەوە ناپسێنێت، رەنگە خەون و بەرنامەی ئەو زۆر رۆمانسی بێت، کە چەند مانگە پلانی بۆ دارشتبێت، ئەو گەنجێکی مەندە، لەمێژە وتوویانە لە ئاوی مەند بترسێ، رەنگە بەو مەندییە بمخنکێت، دووریش نییە لە خۆشیان من یەکسەر بمرم، بتاوێمەوە و بەیانی پۆلیس قۆڵبەستی بکەن، بڵێن ئەو ژنەی کە لە دۆسیەکەی نووسراوە کەوا ئێوە ژن و مێردن، بۆ بە یەکەم شەو وا چوارپەلی کەوت، بۆ زمانی شکا، دەنگی نەما، وێنەکەی لە خۆی ناکات، چی لێهات، وتیان کە هات وەک رێواسی لای خۆتان ناسک و تەڕ بوو.

رەنگە ئەو بیەوێت شەوەکەیان بە شێوەیەک بێت هەرگیز شەوی وا رووی نەدابێت، بیەوێ شەوەکە و هەموو ئەستێرەکانیش ماندوو بن، ئاسمان گلەیی لە

جوولەکانیان بکات، ئەو هەر نەخەوێت، هەموو چرکەکان وەک میلی چرکە وەک میلی خولەک بسورێتەوە. یەکەم شەو کە من هاتم ئەو پیاوە برسییە بیەوێت وەک قسەکانی ناو تەلەفۆنەکانی من بکاتە ئاگر و وەک هیندییەکان سەمام لە دیار بکات، من لە بنەوەی دەریا هەڵکێشێتە دەرەوە، بە قووڵابی تیژەوە دەرمبهێنێت، شەوی یەکەم دەیەوێت دیواری ژوورەکە من بە رووتی نەبینێت، ئاوێنەکە وێنەی جەستەی رووتم نەگرێت، دەیەوێت شەوی یەکەم.

ژنەکەی ناو فەیسبوک ناوی بووە کازیوە، تەمەنی دوو ساڵ دۆزەخ، دوو ساڵ چاوەڕوانی، دوو ساڵ سەرسامبوون، دوو ساڵی شێتبوون و چاوەڕوان بوون، تا بزانیت ئەو کوڕە بۆ وا گۆڕا، ئەو دەستگیرانەی ناوەکەم من بە نازناوی ئەو ناسرا، من ناوی ئەوم وەرگرت، بەڵام دڵی ئەوم دۆڕاند، من هاتمە سەرماڵەکەی ئەو، بەڵام نەهاتمە سەر جێگەکەی ئەو، پۆستەمان یەک بۆکسە، بەڵام سەرشۆرەکەمان یەک بانیوو نەبوو، یەک مێزی بەیانی بوو، بەڵام دوو زەوق بوو، من شیرینی و ئەو نەخۆشی شەکرەی هەبوو، من تێنوو، ئەو برسی بوو، من بەجۆش ئەو ماندوو!

ئەو کەسە، ئەو کیژەی پێنج ساڵ ئەکتەری سەرشانۆ و وێنەی بەردەمی دەرهێنەرەکان بوو، چوار مانگ لە ناو ئاگرە گەرمەکەی دۆزەخی بەفرستانێک مایەوە، بەفر بووە دۆزەخی ژینی ئەو. دوایی بۆتان روون دەبێتەوە کەوا ئەو لەو دۆزەخە گچکە زۆر گەرمە چۆن نەسووتا، ئاگرەکە چۆن دەرەقەتی ئەو نەهات، کێژەکە دەستی بەرز نەکردەوە، بەڵام لینگی بۆ ئەو بەرز کردەوە، بەڵام دەستی بۆ بەرز نەکردەوە، یەک هەفتە ئەو لەسەر کوڕە گەرمەکە بوو، نەیدەزانی چ بە هاوسەرەکەی بڵێت، ئەو ببێتە بووکەکە، خۆی بکاتە زاوا نەوسنەکە، جارێکی تر مووسێکی تیژ لە ریشی بداتەوە و بە کریم و نیڤیا و بۆن خۆی ساز بکات، قەدە بێجاما حەریرە نەرمەکە دەربهێنێت، پیش ئەوەی خۆی بگۆڕێت دوا نیگای کوڕێنی لە ئاوێنەکە دەکات، بە ئاوێنەکەی ژوورەکەی دەڵێت:

کازیوە بوویتە زاوا، بە ئاوێنەکەی بەرامبەر سیسەمەکەیان دەڵێت، من لەو ژوورە زاوام، من دەست بۆ بووکە پیاوەکە دەبەم، من شەرمی دەشکێنم، لەسەرچاوانی دادەنێم، کازیوە ئەو شەوە بووە زاوا و داوای لەو کرد، خونچەکەی بکاتەوە، پاش هەفتەیەک یەکەم و داوا بۆنی خونچەکە کرا، بە نەرمی دەستی دایە شیرەکەی نێوان بووک و زاواکە، شیرەکەی لە گیانی خۆی دا و خوێنی خۆی رشت، هەنارەکەی شکاند.

ئێستاش کازیوە زاوایە و بەدلەیەکی رەشی لەبەرە و ملپێچێکی سووریش لە رەنگی دەرمانی لێوی ئەو سوور، لێوەکانی کردبووە دەندووکی کەو، دەکرا قاسپەکانی بووکەکە مەست بکات و خاوی بکاتەوە.

ئەو فەیسبوکە ئاسانە، دۆزینەوەی کەسەکانی ئاسان کردووە، بە نووسینی یەکەم پیت ناوی ئەوت رووبەڕوو دەبێتەوە، (مارک) ئەو کوڕە خوێن شیرینە دەم بە خەندەیە داهێنەری یەکەمی ئەو سیستەم و بەرنامەکانە. ئەوەی تێدا ئەندام نەبێت و نەزانێت فەیسبوک پێکهاتەییەکی چەند ئاڵۆزە، کە سەیری شان و پیل و رووی مارک دەکات، دەڵێ ڕەنگە ئەو شوفێرێکی پاسەکانی لۆکالی سەنتەری شارەکانی ئەو ئەوروپایە ماندوو و ئارامە بێت، ئەوە تەنها کەسێکە بە پاسکیلە تایبەتییەکەیەوە، لە کارمەندێکی پۆستەی بەیانیان دەچێت و نازانێت، ئەو مارکەی فەیسبوکی دامەزراند و رووی هەموو مرۆڤایەتی بەڕووی یەکترا ئاشناکرد، فەیسبوک ئاسانە، ئەوەی من ئیمڕۆ لەو نووسینەدا بەکاریدەهێنم ڕەنگە تا هەفتەیەکی تر زۆرتر پێش بکەوێت.

مارک کازیوەی بۆ من دۆزییەوە، منی بۆ کازیوە دۆزیەوە. ئەو فەیسبوکە چوکلێتە نامەی کردەوە، بنیشتە نامەی تاواندنەوە، نیگای پشت دەرگا و لادانی پەردەی بەردەرگا و کولەی سەربانەکانی لەراندەوە. پیرێکی کردە عاشقی کیژێکی تەمەن گوڵ و ڕەنگ حەریر و چاو کانی، پیرەکە بە کیژە مناڵەکەی دەووت، من گچکە بوومەتەوە، خۆشم بە تاقەتم و پیر نیم! کیژەکەش دەیووت من شانازیی بە ریشی سپیت دەکەم، من دەستت دەگرم، من پیری تۆ بە گەنجی خۆم موترەبە دەکەم! دەچمە ناو چاوی خەڵکەکە، بە دایکم دەڵێم، بە هاوڕێیەکانم دەڵێم، ئەو پیاوە دونیا گەڕاوە، لەو جیهانە بەرینەدا منی دۆزیوەتەوە، منیش لەو ژوورە تاریکە و لەتەنیشت دەستەخوشکەکەم، بەو شەوە درەنگە پێش ئەوەی کارەباکە بمکوژێنێتەوە، تۆ من دادەگیرسێنێت.

پیرەکە بە کیژە ناسکەکەی دەووت:

چ لە پیریم دەکەیت؟

ئەویش دەینووسی:

پیریت بە هەموو گەنجەکان ناگۆڕمەوە، پیریت دادەماڵم، تۆ لە مناڵی من شارەزایت.

پیرەکە دەینووسی:

ئەگەر تۆ کوڕ نەبیت، ئەگەر تۆ فێڵم لێ نەکەیت، من دەزانم چۆن بۆ تۆ گەنج دەبمەوە!

پاش ئەوەی کیژەکە، ئەو ژنەی ئیمڕۆ لەناو فەیسبوکەکە، تاڵەکان هەڵدەرێژێت، ئازایەتییەکان دەکاتە نەبەردی و سروود، ئەوەی من لەگەڵ چەندین ملیۆن کەس دەتوانین سەیری وێنەکانی ئەو بکەین، دەتوانین بزانین ئیمڕۆ ئەو چ دەکات، کارەکەی کەی تەواو دەبێت، تا من ئەو نووسینە تەواو دەکەم، هەموو مرۆڤایەتی دەگەنە ناو فەیسبوکەکە، ئەوانەی ئیمڕۆ پێی دەڵێن حەرامە و کوفرە، ئەوانیش پەشیمان دەبنەوە، هەموو کازیوە دەبینن.

کوڕەکە نامەیەکی لە دەزگای میگراشوون بۆ هات، بە دڵشادییەوە زەرفەکەی کردەوە، نامەکە بلانکێتێکی چەند لاپەڕەیی لەگەڵدا بوو، تێدا داواکاربوو، ئەو وەڵامی چەند پرسیارێک سەبارەت بەو ژنەی داوای کردووە لەگەڵ ئەو بگەنە یەک و لەو وڵاتە بەیەکەوە بژین، وەڵام بداتەوە. ئەو ژن و مێردە بگەنە سەر یەک سیسەم، لەبەر یەک ئاوێنە قژیان ساز بکەن، لە هەفتەی یەکەم پێی بڵێت، باش خۆت داپۆشە، دەرەوە ساردە، بەفرەکە شەختەیە، هەموو دەمێک وشەیەکی زمانەکەی فێر بکات، پێی بڵێت لەو بەفرە مەترسێ تۆ بوویتە بووکی بەفر، من گەرمت دەکەمەوە، ئاگات لە خۆت بێت.

ئەو وەڵامی پرسیارەکانی ناو بلانکێتەکەی دایەوە، لەودەمانەی خەریکی نووسینی وەڵامەکان بوو، کازیوە لە کوردستانەوە تەلەفۆنی بۆ دەکات.

(قوربان، بلانکێتەکان گەیشت؟).

چاوەکانت ماچ دەکەم لەو بەفرەی دەرەوە ساردترم، ئەو بەفرەی دەرگا و پەنجەرە و سینییەکی پەڕەبوولەکەی لێ گرتووم، زوو وەرە گەرمم بکەرەوە، بمکە بە ئاگرەکەی مامەیارە، بە کورخانێکی شار، من چاوەڕوانم.

کیژەکە زوو قسەکانی پێ بڕیبوو، بەپەلە وتبووی:

کاتی ئەو قسانە نییە، لە پڕکردنەوەی بلانکێتەکان هەڵە نەکەیت، با وەڵامەکانت دروست وەک وەڵامەکانی من بێت، شتی زۆرتریان بۆ مەنووسە، وەرگێڕەکەم لە باڵوێزخانەکە، زۆرجار ئەوەی دووبارە دەکردەوە، کەوا بابەتی نوێ لە وەڵامەکانت پەیدا مەکەن، کورت قسە بکەن، ئەوەی دوودڵت دەکات، بڵێ لەبیرم نەماوە، نایزانم، باشە قوربان. نەک گەرمت دەکەمەوە، دەتکەمە کەڵانە، دەتکەمە بادامی سوور، دەتکەمە پیاوێک هەموو ژنەکانی ئەو بەفرستانە لە دوورەوە بزانن، من شەوەکان شیتاڵ شیتاڵم کردوویت، بەو پەنجانە دەتدورمەوە. با دارستانە بەفرینەکە بزانێت ژنێکی گەرم، بە گەرمییەوە هاتووتە ئەو شارە، بە ئاگرەکەی هەناو و سۆزەکانی چیای بەستەڵەک دەکاتە دووکەڵ، ئەو ژنە ناوی کازیوەیە و هەزارجار بە قوربانی پیاوێک دەبێت ناوی پێشڕەوە. با هەموو بزانن من گەرمت دەکەمەوە و ساردیشت دەکەمەوە تا دووبارە گەرمت بکەمەوە، بەڵام لەو بلانکێتانە هەڵە مەکە بنووسە، دەزانی چ دەنووسیت، باشە، دەی یەک ماچم لەناو فرۆکەیەک بۆ بنێرە، باری یەک فرۆکە خۆشەویستی و رازت بۆ دەنێرم.

***

**7**

هەتا چاوەکانم ئاسۆیان لێوە دیاربوو، هەموو رەنگەکان سپی بوون، هەورەکە ئاسمانیشی سپی کردبوو، لە ئاسۆی ئەو شارە و گوندەکانیش و رێگاکانی بەردەم

پۆستەچییەکانی نیوەڕۆیانیش سپی بوون، وەک دڵە بووکینە نوێیەکەی من سپی بوون، ئەوە قسەی ژنەکەی ناو فەیسبوک بوو.

ئەو بۆی نووسیبووم، یەک خاڵی رەش لەو هەوارە هەبوو، ئەویش من بووم لەبەر چاوی ئەو، ئەو منی بە رەشی دەبینی، من ببوومە چوارچێوە رەشەکەی بەرچاوەکانی، خۆم سپی دەکرد، ئەو هەر بە رەشی منی دەبینی، من ببوومە یەکەم خاڵی رەشی سەر بەفرەکە. هەر زوو من تێگەیشتم و زانیم ئەو بە نەرمی و لەسەرخۆ دەرم دەکات، بە ئاگر نامسوتێنێت، بە دووکەڵ دەمخنکێنێت، شاربەدەرم ناکات، ماڵبەدەرم دەکات. خانووەکەمان کە تەنها چەند ساتێکی کورت ببووە ماڵی هەردووکمان، یەک ژوور بوو، یەک مەتبەخی تەسک، یەک ژووری نووستنی تەسک، بەڵام ژوورەکە منی زۆر لەو دوورخستبووە، باریک بوو، وەک رێگا باریکەکان، منی لەو دوور دەخستەوە، ئەوی لە من و لە جەستەم دووردەخستەوە.

من حەزم لە قاوەی تاڵ بووایە، ئەو ئارەزووی چای سووکی شیرینی دەکرد، کە لە خاڵی ستوونی باڵای ئەو دەسوڕامەوە، ئەو گرێی بەستانەوەی منی بە ستوونەکەی، بەشەرمەوە دەکردەوە و گرێیەکەی لە باڵی باڵندەیەک دەبەستا، تا لەگەڵ کۆچە دوورەکانیان بەرەو بیابان، بەرەو دەشتەکان، سەر کانییە قورمزییەکانم ببەن.

باڵندەکان لە ترسی سەرما و شەپۆلی بەفر و شاخی بەفر و دەریای بەفر، باڵیان دەکردە فڕۆکە و مەبەستیان بوو، من ببەنە بیابانەکەی نزیک دەریای سوور، ئەو بیابانەی باران ناناسێت، بەڵام ژنەکان کە سەما دەکەن، شەوەکان وەک هەور بۆ کەنارە سەرسامەکان دەبارن. ئەوان رۆحیان سووک بوو، هەستیان بە جریوەی من دەکرد، بەڵام من لەوێ دوور نەدەکەوتمەوە، دووریش دەکەوتمەوە، بەڵام لەگەڵ یەکەم گزنگی بەیانی دەهاتمەوە، ماڵ و هێلانەکەم دەناسیەوە، بە بۆنەکانی ناو جانتاکەم، بە تاسە گەرمەکان دەهاتمەوە، شەرمن دەستبەستراو، پۆلیسەکان بە بەندی منیان دەگەڕاندەوە ناو گرتووخانە تەسکە ناڕەحەتەکەم، بەبێ کەفیل و ئیفادە وەرگرتن بۆ ژوورەکەیان دەبردمەوە. بەرپرسەکەش چەند پارچە جلێکی شری بە تووڕەییەوە بۆ هەڵدەدام. دیارە کەوا من بۆ ئەو جلە شڕانە مابوومەوە، من چارەم نەبوو دەبوایە، سپیبوون لەناو رەنگەکانی ئەو بچێنم، دەبوایە ئەو سپی بکەمەوە، دەبووایە قسەکانی ناو تەلەفۆنەکانی بۆی دەکردم بەبیربهێنمەوە، پێم نەدەووت، تۆ چیت دەووت، بەبیرم نەدەهێنایەوە، چۆن ئەو هاتە بەردەمم. کە ئەو هات دەستی دەلەرزی، چاوی هەڵنەدەهات، منی چۆن لەناو دەستی دەرهێنەرەکەمان و ماڵەوەمان دەرهێنا، چۆن بەیەکەوە ئەڵقەکانمان کڕی، من پارەی ئەڵقەی ئەویشم دا. دیارە لەودەمانەوە ئەو منی سووک دیوە!

لەو کاروانە و لەو هەوارەدا من ببوومە شەهرەزادەکەی ناو چیرۆکەکان و دەچوومە سەر سەرینەکەی ئەو، تا بەگەرمی نەمکوژێت و تۆڵەی خیانەتی ئەوانی تر لە من نەکاتەوە، شەوانە حیکایەتی سۆزدارم بۆ دەگێڕایەوە، من بەس حیکاتخوانم، من بووکی ناو کەژاوە و سەر سەرین نیم، نە مەمکم هەیە بۆ مژین، نە دەستم پێوەیە بۆ کوشین. من بەڕاستی شەهرەزادەکەی گەرمیان بووم، بەڵام ئەو شەهرەیاری پاشا و غەدرلێکراو نەبوو، پاشای شارێک و مەملەکەتێک نەبوو، تا ژنە شاژنەکەی خیانەتی لێ بکات، بۆیە منیش بە حیکایەتەکانی خۆم، لە سزادانی بووکە یەکشەوییەکانی دەربازم بوو. ئەو شەهرەیار نەبوو، لەو مەملەکەتە ئەودەمانەی پاشاکانیان شەوانە بووکەکانیان پێش ماچ و بۆنکردن نەکوشتووە، لێرە تاوانی گەرمی لێ بڕاوەتەوە و وڵاتی بەستەڵەکە، بەفر و شەختە و سەهۆڵ و چلوورەیە و  هاوڕێ و هاویار و هاوسەربوونە ئەو وڵاتە.

شەهرەیار لەو مەملەکەتە بەفرینە نەبووە، ئەوان لە کتێبە کۆنەکانی خۆرهەڵاتەوە شەهرەزادیان ناسیوە و بەس! بەڵام پێشڕەو دەیویست لەو وڵاتە بۆ تۆمار و پڕکردنەوەی لاپەڕەیەکی نوێی مێژوو، من بکاتە شەهرەزادەکە، خۆشی شەهرەیارەکە، لە ژوورێکی گچکە و لەسەر خوانێکی سارد و لە رەوشێکی تەماویی، دەیویست من شەهرەزادەکە بم، بەڵام هیچ حیکایەتی بۆ نەگێڕمەوە، تاقەتی حیکایەتەکانی منی نەبوو، شەوەکەش بەیەکەوە نەبووین هەتا بوارساز بێت، من حیکایەتە کۆنەکانی بۆ بگێڕمەوە.

بە ماچکردنی دوو ئەندام، بە گەرمی دوو پیتەکە، ئەو ژنایەتی بە تووڕەییەوە لە دەستی ئەو دانا. بە پیتی ئاوی سپی ئەو و بە هەنارەی سووری من، ئەو لەسەر داوای خۆم منی کردە ژن، نازناوی ژنی لە گەردەن کردم، کە بوومە ژن و سەیری خەناوەکەی ژنایەتی خۆم دەکرد، خەناوکەکە نەدەگەیشتە سەر مەمکەکانم، نەدەبووە بۆن، شانازیش نەبوو، ئەو سوپاسی نەکردم، بەو دوو پیتە من بوومە ژن و پیرۆزییەکەی من، بە دەست سەربازێکی شکاو دیلکرا، بە تفەنگێکی تژی لە گوللەی خیانەت، شەرمەزار و خوێناوی کرا.

دەمویست لەو شەوە و بەو نازناوە شانازی مێژووی ژیانم بۆ تۆمار بکرێت. بەڵام ئەو دوو پیتی ژنایەتی خۆمی فڕێ دایە بەرپێیەکانم، پیرۆزییەکەی بە زەلیلی کرد، ئەو خەونەی چەند ساڵ مەبەستم بوو، پیاوێک بە پیرۆزی بمکاتە ژن، کە هەڵبستیتەوە خوێنی پیرۆزی سووری من، نەکاتە تفێکی کەسک، بە گەورەیی و بەڕاستگۆییەوە کرنۆش بۆ شەهیدبوونی پەردەی کچێنەکەم ببات، بە کچێنەکەم بڵێت، ئەی پەردەکە، ئەی تەنکە چاوەڕوانەکە سەرت کردمە منارە و فەنەر، هەموو کەشتییەکانی دەریام بەو شەوە لێوە دیارە. بەڵام! ئەوەی من چاوەڕوان بووم، وا دەرنەچوو، تەنها دوو پیتی نازناوە نوێیەکەم لەناو دەست نرا، ئەو دوو پیتە پاداشتی هەڵگرتنی ئەو هەنارە بوو، کە لەناو دەستی چەندین دزی

سەر هەتان و پەرژینە دڕەکان دەربازم کردبوو، هەنارەکەم بۆ بۆنکردن و بۆ زۆرکردن و بۆ سەماکردن و بۆ سەیرکردن و شێتبوون بوو، بەڵام ئەو بە کاڵفامییەوە زۆر ڕەزیل و بۆگەنی کرد، شەقی کرد و تامی نەکرد، ئەو زاوایەک بوو هەناری پیرۆزیی بە شێوەیەکی تر و لە بەرگێکی ترەوە دەبینی.

***

فەرەنسییەکان کە قاهیرەیان داگیرکرد، کە ناپلیۆن لووتبەرزییەکەی گەیشتە ئەو بەری دەریا و پێش ئینگلیزەکان گەیشتە ناوچەکە، کۆشک و جبەخانەکانی مەمالیکە تورکەکانی بە کۆمەڵکوژییەوە لەناوبرد. ژنە فەرەنسییەکە لەبەر خۆشەویستی مێردە ئەفسەرەکەی مەمکەکانی دەشارێتەوە، کلی چاوەکانی دەسڕێتەوە، ناز و سمت و ڕەنگە هەوسبازییەکەی بەخۆشییەوە دەشارێتەوە، بەگەڵ سوپا مەزنە فەرەنسییەکە دەکەوێت. ئەو لە سەرکەوتنی ناو پاپۆڕەکە لە بەنداوەکەی تولوون بە جلی پیاوانە بە دزی سەرکەوت، مەمکی توند بەستا و توندوتۆڵ بووە سەربازێکی سوپاکە.

ئەو ژنە دەیزانی تاعوون لەو دەڤەرە هیلاکیان دەکات، جورج و مشکەکانی کۆنە خانووەکانی خۆرهەڵات، بەو گچکەییەی خۆیانەوە، بەو جەستە لاوازەوە سەرکەوتنەکانیان دەشکێنن، تۆپە لوولە سوورەکراوەکان وچەکەکانیان دەتەقێنن، سەدان سەربازی نەخۆشیان بەو نەخۆشییەوە، لەناو کەلاوەکان لەکاتی ڕۆحدانی مردنەوە لە پاشیان جێدەمینێت، زۆر لە سەربازە فەرەنسییەکان ئاگریان لە مێشکیان بەردەدا و سەریان دەتەقاندەوە و لە هاوڕێیەکانیان دەپاڕانەوە، لە بیابانەکەی ئەلعریش بیانکوژن، تا بیابان لەناو قووم و لمە تیژە وردەکەیان کوێریان نەکات. (بولین) ژنەکەی ناو تاعوونی شەڕەکانی میسر و گەمارۆدانەکەی عەکا و کۆمەڵکوژییەکانی تورکی ئەو شارانە بوو، شان بەشانی ناپلیۆن برسیەتی و مردنی تاعوونەکەی سەدان هاوڕێیەکانی بینی، بە شکانی تاعوونەوە گەڕایەوە خان ئەلخەلیلی، بولین، لەناو تاعوون و شەڕ و دیل کوشتن و هەناسەی ژووانی هەڵدەمژی و دەردەسەری سەردەمەکەی بینی. (کازیوە) ش لەو وڵاتە ڕووناکە، بە هیوای ئەوەی ئارام بژیت، کەسە پیرۆزەکەی بووە جورج و دەیویست بە تاعوون لەو بەرە ساردەدا بیکوژێت.

***

ئەو بە پێشڕەوی وتبوو، من شوو ناکەم، من شووم بە شانۆ کردووە، من پەردەکان و دیکۆرم خۆشویستووە. دایکی وتبووی، کوڕەکەم تۆی دەوێت، منی بۆ خوازبینی تۆ ناردووە، دڵی ئەوت پارچەکردووە و من بە زۆر پارچە شیرینەکەی خۆم گێڕایەوە، ئەگینا هەموو پارچەکانی دەنارده بەر حزووری تۆ، ئەو دڵە گەورە ناسکەکەی، بە تەڕی و بە دەمارەکانەوە، بە خوێنەوە بۆ تۆ دەنارد.

من شوو ناکەم! دەمەوێ لە شانۆگەرییەک ببمە ژوولێت، لەگەڵ رۆمیوو بەیەکەوە و لە باوەشی یەکتر بمرین، بەیەکەوە بژین یان بەیەکەوە بمرین. لە دەق و نمایشێکی تر دەبمە ئەو کیژەی نووسەرەکە، دەیکاتە ئەستێرە و مانگ و لە هەموو عاشقەکان دووری دەخاتەوە، تا ئەو رۆژەی بەئاسانی دەکەوێتە ناو باوەشی کوڕێکی خەیاڵ، لەناکاو هەنارە کەوتووەکەی باخەکە هەڵدەگرێتەوە و ئاوڕێک دەداتەوە، کە دەزانێت کەس دیار نییە، هەنارە سوورەکە، هەنارە توندەکە لە باخەڵی دەنێت، بە ئەسپایی دەگەڕێتەوە، دەچێتە گۆشەیەکی تاریک تا تەنها هەنارە سوورەکە بکاتەوە، دەنکەکان یەک یەک بژمێرێت، ئاوەکە بکاتە رووبارێک و بەسەر شاخێکی بەرزی سەربخات، بەناو دۆڵەکان بیبات.

بەڵام کوڕێکی بێگانە و دوور لە تەختەی شانۆ، هەنارەکەی بە ئاسانی لە دارە بەرزەکەی کەس دەستی نەدەگەیشتێ کردەوە، کەوتە ناو دەستی پێشڕەو، ئەویش بردیە کوێستان، بردیە جەمسەرێکی دونیا، تا دەروازەکەی پێ دابخات. دوور رۆیشتن، چەند دەنگیان هەڵبڕی، چەند دەستێک بۆی درێژ کران، کەس دەستی نەگەیشتە کازیوە و پێشڕەو، زۆر دوور رۆیشتن.

مەرج نییە من بەئاسانی شوو بکەم، وا دەرهێنەرەکەش منی خۆشدەوێت، باش دەزانم مامۆستایەکەمان دوو مناڵیشی هەیە، هاوسەرەکەی لە منیش پەمبەترە، باڵای وەک سیروان درێژە، چاوی وەک گوڵە هەنارە، ئینجا بۆ من دەچەمێتەوە، بۆم سازدەبێت. شوفێرەکەی تاکسی بەیانییان بە ئەنقەست من یەکەم کەس سوار دەکات، تا بەپەلە و بەپەرۆشەوە پێم بڵێت، تۆم خۆشدەوێت، ئەگەر شووم پێ بکەیت لە بەیانییەوە لەگەڵ خۆشم لەناو تاکسییەکە، لەگەڵ نەفەرەکان دەتگێڕم، تۆ هەر لەتەنیشتم بە، ئەو ئێوارانیش دوا کەس منی دەگەیاندەوە، تا پێم بڵێت، من لەورۆژە درێژە رووم هەر لە دەروازەی پەیمانگەکەتان بوو، نەفەرەکانی ئەو دەڤەرەم هەرزانتر گەیاندووە، ئەوانم خۆشویستووە، ئەوان بۆنیان خۆشتر بوو.

***

ببوورن سەرەتا من ئەندام و کەسێکی ناو رووداوەکە نەبووم، قەڵەمی قازییەکەم نەدیبوو کە مارەکردنەکەی پێ ئیمزا کرد. لە دیوی دەرەوەی جامخانەی زێڕینگرەکە نەبووم، کە ئەوان لە ژوورەوە سەریان بەیەک وەنابوو، سەیری ئەڵقەکانیان دەکرد، پەنجەیان وەک ماسی نەرم دەچووە ناو ئەڵقە زێڕینە عەیارە چواردەکە، کە کازیوە پارەکەی لە گیرفانی ئەو نا، تا پارەکان بدات. من ئەوەم نەدیبوو! وەرگێڕەکەی سەفارەتەکەم نەناسیوە تا بۆم بگێڕێتەوە، کە ئەو بووکە چەند پەریشان بوو، تا بگاتە زاوا زۆر دوورەکەی، ئەو چەند تەنگابوو، رێگاکەش ئەوەندە دوور بوو.

من ئاگام لەو رووداوە نەبوو، فەیسبوک منی گەیاندە ئەو دۆسیەیە، من بوومە مانشێتی لاپەڕەی یەکەم. لەگەڵ رووداوەکان نووسرامەوە، من دووربووم ئەوەندە دووربووم، تەنها فەیسبوک بوو منی گەیاندە لای ئەو دوو کەسە داماوە، نازانن یەکتریان خۆشدەوێت، یان شیر لەیەکتر تیژ دەکەن، قازییەکە ئەوەی مارەی کردن، دوو پیاوە شاهیدەکە، ئەوانەی پاش ئەوەی ناسنامەکەیان بە قازییەکە نیشاندا، ئەوان دەزانن گەرمی سۆزی ئەوان بوو ژوورەکەی کردبووە چراخان، بەڵام کۆمێنتەکان کە بەپەلە و سۆزەوە دەنووسرێن، وا بەتووڕەیی و بەپچڕاوی وەک قولابی گەرووی ماسییەکە لەو دەردەهێنم، هەموو پیتەکان لە گێڕانەوە شەرم دەکەن، رستەکان ئیفلیجن، من کۆیان دەکەمەوە، من پچڕاوەکان دەدۆزمەوە، سەربڕاوەکانی کەربەلای خوێن و غەدری بیابانەکە هەڵدەگرمەوە، دەمەوێ بنووسمەوە ئەو شارە چەندە ساردە، ئەو بەفرە زۆرە چۆن رقی فێنک نەکردەوە، ئەو تەنهاییە، چۆن لەیەکتری نزیک نەکردنەوە، بۆنەکە، جلەکانی نووستنی بووکەکە، کە حەوت دەستی هێنابوو، دوویان دیاری دایکی بوون، ئەو بە سەربەرزییەوە پێیوتبوو، کیژەم خۆتی بۆ نازدارتر بکە، ئەوانەش نەیتوانی تەنها لە یەکجار زۆرتر بووکەکە زاواکە لە خۆی نزیک بکاتەوە، یەکجار و بەس!

وا من بوومەتە ئوفێلینا و زۆریش بۆ من هاملێتن! بۆم دەسوتێن، دەستم بە کوژاندنەوەیان راناگات، دوایی من بۆ خەریکی کوژاندنەوەیان بم. گوند و هۆزەکەی هاملێت و باوکی حەزیان نەدەکرد من ببمە چرای ئەو، من ببمە ستوونی کۆشکەکانی مەملەکەتی ئەوان، لەناو خەمەکانی شانۆ خۆم دڵشاد دەبینی، بە منیان دەووت، ئەوە شێتە و لە شانۆ مارەکراوە و بوویتە پاڵەوانێکی دەقەکان. باوکی هاملێت و میللەتەکەی ئەوان راستیان دەکرد، من شێت بووم، من شایستەی هاملێت نەبووم، بۆیە بە دوو قسەی پێشڕەو بوومە کۆڵارە و لەگەڵ ئەو و بە داوە باریک و پچڕپچڕەکەی فڕیم، وازم لە دارە بۆنخۆشەکانی تەختەی شانۆکە هێنا، وازم لەوانە هێنا و چیتر حەب خواردنەکانی باوکم بژمێرم، ژانەکانی بەسەربکەمەوە، پۆشاکەکانی بۆ ساز بکەم، من پێموتبوو، هەتا تۆ مابیت، جامی ئاو خواردنەکەی حەبەکانت لە ئەستۆی منە، من دەستت دەگرم، گۆچانت پێویست نابیت، شووش بکەم بەیانیان بۆ حەب خواردنەکەت سەردانت دەکەمەوە.

پێش سوورانەوەم لە سوچەکەیماڵەوەمان، دەبووایە من ئاورێک بدەمەوە و سۆزێک بە دەرگاکەوە وەبنیم، دەبوایە سەرم بۆ دار زەیتونە قژینەکە باوەش گەورە بڵاوەکە بەهەژێنم، لەبەر خۆمەوە بڵێم کە هاتمەوە ئاوێکت پێ دادەکەم، سۆندەت لەدیار رادەگرم، جوان گەلا زەیتونییەکانت دەشۆمەوە، تا وەک ئەستێرە ببریسکێنەوە، هەندی دارزەیتونەکانی دوورگەی (کورفور)ی یونان لەلام پیرۆز بوو، ئەوانەی ملیۆنەها زیکزیکە سەمایان بەو دارە پیرانەی سەردەمی شەرابە کۆنەکان، سەردەمی راهیبە پشت چەماوەکان دەکرد، ئەوانەی لە سوتانی

هێرشەکانی عوسمانی دەربازیان ببوو، ئێستاش بوونەتە سێبەری گەشتیارە عاشق و مەستەکان.

***

8

ئەو شەوەی کازیوە توانی مێردە ساردەکەی گەرم بکات، نازەکەی بووە باران و جەستەی ئەو تەڕی کرد، خوناوەکەی وەک ئاوێنە لەسەر جەستەی دەبریسکایەوە، دڵی خۆش بوو، وتی بەئاسانی کۆتری پیاوەکەم گرت، باڵە تیژەکەم شکاند، توند کۆترەکەم گرت، نەمهێشێت بفڕێت، من بوومە سوار و ئەو پیادە، تازە تامی کردم، منی خوارد، بەتاڵی و بەشیرینی و بەچەوری و بەخۆشییەوە منی تامکرد، تازە بووە کۆترە ماڵییەکەم، دەزانم گەرمبوونەکەی پێ خۆش بوو، تاوانەوەکەی لێکەوت، ئەو دەمێکی تر داوام لێ دەکاتەوە، قسەکانی ناو تەلەفۆنەکەم بۆ دووبارە و سێبارەش بۆ دەکاتەوە، پێش ئەوەی بخەوێت هەر ئەو شەوە، داوا دەکات کۆترەکەی بەرەڵا بکەمەوە، کانییەکەی بۆ شیرین بکەم، هەنارەکەی بۆ ترش بکەم، دەزانم ئەو دێتەوە، هەموو گیانی گەرم بوو.

ئەو هەستی کرد پیاوە و دەتوانێت وەک عەرەب دەڵێن پشتمان بکاتەوە، وەک کورد دەڵێن تێرم بکات، بمگەوزێنێت. ئەو  کۆترێکە و کە تێنووی بوو، دەبێ لەو کانییە ئاو بخواتەوە، من ئاوێکی پاکم پێیە، من دانێکی قەڵەوم هەیە. ئاوی من بەژنی ئەو دەکاتە رووبار، کانی من مێرگە و سینگی ئەو دەکاتە پاوان.

خەونەکەی کازیوە، باڵەخانەیەکی پەلکە شخاتەی بەتاڵ بوو، بە فووێکی سووکی دەمی منداڵێکی گچکەی بەردەم رەوڕەوەییەک دەهەژی و رووخا. هەر ئەو شەوە بوو، هەر ئەو جارە بوو، چیتر کۆترەکە دندووکی لە ئاوە شیرینەکەی ئەو نەدایەوە و پەنجەی نەگەیاندێ تا بزانێت گەرمە یان سارد، چیتر دانەکەی هەڵنەگرتەوە، دەرچوو، ئەو کۆتر نەبوو، قەڵەرەشێکی ناشیرین بوو، دانەکەشی خوارد و منارەکەشی ناشیرین کرد، پووشەکەشی هێلانە نەبوو، تێڵی کارەبای رووتی بەرباران بوو.

ساتە خۆشەکە کورت بوو، فڕۆکەیەکی سەربازی بوو، تیژ و خێرا کانییەکەی بۆردمانکرد و بە یەک بۆمبا لە خوێنی وەردا، برینێکی گەورەتری پەیداکرد، ژانەکەی بە سۆتر کرد و قەتماغەکەی هەڵگرت و ژانی زۆرتر کرد، لەورۆژەوە ئەو تێگەیشت، ژنەکەی ناو فەیسبوکەکە زانی، ئەو بە خواردنی هەنارەکەش بە مەلەی ناو کانییەکەش، جارێکی تر قسەکانی ناو تەلەفۆنەکەی بۆ ناکاتەوە، ئەڵقەکەی لە پەنجە ناکاتەوە، بۆی رووت نابێتەوە، بۆی درێژ نابێتەوە.

چوار مانگ، ژنێکی بووکی دە دەقەیی، بووکی یەکجار رووتکراوە و شێلدراو، کەوتنە بنی دەریا و چاوەکانی ماسییە وردە جوانەکانی نەک نەدیت، ماسییەکان چاوەکانیان خوارد، بەرد و رووەکە نەرمە ئاوریشمییەکانی نەک نەدیت، لە

قاچەکانی ئالآن و ختمیان کرد. لە شووشەی پەنجەرەکانی هەردوو ژوورەکە هەڵم و تەمەکەی لادەبرد و سەیری فیلی ساردی بەفری دەکرد، دەمێک دەبوورایەوە و دوور دەڕۆیشت، تەلەفۆنێکی بۆ مێردە دە دەقەییەکەی دەکرد، تا بزانێت چی بۆ ساز بکات، بپرسێت سۆراخی تەواوبوونی ژمارە تایبەتییەکەی لە دەزگای (فۆرشکینک) ی ناوتۆمارکردن بۆ کرد. بەڵام لە دەرەوە و لەدڵەوە، ئەو بە نایەکی سارد وەڵامەکەی وەردەگرتەوە.

ئەو شەوەی عەرەب وتەنی، پشتی یەکتریان هێنایەوە، یان کردەوە، ئەگەر کازیوە سکی بوایە، کە حەزی دەکرد، ئەو شەوە ئەگەر هێڵکەی نووستووی سڕی، کۆرپەکە بەو پشت هێنانەوەیە لە خەو هەڵسابووایە، کە لە ماڵەکەی دەرچوو، کۆرپەکەی تەمەنی دەبووە نزیکەی چوار مانگ، دیارە کەوا بە پێنج مانگی تر ژانی دەهاتێ، ئەمبولاسەکە دەیگەیاندە نەخۆشخانەکە، سستەرە خوێن شیرینە وریاکان، زوو بازنەیەکی نایلۆنی ناو و ژمارەکەیان لە دەستی دەکرد، دەستە جلێکی تەنکی کورتیان لەبەر دەکرد و جلەکانی خۆیان بۆ لەناو دۆلابەکە دادەنا و لەبەرچاوی خۆی بۆیان گاڵدەدا و کلیلەکەیان دەدایەوە دەست.

لەورۆژە دەبوایە مێردەکەی، ئەو پیاوەی پشتی هێناوەتەوە لەوێ بووایە، لەگەڵ ژانەکان ژانی بۆ کردبوایە، دەستی لەسەر شان دانابوایەوە، لەناو کۆڵانە خاوێنە شووشەییەکانی بەشی مناڵبوون، پیاسەی ژانی پێکردبوایە، ژان لە دوای ژان، مێردەکەی ژانی بۆ سووک کردبووایە. باش بوو، ئاوەکەی ئەو تەنها هەنارەکەی شکاندبوو، قاشی کردبوو، سکی نەبوو، ئەگەرنا مێردە دە دەقەییەکەی لەو ژانە لەوێ نەدەبوو، نەدەهات ژانی سووک بکات، بەڵکو لە خەفەتی ئەوەی کۆرپەکەی لە بەژنی ئەوە، لە ژانی ئەو ژانە ژانی مردنی دەهاتێ، لە خەفەتی تەنهاییەکەی کۆرپەکەی دەبووە بەرد نەک مناڵ، نەدەبووە کوڕ و ناوەکەشی لە گەنجییەوە بۆی هەڵگرتبوو، لێ نەدەنا، کۆرپەکەی نەدەبوو کیژ و بسکی شانە نەدەکرد، چەند پەشیمان بوو، ئەو شەوە پشتی بەوە هێنایەوە، سەد ئەوەندە دڵشادبوو، هەنارەکەی نەکووشیبوو، ئەو هەنارەکەی کوشی، بەڵام کوشینێکی نابەدڵی بوو.

ئەگەر ئەو شەوە زۆر ژنەکەی کوشیبوایە، زۆرتر لەسەر پشتی مابووایە، رەنگە ئاوسی دەکرد. ئینجا کێ ناوکی مناڵەکەی بۆ دەبڕی، چونکە لەو وڵاتە، واتە کە کۆرپە چاونوقاوەکە بە گریان لە منداڵدانەکە بەژانەوە هاتە دەرەوە، پەرستارەکە زوو مقەسێکی خاوێنی تیژ، بۆ باوکی رادەگرن تا ناوکی مناڵەکە ببڕێت، کێ لەودەمانە ناوکی مناڵەکەی کازیوەی دەبڕی، کێ ناوەکەی ئەو مناڵەی هەڵدەگرت، خۆ ئەو بەئاشکرا لەسەر جێگەکەی خۆی لە مانگی چوارەم کازیوەی دەرکردبوو. ئەو پێی وتبوو، من تۆ وەک قاڵبە بەفرێکی ئەو شارە دەبینم، من سەرینەکەم دەوێ، تۆم ناوێ، من هەموو ئاسانکارییەکت بۆ دەکەم بۆ مانەوە و

ئیقامەکەت لەو وڵاتە، بەڵام لە ماڵی خۆم نا، لەسەر تەباخەکەی من نا، حەز ناکەم لە خۆگۆڕینی جلەکانی ژێرەوەشت بتبینم، من جانتای هاتنم بۆ هەڵنەگرتی، بەڵام جانتای دەرچوونت بۆ هەڵدەگرم، لەسەرشانی خۆمی دادەنێم، لەسەر ئەو بەفرەی دەرەوە هەتا شوێنی پاسەکان، هەتا ئێستگەی شەمەندەفەری شارەکە بۆ رادەکێشم، من ئوتومبێلم نییە، بەڵام بە شان جانتاکەت لەو ماڵە بۆ دەرەوە هەڵدەگرم. رووبەڕوو پێی وتبوو، من تۆم ناوێ، بڕۆ دەتوانی خۆت بدۆزیتەوە، لێرەش شانۆ هەیە، دەتوانیت نمایش بکەیت، لێرەش بەئاسانی رۆمیوویەک بۆ ژوولێتی خۆت بدۆزیتەوە، کەی کارت بە من بوو، بە خزمەکان داوام بکە، بە کەسی دووەم من دەگەمە لات، ئیشەکانت بۆ دەکەم، من لە ماڵی خۆم دەرت دەکەم، بەڵام لەو وڵاتە داتدەنێم. بەو چوار مانگ ئەو چوار قسەیەی بۆ کردبوو، بەو قسانە دڵی خۆی بۆ دەکاتەوە، پێی دەڵێت، من ساردم لەگەڵ تۆ، ناتوانم شەوانە سەیری هەنارەکەت بکەم، حەز نەکەم لەناو کۆشم بیکوشم، هەر شەوە و دەنکێکی بخۆم و بەسۆزەوە بیمژم.

***

پێش ئەو ژنە، ژنێکی ترم دۆزییەوە، ئەویش هاتنە بەر پەنجەرەکەم، وێنەی خۆی دانەنابوو، لە ساڵۆنەکان، لەبەردەم وێنەگرەکان بۆ وێنەکەی ئەو زۆر دەگەڕام، بەڵام خۆم بە خۆمم وت، دیارە تۆ شێت بوویت، لەو وڵاتە گەورە چۆن بە ناوێکی خواستراو وێنەی ئەو ژنە دەدۆزیتەوە.

بەڵام دوایی وێنەکەی ئەوم دیتەوە، دووبارە ونم کردەوە، کەوتە ناو گۆمەکەی بەر دەرگاکەمان، ناو ماستاوەکەی سەر سفرەکەمان، وێنەکەی ئەو شێلوو بوو، لەناکاو کازیوە بە خەمێکی گەورە و کارەساتێکی گەرمی سەر بەفرە کۆنەکە دیوارێکی بەرلینی نوێی لەنێوانمان دامەزراند، من کەوتمە باکوورەکە، ئەویش باشوورەکە، وەک جاران خۆرهەڵات و خۆرئاوا نەبوو، من بە بەشی خۆم رازی بووم، ئەویش لە پارچەکەی خۆی، خۆی لێ شاردمەوە، وەک جاران نەبوو، بەشە خۆرهەڵاتییەکە بەناو ئاو و بەناو ئاگر و بەکراسی بەری منالیان دەکردە پارووێک، ژنیان زووتر دەنارد، ژنیان بەڕێ دەکرد تا بگەنە خۆرئاواکەی ئەڵمانیا. من مامەوە و چیتر نەپەڕیمەوە، تازە ونم کرد، دانە گەوهەرێکی باڵابەرز بوو، بۆیە ون بوو.

دەستە خوشکەکەی، خوشکە ئەندازیارە گەورەکەی، پێیان وت، تەلەفۆنیان بۆ ئەو کرد، راسپاردەی دایکیان تێگەیاند، لە کێندەرێ خوێنی کیژینیت رشتووە، لەوێ بمینێیەوە، لەسەر ئەو بستە زەوییە خانوو دروست بکە، لەوێش باخچە پەرژین بکە، لەوێش کۆڵارە لەگەڵ با بفرێنە، پاش ئەوەی هەنارەکەیان شکاندی و خوێنیان بەسووری و بەنوێی رشتی، ئاوی کێندەرێ خاوێنی کردیەوە، تازە

نەسیبت کەوتووتە ئەو شارە، ناوی ئەو هەوارەت لە نێوچەوان نووسراوە. کیژەکەم مۆری ئیقامەی ئەوروپا مەدۆڕێنە، لە کێندەرێ بوویتە ژن، لەوێ مەمکت لە زارێ منالێک بنێ، لەوێ لەگەڵ منالێکدا شەڕە بەفرینە بکە، لەوێ بیر لە دیکۆری مالەکەت بکەرەوە، لە پەردەکان، لە گەرمی مومەکان و رەنگی سفرەکە و شێوەی کورسییەکانی نانخواردن بکەرەوە، تازە خوێنەکەت ئەوێی کردووتە هەواری تۆ، لەوێ دووریش بکەویتەوە، هەر چاوت لەوێ دەبێت، بۆنی خوێنەکە دەتباتەوە نزیکە سیسەم و شەرشفەکەت.

من تازە ناچمەوە، بڕیارم داوە، مێردەکەشم، ئەگەر منیشی ناوێت، بەوە رازییە، ئیقامەکەم بۆ نوێ بکاتەوە، خوێنم لە کێ رژاوە، لەوێ تۆڵەی خۆم لە نەگبەتییەکەم دەکەمەوە.

***

من بە هەشت بەردە گچکەکەی پێشەوەم دەووت سەرباز، کوڕەکەم دەیووت جووتیار. ئەو بە فیلەکەی دەووت راکەرەکە، من بیرم هەر لە ژنەکەی ناو فیسبووکە بوو، بۆیە ئەو وەزیرەکەی کوشتم، من دەمویست بزانم کازیوە کە وەک بووک هاتووە بۆ زاواکەی خۆی پاک سازکردبوو، چەند بۆنی هێنابوو، بڕیاری دابوو بەیانییەکەی پاش بەزاوابوون چ خواردنێکی بۆ ساز بکات، لەگەڵ دەستە خوشکەکانی تەلەفۆن بکات، بە دەرهێنەرەکەش بڵێت من شانۆیەکانی رۆمانسیم لەو سەفەرە و لەو شەوەدا نمایشکرد، ئەوجارە بەراستی بوو، ئەو ئەکتەر و منیش دەرهێنەر، ئەو دەرهێنەر و منیش ئەکتەر، هەردووکمان ئەکتەر و بینەر و پەردە و رووناکی و کارەبا کوژاندنەوە و پلیتفرۆش بووین، کەسی تر ئاگای لە شەوە درێژەکەمان نەبوو، کەس نەیزانی من چۆن پاشاکەی ئەوم کوشت، ئەو چۆن قەڵاتەکەی منی گرت، چۆن سواری ئەسپەکەم بوو، چەند سەرباز بوونە قوربانی مانەوەی مەلیک، چەند ئەسپە عارەبانەکەی ئەو شەوەی ئەویان راکێشا و گەیاندیانە سەر تەختە سپییەکەی من، سەر قەڵاتی هەردوو لوتکەی مەمکم.

من بیرم لەسەر دیالۆگەکەی بووکە ئەکتەرەکە بوو، کشێک لە پاشاکەم دەکرا، ئەو پاشایەی فارسەکان دروستیان کرد، ئەوان لەسەر ئەو تەختەیان دانا، لەوێشەوە گەیشتە ئەوروپا و ئەمریکا، ئینجا ئەوان، ئەمریکییەکان و ئەوروپییەکان هاتنە سەر تەختەکە و سەر بیرەکە و سەر ئاوەکە و سەر نانەکە و تیشکی گەرمی خۆرەکە و لمی نازداری دەریا سپییەکە و رەشەکە، هێشتا پاشاکانیان دێتە پێشەوە و دەیانەوێ بگەڕێنەوە ناو تەلارە کۆنەکەی شەترەنج، سەر تەختە کۆنەکەی فارس، یان فارس و گەمەی شەترەنجەکەیان بکەنە مقاشی ئاسن و چەک و ترس، نەک مەقاشێکی داری ئەمارەتە عەرەبییەکانی ناوچەکە. ئەوان بە هێمنی بێنە سەر کەناری دەریاکە و سەر نەخشەی دوورگەکان، یان بە

شەڕ دەگەنە هەموو شوێنەکان و بڕیارەکان بەنهێنی لەلای ئەوانەوە دەردەچێت، چونکە ئەوان جوانییەکان لە ئێمە جوانتر دەبینن، ئەوان دەزانن نەورەسەکان بۆ وادەکەن، ئەوان ئامادەن لە مزگەوتەکەی سەر قەڵاتەکەی سەلاحەدین لە قاهیرە پێڵاوەکان بەدەستەوە بگرن و بچنە ژوورەوە تا سالۆنی مزگەوتێک ببین، تا لەسەر گردەکەی قەڵاتەکە هەموو سەربانە کەلاوەکان و کۆڵانە شکاوەکان، دیوارە رووخاوەکان و شارێک لە دووکەڵ و لە تەم ببینن، تا بواریان بدەن لە دیار جەستەی رەماوی ئەهرامەکان بگرییێن، لە پەنا و بەرزایی حوشترەکان سەرسام بن. لە دیار ردێنی شکاوی پەیکەری دانیشتووی ئەبو هۆل لەناو حەشاماتەکەی خەڵکەکە دۆش دامێنن.

***

9

هێشتا ئەو نەگەیشتبووە سوید، لە ماڵەوە چاوەڕوان بوو، بەرنامەی ژیانی خۆی لەو وڵاتە و لەو پرۆسەیەدا دانابوو، بڕگەکانی بەرنامەکەی لە پێشڕەو و خەڵکی تر زانیبوو، ئەو پێی وتبوو، ژیان لێرە چۆنە، هەموو شتەکان، بەرنامەکان، داواکارییەکان تەواوبوونیان نییە، هەنگاو بە هەنگاوە، ئەگەر خەڵک نەجوڵێتەوە لەو سەرمایە وشک دەبێتەوە.

ماڵەکەم بە ساپیتەیەکی خەم و گریان دادەپۆشم، پەنجەرەکانی بە چاوە بە گریانەکەم چوارچێوەڕێژی دەکەم، ماڵێک لە سووتماک، نوایەک لە خۆڕاگریی. لەو ماڵەوە دەچمەوە ناو جیهان، دەچمەوە سەر شانۆ، بە تەواوبوونی گریانەکەم و کۆتایی فرمێسکەکانم، زۆر دڵنیام کە تەواو دەبێت، چونکە وادەزانم لە شێری دارستانە گەرمەکان ئەو چاوانم قەرز کردووە، هەڵدەستمەوە و لۆکاڵەکەی (رۆدە کۆرشت) پێدەزانم، لەوێ قاوەیەک دەخۆمەوە و لا دۆلابێکی تەسکی دڵەکەم بۆ ئەوان دەکەمەوە. بە ژنە بەتەمەنەکانی ئەو رێکخراوەیە دەڵێم من داماوم، دەرکراوم، بریندارم، لە شەڕ و کەمینەکان نا! بە دەستی توند و بە ئاگر گەرم نا! من لێم قەوماوە، پێیان دەڵێم، ئەوان گوێم لێ رادەگرن، دەزانم ئۆفیسەکەیان کەی دەکرێتەوە، دڵ و چاو و رازەکانم لەوێ دەکەمەوە. کازیوە بەو پەیڕەوە و بەرنامەیە شانەی کارکردنی داڕشت.

ئەگەر هەتا ئیمڕۆ چاوەکانم بە فرمێسک قسەیان دەکرد و نیگایان ئاراستەی پێشڕەو و چوار دیوارەکە دەکرد، ئیمڕۆ یەکەم رۆژی دامەزراندن و دەستبەکاربوونمە، باش بوو زانیم ئەو شەوەش کە هەنارەکەم شکا، کە ئاوە سوورەکەی من و ئاوە سپییەکەی ئەو نەبووە ناو و خەم و بار و سنووری نێوان هەردووکمان مناڵێکمان نەبوو. بەداخەوە وا دەڵێم، هەرگیز هەنار سنووری نییە، بەڵام کۆڵم گران دەبوو، درۆ دەکەم، هەموو ژنێک حەز دەکات هەنارەکەی بەردەوام ئاو و مانگ و ئەستێرەی تێدا بێت.

من لەسەر ئەو سیسەمە خوێنم رشتووە نارۆمەوە، من کە هاتم پاکیزەیەکی ناسک بووم، منت بە یەک هەفتە و لە یەک شەودا کردە پیرەژنێکی سارد و رەشپۆش، پشتت چەماندمەوە، ددانەکانت دەرهێنام، تا پیرم بکەیت چوار مانگ لە پەنجەرە و لەناو بەفری سپی و لە پۆستە زۆرەکانی دائیرەکان خەمت بۆ دەهێنامە ژوورەوە. من تۆش بەجێبهێڵم ئەو وڵاتە و بەرنامەکەی خۆم جێناهێڵم.
کازیوە بە چاوی بە گریانەوە بە زاوا یەک شەوییەکەی دەووت:

بەفری ئەو جەمسەرە هەموو بە خوێنی هەنارەی من سوورە، خوێنەکەم ناسڕێتەوە، بە غەدر رژاوە، دەستم دامێنت، بە شکاوی مەمنێرەوە بەر رەشەبا! ژنی شکاو هەرگیز دەرگای بەڕووی رەشەبا بۆ نەکراوەتەوە، ئەگەر بەژن و چاو و هەناسەشم ناگریت، جارجار دەستم بگرە و دەستت مەخەرە ناو بەرنامەکانم.!

پێشڕەو بە منگەییەکی سارد، بە چاوێکی کز وەڵامی دەداتەوە، بڕیارەکەی لە دەست ناوە و وتوویەتی:

بۆ ناردنەوەت ئەوە ناکەم، هەموو بێ وەفاییەکانی دەسەڵاتی خۆم بەڕووی ناز و دڵسۆزییەکەتم بەکارهێنا، چاکە و خۆشەویستی دڵەکەم من بەڕووی تۆم نەنواند، هەستم بە تۆ نەکرد، سەیری هەموو کەرەستەکانی ئەو ماڵە بچووکەم دەکرد، چەقۆکە لە پەنجەم خوێنی دەهێنا و زامداری دەکرد، بەو خوێنە چاوەکانم گایەکی هار بوون، شێت و بەو خوێنە داستانی خوێنی رژاوی چەند ساڵەی وڵاتی سۆماڵم بە یەک چرکە دەبینی، بەڵام بۆ خوێنەکەی تۆ، بە شکاندنی هەنارەکەت، وامزانی، من (فەرید شەوقی) م و شانم بە هیچ شاخێک ناکەوێت. لەناو ماڵەکە هەستم بە بەرداخەکان دەکرد، وامدەزانی چاون، گۆمە بچووکەکانی دەشتێکی باران نەدیو بوو، لەناو ئەو ماڵە هەموو کەرەستەکان لە تۆ گرانتربوون، بە شکانیان دەشکام، بە گومبوونیان رەنگم دەچوو، دەرزێکم تێدەکەوت، لەو ماڵەوە تەنها هەستم بە تۆ نەدەکرد...

ئەو قسانە، ئەو راستگۆیە وشکە رەقە، چاوەکانی کازیوەی تەقاندەوە، تەقینەوەکان مەرگەساتی پێوە بوو، رووبەرەکانی ناو جەستەی هەژاند و پایزی تەمەنێکی سەوز بوو، تەقینەوەی چاوی ئەو نیشتنەوەی نەبوو، ئارامییەکەی زۆری خایاند، توند لە گۆی چاوەکانی درا، بەلەز و بەناشیرینی دەفتەرەکەی بۆ خوێندرایەوە. پیتەکانی قسەکانی ئەوی هەڵگرتەوە، بە تەلەفۆن بە ماڵەوەی وت، بە دڵی خۆی راگەیاند، بە هەنارەکەی وت، بە شەمامەکانی ناو باخەڵی وت:

دەزانن من لەسەر شانۆ دەرکرام، ئەگەرچی لە دەقەکەش دەرنەچووبووم، درەنگ نەهاتبووم، هەموو ئەکتەرەکانم سەخڵەت نەکردبوو، پەردە تەنکەکەی شانۆم هەڵنەپچڕیبوو، دەریانکردم دەست بەگریانەوە دەیانەوێ بەرەو کۆشی دایکم رەوانەم بکەنەوە و چاوترساویان کردم!

ئیمڕۆ لەگەڵ من و ژنەکەی ناو فەیسبوکەکەم، پێنجسەد ملیۆن کەس فەیسبوک بەکاردەهێنن، سەد و سی ملیۆن کەس بەردەوام کاری لەسەر دەکەن، رۆژانەش حەوت سەد ملیار دەقەش ئیشی تێدا کراوە، ئەوانەش بە حەفتا زمان قسە دەکەن، لەوانە رێژەی سەدا حەفتای لە ئەمریکا دەژین، رۆژانەش بیست ملیۆن بابەتی نوێ تێدا دادەنرێت. منیش لەو هێڵە جەنجاڵەی فەیسبوک، ژنێک یەکسەر دێتە بەرامبەرم، ئەگەر دیار نەبێت لەسەر ئاو و ئاگر چاوەڕوانی دەکەم، دەمەوێ ئەو ملیۆنەها کەسە، لەناو ئەو پیتە نووسراوانە کە ژمارەیان تەواوبوونیان نییە، پیتەکانی ئەو دەگەنە سەر شاشەکەم.

دەمەوێ بزانم ئەو ژنە هەنارشکاوە، یەکەم رۆژە کە چووە خاچی سووری سویدی، کە لەگەڵ ژنە بە تەمەنەکە قسەی کرد، ئەو ژنەی بەو تەمەنەش بەو هەموو سەیران و کارکردن و هەڵگرتنی بەژن و جەستە ماندووی ناو ئەو بەفرە، چۆن وا کوڵمی وەک هەرمێ ماوە. بەڕاستی دوو هەرمێ ئەو ژنە، زۆر بە پەرۆشەوە دەخورا و تامیشی مابوو و دەکرێ ئەگەر لە ئیتاڵیا شەرابی لێ دروست نەکرابێت، ئەوا بۆ کازیوە ببێتە شەرابێک و مەستی بکات، بیکاتەوە دۆستەکەی هاملێت، دووبارە لە شەهرەزادە داماوەکە ببێتەوە ژنێکی هەنار پیرۆز.

ژنەکە فرمێسکەکانی سڕییەوە و هەڵسایەوە گوڵ و رەنگ و هیوای لێ دەباری، گەڕایەوە گوڵێک لە قاوە و شەکرێک لە قەند و پسکوێتی وێنەی دڵی لەبەر دەست دانا، ژنە کوڵم هەرمێییەکەی ئۆفیسی رۆدە کۆرشەکە، زۆرتر لەو نزیک دەکەوتەوە، کە قسەی لەگەڵ دەکرد وشەکانی وەک دەمی گوڵ لەسەرخۆ دەکردەوە و تامی هەرمێی رووی بە ئەویش دەدا، نێوانی تەمەنیان چل پەنجا ساڵێک دەبوو، بەڵام روومەتی ئەو هەرمێی شەرابی، هەرمێییەکەی کازیوەش ببوە پلاستیک، ببووە شووشەیەکی مەرەکەبی بەکارنەهاتوو، ببوە هەرمێیەک و لە گلۆپێکی سووتاو دەچوو.

(دەکرێ بپرسم، من لە تۆ بپرسم، پرسیار، دەزانی پرسیار چییە!؟).

(دەتوانم! پرسیار، دەزانم!).

ژنە سویدییە کوڵم هەرمێیەکە بە زمانێکی سادە و بە چەند وشەیەک لەو ژنەی ناو فەیسبوکەی گەیاند، کەوا ئەوان دەتوانن دەستی بگرن، دەتوانن هاوکاری بکەن، بەفری زۆر ئەستووری سەرشانە شکاوەکەی هەڵگرن، دەتوانن جۆگەیەک لە فرمێسکەکەی چاوەکەکانی بە نەشتەرگەری، نەک بە قسە و بە راسپاردە بۆ چارەسەر بکەن. پێیان وتبوو، تا باڵەکانت بۆ فڕین دێنەوە، تا دەبیتەوە کازیوە، بەفرەکەت بۆ دەماڵین و دەتکەینەوە بەفر. قاوە تاڵەکەی ناو فنجانەکەی بە شیرینی بەختی خوێندەوە، شەکرەکەی بەردەمی بووە شەکرەسێو، دانیشتنە خنجیلانەکەی سەر دوو کورسییە باریک و مێزە گچکەکە، رووی دونیای بۆ دۆزییەوە.

لەو قاوەخواردنەوەیەدا ژنە کولّم هەرمێیەکە زۆرتر لە کازیوە دەچووە پێشەوە، دەیویست ئەوەی بەبیربێنێتەوە کەوا ئەو لەگەڵ منالّە فنلەندییەکان بە فرۆکە بارکران، لە گەرمی شەڕەکەی زستانە سەختەکەی جەنگی جیهانیی دووەم، گەیشتووتە سوید، لەورۆژەوە لە مردن دەربازی بووە، لەودەمەوە چاوی لەوەیە بتوانێت قەرزی بەشرییەت بداتەوە، کەوا ئەو لە گەرمی نازی دایکی بێبەش بووە، بەڵام دایکێکی بەسۆزیان بۆ دۆزیوەتەوە، کە سوپا هارەکەی سۆڤیەت هێرش دەکاتە سەر وڵاتی فنلەندا، کە نازییەکان لە دەریا دەپەڕنەوە و وڵاتەکە داگیر دەکەن، سۆڤیەتییەکانیش دەردەکەن، شارەکان، میللەتەکە لەناو بەفر رەق دەبێتەوە، وڵاتەکە کاول دەبێت، ئەو لەگەڵ پەنجا و پێنج هەزار منالّی تر، لەگەڵ منالانی وڵاتانی بەلتیک. نەمساویی و پۆلۆنی دەگەنە ناو سوید، ئەو وڵاتەی شەڕی نەکرد، بەڵام زۆر منالّی تری لە مردنی شەڕ دەرباز کردبوو، لەوانە منالّە جوولەکەشیان تێدابوو.

ئەو ژنە دەیووت راستە سویدییەکان بە ئازایەتی رێکخراوە خێرخوازەکانی هەردوو وڵات ئێمەیان وەرگرت، ئێمەیان دەرباز کرد، بەڵام سویدیش خۆی پاش سەفەر و کۆچەکانی خۆیان بۆ ئەمریکا، بۆ پارە پەیداکردن و ئیشکردن چووبونە ئەمریکا، بۆیە ئەوانیش سارد بوون، بۆیەش لە هەزار کەسی سویدی، لەو دەوروزەمانەدا تەنها چواردە منالّیان دەبوو، بەڵام لەلای ئێمە زۆرتربوو، زۆریش نەبوو، وەک غەزە و ئۆردوگا فەڵەستینییەکانی ناو لوبنانیش نا، رێژەکەی منالّبوون لە هەزار کەسی فنلەندی دەگەیشتە نۆزدە کەس.

ئێمە کە هاتین بە میوانی هاتین، کە هاتین دایکوباوکمان نەمابوو، کە بەرێیان کردین، نەخۆش بووین، برینداربووین، دایکمان هیچ نەبوو بیخوات تا شیری هەبێت، باوکمان یان دیل بوو، یان سۆڤیەتییەکان کوشتیان، یان بەدەستی نازییەکان لەناوچوون، باوکمان نەمابوو، شارمان نەمابوو، لەو شەختە و بەستەڵەکەش وازیان نەهێنا.

ژنە کولّم هەرمێیەکە لەگەڵ قسەکردن لەگەڵ ژنەکەی ناو فەیسبوک دەستی بە تووکی سەگە گچکەکەی تەنیشتیان دادەهێنا و کلکی دەهەژاند و ماچی دەکرد، بە کازیوەی دەووت، تکا دەکەم رابردوو لەبیربکە، دەرگای دوێنی و هەفتەی یەکەمی هاتنت بە موومی سوور دابخە. ئەو وتبووی، من لەمێژە هیوام وابوو، کەسێک دالّدە بدەم، تاقەتی نازی منالّم نەمابوو، نەوەکانم ئەگەرچی دوورن، ئەوەندە دوورن وەک مانگ دەیانبینم، دوورن، لە ئەمریکا، لە مەغریب، لە یونان مالّیان هەیە، سالانە کارتێکم بۆ دەنێرن، جەژنانەم بۆ دەنووسن، منیش ماچ و حەسرەت و سۆز و بەس، بەڵام دیارە کەوا دێڕی نووسینەکان لەیەکتری راکێشراون تا درێژتر بن، بۆنیان پێدا کراوە تا بۆنداربن، ئەوانیش حەقیانە، منیان نەدیوە چ لە داپیرەیەکی ناو بەفر بکەن، منیش بوومەتە بەفر، شەختە، بەفر کەڵەپچەی

کردووم. نەوەکانم بوونە سویدی، بەڵام من هێشتا فنلەندییم، وازم لە رەگەزنامەی خۆم نەهێناوە. ئەوان دوورکەوتنەوە، ئێستا لەگەڵ ئەو سەگە ئازیزەم دەژیم، ئەو نەوە و کوڕ و میرات و میوانمە.

***

ئەودەمانەی من قسەم لەگەڵ ژنەکەی ناو فەیسبوکەکە دەکرد، ئەو دەیووت چەند کەس بەیەکەوە رووم تێدەکەن، داوا دەکەن قسەیان لەگەڵدا بکەم، دەیانەوێ من ببمە هاوڕێیان، دەیانەوێ لەگەڵ ژنێک قسە بکەن ئەگەر لە فەیسبوکیش بێت، حەقیانە ژنیان نەدیوە، هەموویان ژنەکان حەپس دەکەن، ئازادەکانیش بەشی ئەو ئاسمانە ناکەن، باڵەکان ئاسمانە فراوانەکان ناپۆشن، باڵەکان کەمن. کازیوە کاتێکی کەمی دەدایە من، بەر من نەدەکەوت، بەڵام سەرچاوەکەی لەکن من، من دەمزانی بۆ ئاسن لەناو خوێنی ئەو کەمە، من دەمزانی شەوی یەکەم کە هەنارەکەی شکابوو، ژانی ئەو لە هەموو کیژێکی تر زۆرتر ژانی هەبوو، لە هەموویان زۆرتر خوێنی رژابوو.

(فاتیمە) بە گوللەی باوکی سەری شەقکرا، بە قەد هەنارەکەی ئەو خوێنی لێ نەهاتبوو، کێسی هەردووکیان جیاوازە، فاتیمە بووە شەرەفی کورد و زۆرتر لە ئاڵا سێ رەنگەکەی ناسرا، زۆرتر لە سەرۆکەکان، لە کتێبە وەرگێڕدراوەکانیان، فاتیمە بووە نمونەی کیژێکی داماو و زوڵملێکراو، بووە حەرفی یەکەمی هەموو وشەکان، فاتیمە بووە خوشکی هەموو سویدییەکان، کیژی کوردەکانی هەموو پارچەکان، ئەندامی هەموو حزبەکان، چەپەکان راستەکان ئاینییەکان سۆسیالییەکان، گەنجەکان. بەڵام کازیوە هەنارەی شکابوو، دڵی شکابوو، درۆی لەگەڵدا کرابوو، جانتاکەیان بۆ هەڵنەگرتبوو، داوایان لێ نەکردبوو خۆی بۆ زاواکەی رووت بکاتەوە، ئەتکیان کردبوو، سەریان تاشیبوو، گوارەیان لە گوێیەکان پچراندبوو، کەسیش ناوی نازانێت کەس وێنەکەی نەدیوە، یەک وێنەی بە جلی رەش هەیە و بەس، یەک وێنەی کزی لە فەیسبوکەکە داناوە.

فاتیمەش دەیویست بچێتە ئەفریقیا کە کوژرا، ئەو هاتە سوید هەنارەکەیان شکاند و کردیانە شەراب، کەسیشی مەست نەکرد. فاتیمە بووە مانشێت و مۆدێلی مردنی مرۆڤ، بووە کێڵی گۆڕی هەموو گۆڕستانەکانی هەموو پارچەکانی کوردستان. ئەو رۆژەی فاتیمە کوژرا، کرایە رۆژی ماتەمینی لە سوید و کوردیش ناچاربوو لافیتەی رەش لە یەخە و لە سینگ لە سەربان و لەبەردەم مزگەوتەکان و کلێسا و بارەگای حزبەکان بدات. ئەو رۆژەی تەرمەکەی لە ئۆپسالا نێژرا، هەموو حکومەت و کۆشکی پاشایەتی و کامێراکان و زانکۆکان هاتنە پرسەی ژنی کورد.

یەکەمجارە کورد بە دەستی خۆی دەکوژرێت، باوک منداڵی خۆی لەبەردەم کامێرا کوشتووە، لەبەردەم کامێراکانی هەموو کەناڵە لۆکاڵییەکان و جیهانییەکان

و ئیسلامییەکان، یەکەمجارە کورد مناڵی خۆی بکوژێت، هەر دوژمنەکان دەیانکوژن، لە بەهاری ساڵی **1974** چەند فڕۆکەیەکی سۆخۆی سۆڤیەتی سەدان خوێندکاری خاوێنی خوێندەواری گەرمیان لە قەڵادزێ کوشت، کەس نەیزانی، تەنها نیگارکێشێک نەبێت، جەماڵ بەختیار نەبێت تابلۆیەکی بۆ دروستکرد، بۆنی خوێن لە تابلۆکەی دەهات، خوێنەکە لە خوێنی کازیوە دەچوو، وەک خوێنی ئەو بەنهێنی و لە ژوورێکی لاچەپ رژا، قەڵادزێیش ژنێکی داماو بوو، ئەو رۆژە جەلادەکان دڵرەقانە خوێنان رشت، بەختیاریش شاهید بوو خوێنەکەی هەڵگرتووە و کردیە تابلۆیەک، بەڵام ئەو بە فڕۆکەیەکی خۆمانە خوێنی رژابوو، خۆی لە دیار خوێنەکە زۆر گریابوو، لە دیار خوێنەکە مێژووی ژیانی نووسیەوە، لەودەمانە بڕیار دەدات بە پێخواسی و بە سینگی کراوە بچێتەوە ناو بەفر.

ئەو رۆژەی کە فاتیمە بە دەستی باوکی و بە شانازیی کوردایەتییەوە کوژرا، کوشتنی هەموو کورد بوو، تورکەکان ئاهەنگیان دەگێڕا، باوکەکان سەرشۆڕ و براکان شەرمەزار، کوشتنی بەرنامەی حزبەکان بوو، تیرۆری هەموو نووسەرەکان بوو، ئەوانەیان دەیانووت ئێمە دەرفەتەکانمان دزراوە، ئەگەرنا پاشای سەر دیجلە و فورات دەبووین، باڵمان کرا ئەگەرنا لەسەر جودی کەشتییەکەی حەزرەتی نوحمان چاک دەکردەوە و نەماندەهێشت ئەڵمانەکان تەختەی دار و نەخشە لەوێیەوە بهێنن، لەگەڵ شاخەوانەکانی ناوچەکان سەر بکەونە سەر چیای جودی. رەنگە کوردەکان مەبەستیان بووە لەگەڵ دانانی شانازی کەشتییەک لەو شاخانە بەفر و پڵینگیش ببینن، بۆیە دەستی هەوادارە ئەڵمانەکانیان گرت و گەیشتنە سەر لوتکە بەرزەکەی ئارارات، بیست ئەڵمان و کەسانی ناوچەکە رۆژانە هەشت سەعات کاریان کردووە، بۆ کارکردن لەو دارانەی کە بە چل ئەسپ راکێشرابووە سەر چیاکە، کەشتییەکی داریان بردووتە سەر چیایەک کە بەرزاییەکی دەگەیشتە دوو هەزار و پێنجسەد مەتر لەسەر ئاستی هەموو دەریاکان، کەشتیەکە دە مەتر درێژ و پانی و قووڵاییەکەی چوار مەتربوو، بەڵام بۆ مێژوو زۆرە. تورکەکان رازی بوون دۆستە خێرخوازەکان ئەو کەشتییە دروست بکەن بە مەرجێک لە داهاتوو سوودی گەشتیاری هەبێت.

***

**10**

ژنە کوڵم هەرمێیەکە لاپەڕە رەشەکانی دەفتەرەکەی بەرباخەڵی کازیوە دەردەهێنێت تا بیانسوتێنێت، دوێنی لەبیر بکات. لەبیری بچێتەوە رۆژانێک شانۆی لەبەرچاوی ئەو پیاوە تەڵاقدا، ئەویش والێرە بەئاشکرا تەڵاقی دەدات، بۆیە دەیویست کۆنەکان بشارێتەوە. بەڵام ئەو خۆی فنلەندای لەبیر نەکردووە، چونکە تێر شیری دایکی نەخواردبوو، مناڵەکان دەربازبوون، بەڵام گەورەکان

زۆریان وەک جوولەکەکان لەناوچوون، بە گازی دابڕینی منالّەکان بە گازی دوو داگیرکەر سوتان، جوولەکە یەکجار سووتان و دوورکەوتنەوە و تێگەیشتن، ئەوان لە فنلەندا دوو سوپای سەرکەشی زۆرداری ئاگر بەقین مالّیان سوتاندن. سۆڤیەتییەکان بە بیانووی کوشتنی چوار سەرباز بە گوللەتۆپێکی نادیار ولاّتێکیان داگیرکرد، نیو ملیۆن سەربازیان نارده ناو ولاّتەکە و چەند کرێکارێکیش بەسۆزی حزبایەتییەوە حکومەتێکی کارتۆنییان دانا، بەلاّم ئەو منالاّنەش ئەوانەیان قبوولْ نەبوو، بۆ ئەو منالاّنە هیچیان پێ نەکرا.

ژنەکە کە منی ناسی، لە دەفتەری منی خوێندەوە، چەند لاپەڕەیەکی ژیانی بۆ نووسیم، پیتەکان وەک بلْقی ئاو دەردەچوون، هەلْدەپەڕین، بەپەلە دەهاتن، ئەوەندە لە من نزیک بوون زۆری نەمابوو پیتەکان بە دەستی بگرم، بۆنیان دەهات، گولاّو بوون، پیتەکان باران بوون، بەخۆشییەوە لە ئاسمانی ئەو دادەبارین، دەبوونە گولْ و گەنم بۆ نووسینەکەم.

ئەو وتی:

من داخوازییەکەم ئەوم قبولْ کرد، ئەو گەڕایەوە، بەیەکەوە ئیشەکانمان تەواو دەکرد، دەستمان لەناو دەست بوو، هەندی قەندیل دلْم گەورە و رووم سەوز بوو. ئەو وتی، واتە ژنەکە بۆی نووسیم:

ئێمە مارە کراین، ئەو گەڕایەوە بۆ سوید، من چوومە تاران، لەویَ لە سەفارەت ئینتەرڤیووەکەم کرد، بە دوو سەد دۆلار کابرای ناو بازاڕ تەسکەکە، پاسپۆرتەکەی بۆ بردم و لە تاران ڤیزاکەی بەئاسانی بۆم لێدا. کە من گەیشتم. لە یەکەم سەمای بووکە ماندووەکە و زاوا خەوتووەکە، ئەو بە نازەوە وتبووی سەرمامە!؟ ئەو نەیوتبوو:

وەرە با گەرمت بکەمەوە!

ئەو وتبووی:

برسیمە!

ئەو پەرۆش نەبوو!

ئەو بەسۆزەوە خۆی رووت دەکاتەوە.

ئەو سەیری جەستەی ڤینوسی شووشەیی ترساو و بەتاسەی ئەوی نەکردبوو!

***

دیارە کەوا هەندێک لەو قسانە، کەوا بە ناوی ژنەکە دەیکەم، من خۆم زیادم کردوون، من یەک وشەم کردووتە رستەیەک، ئەو سەفەرەکەی بە یەک وشە باس دەکرد، من دەمزانی چوویتە تاران و دایکوباوکی لەگەلْ بووە و بەیەکەوە لەو شارە گەورە سەیرانیان کردوە، سەردانی دکتۆریان کردووە، لەو شارە گەورە شەقامەکان ماندووی کردون، شەیدابوون بۆ جوانییەکان، مەستبوون بۆ خەمەکانی ئەو شارە. ئەو هەر ئەوەندەی وت، لە سەفارەت دیمانەکەمان کرد، بەلاّم من

دەزانم ئەو زوو پرسیویەتی، کەی وەڵامەکە وەردەگرمەوە، کەی ئیقامەکەم تەواو دەبێت. من باش دەزانم ئەو وتوویەتی، دەترسم سکم هەبێت، تا دیمانەکەی زوو بۆ بکەنە و راپۆرتەکە و رەوانەی سویدی بکەن، ئەو وتوویەتی هەستدەکەم پێشڕەو منی ئاوسکردووە، ئەو بوویتە باوک و منیش بەشانازییەوە بوومەتە دایک، دایکی کۆرپەیەکی سویدی. لەو شارە چوونەتە کۆشکی شا و نازەکانی شاهبانۆیان لەو کۆشکە هەست پێکردووە، لەناو بەژنی مەیدانی ئازادی وێنەیان گرتووە، دەم نادەمێکێش تەلەفۆنێکی شەیدایی و سووتانی بۆ دەستگیرانەکەی کردووە، ئەوەی یەکجار بواریان بۆ سازبوو بەیەکەوە هەناسەی یەکتر هەڵمژن. ئەو بە یەک وشە دەینووسی یەکجار شەوێکیان پێشڕەو، هەنارەکەمی خوارد، من سەد جار شکانی هەنارەکەی ئەوم باسکردووە.

من وتوومە هەنارەکەی ئەو بارانی پایزیشی نەدیبوو، هەنارەکەی ئەو لە لێکردنەوەش دەستی جووتیارەکەی نەگەیشتێ، هەنارەکە گەییوو بوو، خۆی لە لقەکە دەکەوتە ناو باوەشی مێردەکەی، خۆی چوویتە ناو سەبەتی سەر سیسەمەکە و خۆی بووە بە شەرابێکی شەیدای چاوەڕوانی ناو گلاسێکی تەنکی لار و دەمکراوە! وا من سەری ماندووی زەمانەکانی بۆ دەهەژێنم، یان پیری شەرابەکە بوو سەری توند هەژاندوم.

ئەو وتی:

من لەگەڵ ئەو، کە دەست لەناو دەست، لەلای وەرگێڕەکە مۆڵەتەکەی مارەکردنەکەم کردە ئینگلیزی چووینەوە ماڵەوە.

من ئەو چەند دێڕە درێژەم بە باڵای ئەو وەکرد و نووسیم:

کە ئەو دوو دەستگیرانە دەچنەوە ماڵەوە، تەنها داپیرە نەخۆشە بینایی کەمەکەیان، ئەوەی شەکر دەستی رەشی شیرینی خۆی، لە هەردوو چاو و لە هەردوو قاچ و لە هەردوو گورچیلەی دابوو، تەنها ئەو لە ماڵەوە بوو، بۆیە ساتێک دەستی کوڕەکە دەگاتە سەر سینگەکە، دەمێک لەسەر تەختە سپییەکە، چەند حەرفی رەش دەسڕێتەوە، چەند دڵۆپە ئارەقەی شەرم پەرت دەکات، لەو دانیشتنە تاریکەدا دەستی کوڕەکە و دەستی کیژەکە بەدوای شتی ونبوو بە لەرزینەوە و سەما و ترس و شانازییەوە دەگەڕان.

من ئەوەشم بۆ دیمانەکە زیادکردبوو، وەک ئەوەی لە دەرزی شکاوی پەنجەرەی بەیتونەکە، کە رووی لە شەماڵی چیاکە بوو، بینیم، کیژەکە بووە دەستماڵ! بووە هەور و دوور رۆیشت. پەنجەکانی لەناو مەمکەکە نقووم بوون، پەنجەکان گیربوون. وەک ئەوەی من لەسەر دارتێلەکەی کە کارەباکەی وزەی تێدا نەمابوو، لێم دیار بوو کە کوڕەکە رۆیشت، دوا ماچێکی تری بە پەرۆشەوە لەناو دەمی تێنووی ئەو کرد، وەک ئەوەی ماچەکانی تر لە ژوورەکە لە کۆشیان کەوتوونەتە خوارەوە.

من لە دەرزی دەرگاکەوە دیتم، کە کیژەکە کوڕەکەی بەڕێکرد، بەنازەوە دەیووت هیچمان بۆ سوید نەهێشتەوە، تامی هەموو بەشەکانی وڵاتی منت کرد، هەمووت داگیرکرد و لە هەموو گوندەکانی من گوڵەگەنمت دروێنە کرد. لەسەر پەنجەرە چوارگۆشەییەکەی فەیسبوک، دوو وشەم بە قوڵاب و چەنگاڵ دەرهێناوە و کردوومە بە رۆمان، بە ئاخاوتنێکی شیرین.

لەو چەند وشە کورتانە من داستانی درێژی خەماویی ئەوم بیست، وشەکان، شوێنەکان، بۆنی خەمی ئەو، ساردی بەفرەکە و ترشی هەنارەکە بەس بوون تا من زۆر بنووسم، ئەو دەیووت:

کە تۆ نووسەری ئەو چەند وشەیەی بۆم نووسیت بەسە، من چیتر ناتوانم رۆژە رەشەکان بگێڕمەوە، بەبیرم مەهێنەوە. کە قسەم بۆ ژنە سویدییە کوڵم هەرمێیەکە دەکرد، ئەویش ژانەکانی بۆ من دەهۆنیەوە، ئەو دەیووت:

دایکم نەخۆش بوو کە سۆڤیەتییەکان هاتنە شارەکەمان، باوکمیان لەبەرچاوی ئەو برد، ئەویش زۆر لە پاش باوکم نەژیا، بە سەرما مرد. ئەوان بۆیان نووسیوم، سەربردەی مناڵەکانیان کردووە بە چەندین رۆمانی درێژ لە خەم و گەڕانەوە و مانەوە و هەڵاتن و ونبوون لەنێوان دوو وڵاتدا. ئەوان دەڵێن من لەناو باوەشی ئەودا بووم کە ئەو مردووە، من لە باوەشی دایکم بووم تا گەرمم بکاتەوە، کە مرد و سارد بۆوە، بووە تەختە دارێک قەدی شکاوی (دارگران) ێکی دارستانەکەمان، من دوا لێدانی دڵی ئەوم ئێستاش لە گوێیەکانم ترپەیان دێت. زۆرمان لەلایەن فنلەندییەکان و سویدییەکان و داگیرەکانی وڵاتەکەمان لەسەر نووسراوە، تۆش خۆت بدە دەست نووسەرێک، با حیکایەتی بەژن و چاوە ساردەکانت ورد و رۆمانسییانە بنووسێتەوە، با لەورۆژەوە دەست بە نووسینەوەی تۆ و خەمەکانت بکات، تا حەرفەکان ون نەبن، تا زەنجیری جانتاکانت نەپچراوە، تا بۆنەکان نەبوونەتە ژەنگ، تا خۆت نەبوویتە رۆمانێکی دەستنووس، با ئەوان بتنووسنەوە، چاوت چەند گریاوە، دایکت چەند گریانی بۆ رەوانە کردی. یەکەم کاروانی فرمێسک لەو وڵاتە لەو دایکانەوە بووە کە مناڵەکانیان بۆ کارکردن چوونە ئەمریکا، کە تایتانیک نقووم، کە نامەی رزگاربووەکانی ئەو کەشتییە گەیشت و تەرمی ئەوانی تر نەگەیشت، نامەکانیان لە مۆزەی پۆستی ناو (گەمەستان) ی ستۆکهۆلم دانا و نووسەرەکانیش چەندین رۆمانیان بۆ خوێندنەوەی سویدییە کۆچبەرەکانی ئەمریکا بە فرمێسک نووسی، بە خەم تایپیان کرد بە سەرما بەرگیان کرد، بەشانازییەوە مانەوە و بە جوانیش وەرگێڕدرانە سەر چەندین زمانی زیندوو و کەوتنە ناو کتێبخانەکانی جیهان.

***

پرۆفایل و کۆمێنتەکانی فەیسبوک لە دەریاش قووڵتر و بەرینترە. ئەوانەی لەناو پاپۆڕێکی شکاوی قاچاخچییەکانی دەریای ئیجەی نێوان تورکیا و گریس،

ئەو دەریایەی ئەو دوو نەتەوە و ئەو دوو ئاینەی لەیەکتری دوورخستەوە و یەخەی یەکتریان بەردا، دەستەواژەکان زۆرن و با نەکەوێتە ناو دەریا، شەوە ساردەکەی رزگاربوونیش دەیانکوژێت، ماوەیەک ژێرئاو دەبن، دوایی جەستەی پاشماوەی بەر ماسییەکان، یان تەرمە یاخییەکانی تەنهایی هەر سەرئاو دەکەون، بەڵام ئەوەی لەناو فەیسبوک خۆی رەشکردەوە و پەنجەرەکەی بە رووی تۆ بە توندی داخست و دەسکەکەی دەکەوێتە لای ئەو، رووەکەی دەکەوێتە دیوەکەی ئەو، دۆزینەوەی وەک شیعرەکانی حاجی قادری گۆڕەقەرەجی کۆیی ئەوانەی لە ژیانی ئاوارەیی ئاستنبۆل نووسیویەتی ون دەبن! کێ دەڵێ ئەو شیعری نووسیوە، کێ دەڵێ ئەو سووتاوە و دووکەڵەکەی بووتە هەڵبەست و هەڵچووە، کێ دەزانێت، بێگومان نووسیویەتی، نووسین هەناسەیە و وەستانی لەگەڵ هەناسەیە!

که پیرەمێردی نەمر چاپخانەیەکی گەورەی لە بن دەست بووە و هەزارەها لاپەرەی گەوهەری نووسی، رۆژنامەی دەرکرد، پەندە کوردییەکانی بە هۆنراوە هونیوەتەوە، بەڵام سەفەرنامەی خۆی نەنووسیوە و رۆژانەی مردنی وەفایی شاعیری نەنووسیوەتەوە کە لە رێی حەج دەڵێن هاوڕێی ئەو بووە، لەو رێیەدا بیابانی خۆی و گەرما و  شیعرە ناسکەکانی کوشتیان، رۆژانەی ئاوارەیی هاوڕێیەکانی تۆمار نەکردووە. ئەو مەولەوی نووسیوەتەوە، بێسارانی، وەلی دیوانە، زۆری لە رەشبوونە دەرباز کردووە، بەڵام دەیتوانی یەک دەفتەری سەفەریش بنووسێتەوە، قەڵەندەرخانەکەی فەیسبوکی سەردەمی نوێی پاش رووخانی دەوڵەتی عوسمانی بوو، هەموو رووەکان روویان لەو بوو.

کازیوە کەوتە ناو ماڵێک رازاوە بە موم، گوڵ لەبەر پەنجەرەکان و لەبەر دەرگاکە و نزیک پشیلەکە و سەگەکە و ببوونە چوارچێوەی وێنەکانی دایکە سەرمابردووەکە و باوکە چاوە گەورەکە کە بەدیلی لەناو سوپای سوور نەهاتەوە، تا دەستی ژیانیان بۆ درێژ بکەن پۆشیبوو.

ماڵێک یەکەم مەشقی سواربوونی پاسکیلی پێکرد. لەو ماڵە ئەو ژنەکە بەرگی پەپوولەی لەبەردەکرد، تا چاوەکانی کازیوە باخچە ببینێت. داری یول بە گلۆپە وردەکانەوە تروسکاییەکیان پاڵ دەدایە ناو ئەشکەوتە تاریکە داخراوەکەی دڵی ئەو. لەو ماڵەدا، ژنەکە پارە و داهاتە مانگانەکەی لە قژ و نینوک و کوڵم و جوانکارییەکانی رووی سەرەف دەکرد، ئەو ژنە دەیویست رووی ئەویش نازدار بکاتەوە، تەمە رەشەکەی بەنازەوە بۆ هەڵگرێت.

یەکەم شت ئێوارەیەکیان روویان لە بەفرەکە بوو، لە تەنیشت مومەکە و لەگەڵ سوتانی خۆی و مومەکە ژنەکەی فێری کرد، چۆن (بوولەر) ی سویدی دروست بکات، هەویری پێ شێلا، پانیان کردەوە و چەوریان کرد، بە هیڵ و بە دارچین و شەکر و شیر لوولیاندا، بەیەکەوە وەک دڵی کازیوە، بەڵام بە سەبری بڕیان، نەک

وەک بڕینی هەنارەکەی ئەو، وەک بڕینی هەموو خەونەکانی ئەو، بەیەکەوە بوولەرە ناسکەکەیان سوورکردەوە، بوولەرە سوورکراوەکان لەناو فڕنەکە سەمایان بۆ مێزە جوانە سازەکە دەکرد، بوولەرەکان وەک دڵی کازیوە شل و ناسک و شیرین سازبوون.

لەورۆژانە پیاسەی ئێواران و قسەکردن لەسەر وەرزش و خۆشەویستی پشیلە و سەگ و باڵندە مەستەکانی ناو قەفەسە گچکە هەڵواسراوەکانی قەدی دارەکان، دیمەن و نیگاکردن بوو. کازیوە بووە ژنێکی سویدی، رۆژانە بە ژمارە چەند وشەیەک زمانی سویدی لە باخەڵ دەکرد، فێر دەبوو دارستانەکان چۆن وا کەسکن، بەفرەکە بۆ پیرۆزە، چونکە هەناوی ئەفریقیا فێنک دەکاتەوە، ئەدی ئەوان نەبوون، بەڕەوە و بە رێبەرایەتی کڵێسایییە تایبەتییەکان چوون و سەرەتاکانی ئاین و خوێندەوارییان بۆ ئەفریقیای داماو برد، کە دەستومەچەک و شانی ئەستوور بۆ بنیاتی ئەمریکا بە زۆر دەچوون، کە قۆڵبەستیان دەکردن، ملبەستیان دەکردن، بە هەرزان دەیانکڕین و بە زۆریش سواری پاپۆرەکانیان دەکردن و لەوێش بە گران دەیانفرۆشتن! بەڵام سویدییەکان، دەست بە کتێب، پەنجە وەک ئەستێرە، چاو وەک دەریا، بەشێکی ماڵ و کێڵگە و رۆحی ئەو میللەتە و ئەو خاکە زێڕینەیان پاک کردەوە.

لەورۆژانەی ئیشەکەم کەوتبووە بەر دەزگاکەی فەیسبوک، لەورۆژانە زۆر رووداوی سەیر یەخەیان دەگرتم، هەندێکیان خۆم لێیان بەرپرس بووم، خۆم بۆ خۆم چاڵەکەم هەڵکەندبوو، زۆریان وێنەی سینگی رووتیان، بەژنی... هەبوو ناسک بوون، لە تەمەنی دار زەیتونێکی باخچەی خانووێکی نوێ، تازە فەریک بوون و چاوەکانیان نوێیان دەکردمەوە، لەو کارە رووبەڕووی زۆر سینگ و مەمک بوومە، ژنەکەی ئەو بەری دەریا و زەریا گەورەکە شەوێکیان منی مەست، بە بۆنەکەی مەستی، ئەویش بە شەرابە سوورەکەی بەردەمی مەستتر بوو، بە مەستییەوە وتی:

پیاوەکەی ناو فەیسبوکەکە، ئەوەی لە پەنجەرەکەم ئەوەندە نزیکی، زۆرت نەماوە دەستت بگاتە مەمکەکانم، ئەوەی پێنج ساڵە کەس رووبەرەکەی نەپێواوە، لوتکەکەی نەگرتووە، گوڵەکەی ئاو نەداوە، بەندییەکەی ئازاد نەکردووە.

ئەی پیاوەکەی بەر پەنجەرەکەی من، تۆ کە ئەوەندە سەودای سەفەری دووری، بۆ ناپەڕیتەوە و سەردانم ناکەیت، دەریاش حەز دەکات تۆ بۆ سەمایەک لەگەڵ مندا بپەڕیتەوە.!؟

پیاوە نووسەرەکە، وەرە یەک هەفتە من خۆم بۆ تۆ تەرخان دەکەم، من بنووسەوە، من چاپ بکە، تۆ ئازایت لە چاپکردن، من لە بێ ئاگایی و مەستییەوە هەموو جوانییەکانی خۆمت دەدەمە دەست، ئازادانە هەموو پانیایی سینگم بکێڵە، بە ئارەزووی خۆت، چۆنی تۆ دەکەیت، چۆنی ئاو دەدەیت، بارانی بەهاریت بە سەردا ببارینە، لێشاوی شەوە تاریکییەکانی تێ بکە، وەرە من لە فڕگەکە

چاوەڕوانت دەکەم، من بە دانیشتووانی گەڕەکەکەمان دەڵێم، بە پۆستەچییە لاوازەکەی سەر پاسکیلەکەی کۆڵانەکەمان دەڵێم:

من پێنج ساڵ پیاوێک نەبوو، چاوەڕوانی بکەم، وا ئەوجارە لەناو بەفرەوە پیاوێکی سپی دەگاتە لام، لەو شەوانە ئێوە چراکانتان بکوژێنەوە، مومەکانتان ئاگر مەدەن، دەرگاکەی من و پەنجەرەکانم پێ مومدار بکەن، لەو چەند ساڵەی بەتەنهابووم، من! زۆر سەیری کوژانەوە و هەڵگیرسانەوەی چراکانی ئێوەم دەکرد، ئەو هەفتەیەش ئێوە سەیری چرا گەشەکانی ژوورەکەی من بکەن، با کەمێک لە بەفر بتاوێمەوە، لەگەڵ بارانەکەی ئەو خاوبمەوە، با هەموو ژانی چاوەڕوانییەکانی تورکیام لەبیربچێتەوە، با ناشیرینی پیاوەکان جوان بکەمەوە، با ئەو پیاوە سپییە بەفرم بۆ بهێنێت.

ژنەکە سینگی لە پەنجەرەکە دەهێنایە پێشەوە و چاوەکانی کە ئەستێرە بوون و حەزیان پێوەبوو، بە منی دەووت:

وەرە پیاوە سەرسپییەکەی ناو پەنجەرەکەی فەیسبوک، بە دوو جانتای دەستی گچکەوە دەچینە سەر کەنارە گەرمەکانی کوبا، دوور لە ئۆتومبێلە ئەمریکییە کۆنەکانیان، دوورتر لە سەرۆکە نەخۆشەکەیان، نزیک لە گەرمی هەناسەیان، نزیک لە سۆزی موزیکەکەیان خۆمان لەناو دەریا دەخنکێنین.

ژنەکە بۆی نووسیبوم:

وەرە و دوودڵ مەبە، بڕیارێکت دوورییەکە نزیک دەکاتەوە، با ژن و پیاوێکی کوردیش دۆستانە سەفەرێک بکەن، وەک ملیۆنەها سۆزدارانی ئەو دونیایە، با سەفەرێکی نوێ بکەین. ئەوجارە من و تۆ وەک مەکسیکییەکان سەفەرێکی شاراوە بکەین، نە من تریاکم دەوێ نە تۆش کۆکایینیت، من سینگ و مەمکم ئامادەیە وەک دیارە، تۆش نووسین. دەچینە کوبا نەک بۆ دیتنی گیڤارا، چونکە ئەو لەوێ نەماوە، لەوێ تووڕە بوو، ئەوان پاش سەرکەوتنی شۆڕشەکە کردیانە وەزیر و خەڵکیان پێ دادگایی کرد، ئەو لەوێ نەماوە، هەستی کردبوو شۆڕشەکە ساتمەی کرد و لار بوویتەوە، ئێمە بۆ شۆڕش و دژایەتی کەس ناچین، بۆ کارێکی نهێنی دەچین، هەردووکمان بۆ دژایەتی یەکتری دەچین، یەکتر تووڕە دەکەین، یەکتری هار دەکەین، من شێتت دەکەم، تۆش بنووسەوە. تۆ دەمارم بگرە و منیش پشتت دەشێلم، من دەنووسمەوە، تۆش بمخوێنەوە. تا کوبا دەگۆڕین لەوێ دەبین، بە یەک هەفتە ئەو وڵاتەمان پێ دەگۆڕێت، دەتوانین بیگۆڕین، لەوێ رەوشێک ساز دەکەین، هەموو بۆنەکە مەستیان بکات، لەوێ ئەوانیش بێنە سەر کەنارەکە و دەست بە سەماوە لەئامێزمان بکەن، دەچین پێیان دەڵێن، هەموو پیاوەکانی ئێمە ئەوانەی ناومان نابوون کاسترۆ و گیڤارا هەموومان هێناوەتەوە، دەبێ قبووڵیان بکەنەوە.

***

ئەگەر نووسین بۆ ژیان بێت من بە ژیانی دەزانم، کە ژیاننامەی کازیوە دەنووسمەوە، کۆشش دەکەم پیرۆزیی ژیانی ئەو، بەو چەند پیتە بچنم، بیکەمە دیوار، گوڵ، گەنم، ژیان. ئەو دوو پیتەم لە فەیسبوک بۆ بنووسێت من دەیکەمە یەک پەڕەگراف، یەک مانگی ژیانی ئەو داستانێکە، خەمی ئەو گەورەیە پرسەیەکی کۆتایی نەهاتووە.

کازیوە بە ژنە کولّم هەرمێیەکەی خاچی سووری سویدی وتبوو، دەست لەسەر شوێنکم دابنێت، هەمووی دەترویّنیّت، ژان لەناو جەستەم پەرتبووە، هەنارەکەم شکاوە، ئابڕووم بڕاوە، دەستم لەسەر بەرزکراوەتەوە و خوێنم تاڵ بووە، زمان لاڵ، قسەکردنم لەبیرنەماوە، بوومەتەوە منالّێکی ساوا، پیرەژنێکم و شەکرەم هەیە و گورچیلەکانمی ماندوو کردووە، من دەستێکم دەوێ دووبارە گاگۆلّەم پێ بکاتەوە، چاوەکانم بە پیتەکانی نووسین ئاشنا بکاتەوە، رووناکییەک بمباتەوە سەرشانۆ، تاریکییەک رووتم بکاتەوە، ئاوێک بمشواتەوە.

ژنەکەی ناو فەیسبوکەکە، بووە هەرمێیەک لەناو دەست و سەرمێز و خوانی ژنە کولّم هەرمێیەکە، لەورۆژەوە جانتاکانی گواستەوە مالّەکەی ئەو، ژنە لە خاچدراوەکە بووە مێوانی خاچی سوور، لەورۆژەوە خاچەکەی شان و ملی لە کۆڵ دەبێتەوە.

***

11

لەسەر کورسییەکی باخچە جوانەکەی (کونگتریّدگۆردن _ باخچەی پاشا) ی ستۆکهۆلم گوێم لێبوو کوڕێکی گەنج بە زمانی کوردی تەلەفۆنی دەکرد و دەیووت:

لەبیرت چوو من و تۆ بە ماچ گوڵ و باخچەی بەردەگای بالّەخانەکەمان ئاو دەدا، بەیەکەوە بە ماچ تەماشای فیلمی شەوانەمان دەکرد، بە ماچ و زۆر بە شیرینی جنێوم بە تۆ دەدا، بە ماچ دایک و باوکتم رەزیل دەکرد، بە ماچ پلیتی فرۆکەم بۆ دەبڕیت، بە ماچ بنەمالّەکەی خۆمم بە قوربان دەکردی، هەر بە ماچیش نانمان دەخوارد و پیتزامان بۆ یەکتری دەبڕی و پاروومان دەکرد، هەفتانە هاندلەمان (کڕینی کەرەستەی رۆژانە) بە ماچ دەکرد و لەسەر کاسەکەش بە توندی ماچم دەکردی. من شەرمم نەدەکرد لە پێش دایکوباوکت ماچم دەکردی، ئەگەرچی تۆش سەرەتا شەرمت دەکرد و لێوت دووردەخستەوە، من لەتەنیشت دایکوباوکە پیرەکەم هەر ماچم دەکردی، بە ماچ شەو و رۆژمان دەکردەوە، من تۆم لەپێش کارمەندە رەزاسووک و ناسکەکانی (سویدبانکن) و (نۆردیا) بانک ماچمم کردیت، لەپێش (ئوپۆتێکت_دەرمانخانە)، لەپێش مامۆستاکەی (ا س ف _ فێربوونی زمانی سویدی بۆ بێگانە) ماچم کردیت، لەپێش بەڕێوەبەرەکەی کارەکەم، لەناو (مەکدۆنالس)ەکان کە جاروبار نانمان تێدا دەخوارد، لەناو

تونێلبانە و لەپێش دائیرەی میگراشون (دائیرەی پەناخوازی) و لەناو قەرەباڵغی سەفارەتی عێراقی و لەناو گەلەریانی (شیستا) و لەناو کەبابخانەی (کوردستان) و لەناو بەنزینخانەی (شێل) لە سەنتەری (رینکبی)، لە بازاڕە گەورەکەی (شارلهۆلم) لە ژووری غەسالە و لەلای کابینەکانی زەبڵ و لەتەنیشت هەردوو خوشکەکەت و لەبەردەم هەر سێ براکەم ماچم دەکردی، من تۆم بە ماچ دەناسیەوە و بە ماچیش تووڕەبوونتم ئاشت دەکردەوە، بە ماچیش مەست دەبووم بە ماچیش دەچوومە سەرکار.!

کە بەیەکەوە دەچووینە فرۆشتگا گەورەکەی (ئیکیا) و (لیدل)، لەناو بازاڕی باریک و کۆنی (گەملەستان)ی ستۆکهۆلم زۆر بەپەلەبووم بگەڕێینەوە ماڵەوە، کە کتێبەکەی فێربوونی شوفێریم بۆت ئاساندەکرد، دەستم بەردەوام لەسەر شانت بوو، لە میوانداری بە پەلەبووم زوو بگەڕێینەوە ماڵەکەمان، کە دەڕۆیشتی زۆر تەلەفۆنم دەکرد، وێنەکەتم لەسەر شاشەکەی داتاکەم لەسەر تەلەفۆنەکەم بوو، ناوتم کردبووە پارچەیەک زێڕ لەسەر سینگم دابوو، ناوتم لەسەر هەموو کتێبەکانم نووسیبوو، ناوتم لەسەر دڵم لەناو هەناوم، لەناو بیلبیلەی چاوانم هەڵکۆڵیبوو، ناوتم کردبووە مەدالیا و لەتەنیشت کەرکووک و خانەقینم دابوو.

من یەک سات دوو چرکە دوو رۆژیش، رقم لە تۆ نەبوو، یەک ساتیش دایکوباوکتم نەویستبوو، من هەرگیز لە تۆ بێزار نەبووم، لە سەمای قژت، لە لەنجەی بالاّت بێزار نەبووم، لە پێکەنینی بەردەوامت، لە خواردنە سارد و سڕەکەت، لە زەلاّتە بێتامەکانت، لە برنجە خێراکەت، من نەمدەتوانی ناوی هەموو ئەندامەکانی عەشیرەتەکەت لەبەر بکەم، من هەموو ئامۆزا و پورزا و پوورەکانتم نەناسی، ئیشم بە هیچیان نەبوو، من ژمارەی تەلەفۆنی مامەکانتم نەویست، من ئەدرێسی پلکەکانتم لەبەر نەکرد، من ناوی مناڵەکانی خوشکتم نەزانی، من هیچم نەویست تەنها تۆم دەویست، تەنها ماچە تەڕەکان، تەنها سەما ناسکەکان، تەنها چاوە رەشەکەت، من کارم بە دایکوباوکت نەبوو، سەرمایە و سامانی ماڵە باوانتم بەیەک کرۆن نەدەویست، من نەمدەخوازی دەعوەتەکانی دایکم و بەزمەکانی باوکم قبوول بکەیت، من دوا مۆدیلی ئوتومبێلی هەردوو زاواکەت، هی باوکت و باوکم بە (سکرووت _سکراب) دەزانی، من کۆنتۆی خۆم، کۆدی پارە و بانکم، پارەی (سکات_ باج) و مانگانەم بۆ تۆ کراوەبوو، پۆستم دەشکاند و تۆش تەماشات دەکرد، پارەم دەدا و تۆش دەتکڕی، تۆ دەڕۆیشتی منیش سێبەرت بووم، دەوەستام و تۆش پارەت لە بۆکسی پارکێرینک دەکرد، تۆ نووکەی موبایلت دەنارد و من یەکسەر تەلەفۆنم بۆ دەکردی، من دەوەستام تۆش بانگت دەکردم، تۆ نەخۆش دەبووی من دەرمان و دکتۆرت بووم، تۆ پێدەکەنی من بالاّم دەکرد، تۆ تووڕە دەبوویت، من لە داخانا گۆڕم بۆ مردنم هەڵدەکەنی، بەیەکەوە وەک قەلاّتی هەولێر قایم بووین، بەلاّم (هۆلاکۆ) ی باوکت و (کاترین) ی دایکت و

(نیرۆن) ی برات ئێمەیان خنکاند، بە درۆ و فشە، گەمەکەیان بە ئێمە و بە خۆشیان دۆڕاند، (ستراف_ سزا)ی ساختەیان بۆ من نووسی، مۆل و گۆلی بەفێڵیان لە من کرد، من خەوتبووم، تۆش خەیاڵ، من سەرخۆش و تۆش مەست، بە جنێو و بە درۆ و بە بوختان و بە فشە سنووورداشیان کردین.

بینیم کوڕەکە کە قسەی دەکرد تووڕەببوو، ڕەنگی گۆڕا و هەناسەسوار و دەیووت:

من لەودەمانە ماچەکانم لە تۆی قەرزدار دەوەێتەوە! ناچارم سەماکەم دەبڕمەوە، نیگاکان دەکوژێنمەوە، من بە ئازادی خۆمەوە سەرخۆشییەکانم دەشۆمەوە، من هەموو وێنەکانی ناو فایلەکانم پێ ڕەش نابێتەوە، لەناو داتاکەی خۆشم ڕەشیان بکەمەوە و فۆرماتیشی بکەمەوە، تەواو نابن! لەناو داتای باوکم لەلای خوشکەکانم لە ماڵی براکانم لەکن ئامۆزاکانم، وێنەکان هەموو ناسڕێنەوە، وێنەکان چۆن دەبڕێن، وێنەت لەگەڵ دایکم زۆرە، لەگەڵ پوورزاکانم زۆرە، وێنەکانت لەگەڵ جیرانەکانم زۆرە، ئەو هەموو وێنانە بە کێ ڕەشدەبنەوە، داتاکەم بە کێ فۆرمات دەکرێتەوە، بە کێ دوو هەزار وێنەی دیگتالی نازدار ڕەش دەبنەوە، سوێند دەخۆم گوناحە ئەو وێنانە لە کۆڕ و لە کۆبوونەوە، لە سەیران لە سەردەریا و لە بندەریا و لەناو پاپۆڕەکان و لە سەرمانگ و لەناو ئەستێرەکان چۆن دەسڕێنەوە، وێنەم لەگەڵ باوکە کورتە باڵاکەت زۆرە، وێنەم لەگەڵ دایکە سیسەکەت زۆرتر، لەپێش ماڵی مەلیک، لەناو (درۆتینگهۆلم)، لە (سوندیباری)، لە (سۆلنا) وێنەمان زۆرە، بەیەکەوە لەگەڵ (عەزیز وەیسی) لەگەڵ (پەیوەند جاف) شاییمان کردووە، لەگەڵ (ژاڵە) و (چۆپی) گۆرانیمان وتووتەوە، بەیەکەوە سەدان هەزارەها وەعد و بەڵێنمان هەبوو، بەیەکەوە ملیۆن کرۆنمان بەیەک شەو دەدۆڕاند، بەیەک شەو مولّکەکەی باوکتمان لە (رووناکی) ی هەولێر دۆڕاند، باڵەخانەکەی باوکمان لە بازاڕی (کوران) فەوتاند، بە پێکەنینەوە تا مەست دەبووین شەرابی دیاری ناو پاپۆری (تالین)مان نۆش دەکرد، چەند شەرابت دەخواردەوە یادی دیمەنە جوانەکانی (ئەمستردام) ت بەبیردەهاتەوە، ماڵی باوکت دەهاتەوە خەیاڵ، چەند مەست دەبووین دەچووینە گژ پاسەوانەکانی پێش دەرگای ماڵی گوستافی مەلیک، بەئاشکرا و بێشەرمانە من بە شاژنم دەووت:

ژنەکەی من لە هەردوو کیژەکەی تۆ نازدارترە!

لە پێش پەیکەرەکانی گوستاف دەوەستام و دەمووت:

من لە (تەیراوە) ی هەولێرەوە ژنێکم هێناوە لە هەموو کیژەکانی مەملەکەتەکەتان جوانترە، من لە گەڕەکێکی قووڕینەوە بووکەشووشەی سیرامیکم بۆ وڵاتەکەتان هێناوە، گوڵدانی پەمبە و دەم بە خوناوم بۆ تۆ هێناوە، لەناو ستۆکهۆلم لە سەنتەری (مالمۆ) ئەو هاوسەرەم دەکەمە پەیکەر و هەموو پەیکەرەکانی پەیکەرساز (سیرگل) یش شەرمەراز دەکەم.

***

من هەموو ماچەکانم دەوێتەوە، من چاکم ژماردوون، دەزانم چەندجار روومەتی تۆم ماچ کردووە، چەندجار گەردەنتم ماچکردووە، من باشم ژماردووە، دەزانم چەندجار نیوچەوانتم ماچکردووە، من دەزانم هەمووم ژماردووە، کەس ناتوانێت فێڵم لێ بکات، دایکە ئۆینبازەکەت، باوکە جامبازەکەت، کەسیان ناتوانن، من دەزانم چەندجار بە دڵسۆزی و بە خۆشەویستی ماچم کردیت، هەموو ماچەکانم دەوێتەوە، هەموو دەستلەملانەکانم دەوێتەوە، هەمووانم دەوێتەوە، لەناو رۆژمێرەکەم لەناو پەلۆنبووکەکەم (جانتای گیرفان) دیارە، لە نازناوەکەت دیارە، لە ناوەکەی سەردەرگاکەت دیارە، دیارە چەندجار تۆش دەستت لە گەردەنم ئالاندووە، کە دەچووینە سینەما من دەبوومە کوڕەکە و تۆش کیژە ناسکەکە، کیژە زۆرزانەکە، بەیەکەوە تا فیلمەکە کۆتایی دەهات، نمایشی خۆمان دەکرد، کە بەیەکەوە دەنووستین، دەبووینە یەک جەستە و یەک بەستە و یەک دەرخستە. بۆیەش ئیمرۆ حیساباتی خۆم دەوێتەوە، هەموو دیاریەکان بۆ خۆت، هەموو میسقاڵە زێرەکان بۆ دایکت، هەموو جنێوەکان بۆ باوکت، هەردوو کەروێتەکەش بۆ خزمەکەت، تەنها ماچەکانم دەوێتەوە، هەموو ماچەکانی جەستە و لێوم کە دابوومە تۆ، حەزەکان کە دابوومە تۆ، کە رۆیشتی ئەوانەم بدەرەوە، من ماچەکانم دەوێتەوە، چونکە چاک دەزانم ژیان ناوەستێت و ژووان نامرێت و بۆ هەردووکمان کەسێکی تر، ماچی گەرم و زۆری دەوێت!

کە کوڕەکە تەلەفۆنەکەی تەواوکرد، منیش مۆڵەتم لە کوڕە عاشقە بریندارەکە وەرگرت، قسەکانی بکەمە پەخشانێک و لەناو فەیسبوک بڵاوی بکەمەوە.

***

چەند دایکم منی لە بێشکەدا بە هەژانەکانی ئارام کردیتەوە، ئەویش لەناو تەلەفۆنەکە و لە قسەکانییدا بەگەورەیی و ئارامی دەیهەژاندم، منی دەبردە سەر بەرزاییەکان، دەیکردمە بووکی بەفرەکە لای خۆیان، دەیووت مەترسە بەفر لەو وڵاتە ناتاوێتەوە، لەگەڵ بەفر لێرە خۆشەویستییەکی پیرۆز باڵا دەکات، ئەو ساڵەی بەفر درەنگ بباریت، ئەو سەرەساڵەی بەفری تێدا نەبێت، کارەساتە! هەموو هەناویان لە داخی بەفری سپی رەش دەبێت. من گوێم لەو رادەگرت، ئەویش دەرهێنەرەکەم بوو، هەموو رۆڵەکانی منی دابەشکردبوو، جلەکانی بۆم هەڵدەبژارد، مکیاژەکەی بۆ دەکردم، رووی سوور دەکردم، گەردەنی دەکردمە قەندیل، چاوم وەک کانییەکەی کانی بلاقی بامەڕنی، رەنگین دەکرد، بە ئەسمەریش منی دەویست، بە سووری دەبوومەوە ئاگرەکەی مامەیارە، بە کەیفی خۆی بوو، من تاوابوومەوە ئاگام لە خۆم نەمابوو، ئەو دەستاودەستی پێ دەکردم، بەنازەوە هەڵگێڕ و بەرزی دەکردمەوە، لەسەر دەستەکانی خۆشحاڵ بووم، لەسەرشانی، لەناو ئامێزی لەگەڵ هەناسەی، منی بەو شێوەیە دەدواند.

منی بە دەستگیرانی بە گەرمی چاوەڕوان بووم، زوو قۆناخی تەلەفۆنکردنەکە تەواوبێت و بگاتە ناو فرۆکەکە و سەر سیسەمەکە، گەرماوەکە، سکبوونەکە و کاتی منداڵبوونەکە، کە بە دەستی خۆی ناوکی منداڵەکە ببڕێت، ماچی بکات، زوو ناوەکە بە پەرستارەکە بڵێت، ژانەکانی من سووک بکات.

ڕەنگی پیتی نووسینی سەر چوارگۆشە تەسکەکەی بەرامبەرمان، تک تک پیتی تەماویی، هەناسە جگەرەکێشێکی تاڵی لێ دەکەوتە خوارەوە، بۆیەش ژنەکە وتی:

(قوربان تاقەتم چوو دەکرێ بابەتەکە بگۆڕیت؟**!**).

(بەڵێ، بە چاوان**!**).

(باسی ژنێکت بۆ دەکەم بێدەنگییەکەی کوشتی، لووتبەرزییەکەی نەک گەورە و دیاری نەکرد، شەرمەزاری کرد. ئەگەر قسەی کردبوایە، دەربازی دەبوو، بەڵام پاش چ**!؟** بۆ قسە بکات، تەمەنی لەناو قۆناخەکانی شەرمەزاری نیوە کردبوو. ئەو ئەوەندە ساڵەی لە گرتووخانەیەکی نازییەکان پاسەوان بووە، لەگەڵ سەرکێشیەکانی خۆی، ڕەوشە خوێناوی و شێتییەکانی وڵاتەکە و سەرکردەکان بەردەوام، ریسواکردنی ژنە بەندە جوولەکەکانی دیوە، لەگەڵ هاوارەکانی ناو جەستە و هەناوی خۆی، لەسەر ئەوانیش توند بووە. هەر ئەو ژنە نەبوو کە ژیانی شەرمەزاریی بووە، خۆشی چی دەبینێت، ئەو ماوەیەی وڵاتەکە ئارام دەبێتەوە، دووبارە شەرمەزارییەکی تر یەخەی دەگرێت، کوڕێک دەباتە ژوورەکەی خۆی، بۆی رووت دەبێتەوە، سەمای لەگەڵ دەکات، ژیانی ئەو چ شادومانییەکی تێدابووە، بۆ قسە بکات؟**!**

لە گەرمی حەوانەوەی سمتە لووسەکەی، ئەو ئارامییەی لەو دەمارە زیندووەکانی ئەو کوڕە هەرزەکارە دیتی، زۆر درێژ و بە ئاو نەبوو، زوو وشک دەکات، ژنەکە بۆ نهێنییەکەی بدرکێنێت، بۆ قسە بکات، ئەوا یەکێکی تریش لەناو هۆڵی دادگاکە دانیشتووە، دەیتوانی نیوەی ژیانی دەرباز بکات، بە یەک قسە، بە یەک دانپێدانێک ژیانی ئەو ژنەی نوێ دەکردەوە، نیوەی دەگێڕایەوە، چ بڵێت؟**!** بڵێت کوڕێک هەیە خۆی دادوەرە و باوکیشی دادوەر بوو، ئەو من دەناسێت، ئەو دەزانێت، من چەند بە شەرمەزاری و بە هەڵە خۆشدەویست، ئەو رۆژانە لە خوێندن رایدەکرد و دەگەیشتە ناو تەڕیی و شەیدایی گەنجییەکەم، ئەو چەند شانەی لە جەستەم مابوو، هەرزەکارییە شێتییەکەی پێ تێر دەکرد، ئێستا ئەو کوڕە لەناو ئەو هۆڵەدا یەک قسە بکات، بڵێ من سمتی دەناسم، من لەناو بانیووەیەکەی خۆی کتێبم بۆ خوێندیتەوە و ئەو شەیدای خوێندەوارێک بوو، تا حیکایەتەکانی ئەو خەڵکە لە کتێبانەوە بزانێت، تا هەموو رووداوەکان لەناو بانیووەکە بشوات، خۆی وای دەیویست کوڕە قژ زەردە شان پانەکە، کەپوو گەورەکە، روومەت ناسکەکە، شەقاو درێژەکە، پەنجە شووشەییەکە، سینگ پانەکە، کوڕە بەهێزەکە، لەناو بانیووەکە مەلەی پێ بکات و لەو دەریایە

شادومانییە شەپۆلی یەکتری بمژن، ئەو کوڕە بیوتبووایە من لەناو بانیووەکەی خۆیان بە رووتی و بە جۆشەوە کتێبم بۆ خوێندیتەوە، بایە شڕەکەی تەمەنی دەبووە نمە بارانێکی ئارام.

ژنێکە بە چەندین شێوە لە فیلمی (ژنە خوێنەرەکە) دەردەکەوێت، کە تێدا سەربردەی ژنە ئەڵمانەکە دەگێڕێتەوە، فیلمەکە باس لە (هانا شمیس) دەکات. ئەو نازدارەی لە فیلمی تایتانیک دونیای سەرسام کردبوو، کە (رۆز) ی عاشقانی فێرکرد، قوربانی بدەن، زۆرتر عاشق بن و بێنە سەر لمووزی پاپۆڕەکان و بەشانازییەوە وێنە لە نزیکبوونەوەی مەرگیش بگرن و بە سەماوە بفڕن.

ئەو نازدارە پاش دە ساڵ لە تەمەنی هونەرییەکەی لەو فیلمە جەستە رووتە شووشەیی و سمتە لووس بلوورییەکەی، لەناو بانیووەکە بەرامبەر کوڕە هەرزەکارەکە دانیشتووە، گوێ لە خوێندنەوەی کتێبێک راگرتووە، کتێب خوێندنەوەیەک بۆ سووتانی ژنێکی تەمەن گەورەی ماندوو، لە خوێندکارێکی راکردووی پۆلی خوێندنەوە، ژنەکە دەیویست کوڕەکە نەڕوات، کوڕەکەی کردبوو شەهرەزاد و خۆی ببووە شەهرەیار بەپێچەوانەی هەموو حیکایەتەکانی ئەو داستانە، بۆ بیستنی رازەکان کوڕەکەی دەهێشتەوە، سەیری دووریان دەکرد و بە رووتی ئاوێنەی جەستەی خۆی کردبووە باڵای ئەو هەرزەکارە.

فیلمەکە ژانی ژنێک دەگێڕێتەوە و بە ناوی کوڕە خوێنەرەکە کراوە، ئەو کوڕەی لە دادگا بیوتبووایە من ئەو ژنە دەناسم، بەس بیوتبوایە، یان ژنەکە بیوتبووایە، کوڕێک هەبوو، خوێنەرم بوو، ئەو من دەناسی، ئەو دەزانی من بێتاوانم، من نامەم نەنووسیوە، من نەمنووسیوە ژنە جوولەکەکان زوو تەواو بکەن، زوو مەمکیان ببڕنەوە، قژیان بسوتێنن، من نەمنووسیوە، یەک کەس لێرە دەزانێت من ئەوانەم نەنووسیوە، ئەو منداڵ بووە، لەسەر بێشکە بووە، بەڵام دەزانێت من تاوانم نییە، ئەو کاولبوونەکەی بەرلینی نەدیبوو، بەڵام ئاگاداربوو کە بەرلین چەند منی کاوڵکردبوو، بێ ئاوی و بێ نانی شەڕەکانی بەرلینی نەدیبوو، بەڵام زۆر دەزانێت من چەند بێ نان و ئاو بووم، کە لەسەر کار دەگەڕامەوە، چەند برسی بووم، تا ئەو بە پاسکیلەکە دەگەیشتە ناو باڵەخانەکەمان، لە ترپەی پێیەکانییەوە دەمزانی زاد و نانم بۆ هات، ئەو دەزانێت.! بەڵام ژنە لووتبەرزە ئەڵمانەکە قسەی نەکرد، پیاوە دادوەرە گەنجەکەش پیاوی ئەو سەردەمە بوو، کەسی ئەو سیاسەتە بوو، لووتبەرزی و شکاوەیی هەڵنەبژارد، وەک ژەنراڵ رۆمل ژەهری قووت نەدا، کە بە دوو دەقە خۆی بە ژەهر کوشت، نەک بە زەلیلی بچێتە بەر قامچی دژواری هیتلەر، ویستی ئەڵمانەکان سەرکەش و شکۆدارەکان بەشکۆوە ببینێژن، نەک بە خائین. کوڕەکە لەناو دادگا هەڵنەستایەوە و عەبا رەشەکەی لەبەر نەکردووە و نەبووە شاهید و نەچووە ناو بانیووەکە و کتێبەکەی بۆ نەخوێندەوە و لە دادگا

بواری نەخواست و بڵێت راوەستن با من چیرۆکەکانی بۆ تەواو بکەم، دەیتوانی چیرۆکێکی درێژی بۆ بخوێنێتەوە و بە چەند مانگ و رۆژی دادگاش تەواو نەبێت.

کوڕەکە هەڵسابووایەوە و دەیتوانی بڵێت ئەو ژنە، ژنە ئەڵمانە کۆنە سەرکەشە، ئەوانە چۆکیان بشکێت روویان ناشکێنن، ئەوانەی دونیایان شکاند تا شکانی خۆیان نەبینن، ئەو ژنە قسە ناکات، پەروەردەی نەوەیەکی ترە، ئەو ژنە من چاکی دەناسم، من رۆژێکیان لەبن دەرگاکەی ئەو ژانم گرت، من بورامەوە، ئەو لە کار دەهاتەوە، ئەو ماندوو، بە جلی کارەوە منی سێ نهۆم بەرز کردەوە، ئەوەی ئێستا ناتوانێت خۆی بەرز بکاتەوە، منی سێ نهۆم بردە ناو شوقەکەی خۆی منی سازکردەوە، بە ماچێکی گەرم سوپاسم پێ وت، ئەو ماچە منی بردەوە، بۆنی ئەو ژنە منی بردەوە ناو بانیووەکە و کتێبم بۆ خوێندەوە و رووتم کردەوە و جەستەم نوسیوە، درێژم کرد و شیعرم وەک باڵای هونیەوە، ئەو ژنە خوێندەوار نییە، ئەو ژنە جەنگ چاوی خویندنی بردبوو، ئەو ژنە زڕدایکەکەی چاوی خوێندنی دەرهێنابوو، ئەو ژنە من دەیناسم، نامەی نەنووسیوە، ئەگەر نامەی نوسیبووایە بۆ من دەیان نامەی درێژی دەنووسی، ئەگەر خوێندەوار بووایە لەناو بانیوو لە جیاتی خوێندنەوەی حیکایەت خۆمان حیکاتمان دەکرد، خۆمان دەبووینە حیکایەت، ئەو ژنە خوێندەواری نییە، ژنێکی شکاوە و ئەوەی دێ پەڵە بەردێکی لە جەستە شکاوەکەی هەڵدەگرێتەوە و زۆرتر دەیروخێنن، ئەو لووتی بەرزە و شکۆدارە و ...).

ئەو چیرۆکەی بۆتم گێڕایەوە، نهێنییەکی گەورەی تێدایە، نهێنی رزگاربوونی ژنەکانە، قوربانییەکانی دەنگ نەکردن و لووتبەرزی نهێنییەکانە، نهێنی هاوسەرەکەت، نهێنی شەوی یەکەمتان... ژنەکە قسەکەم دەبڕێت، نایەوێت بەبیری بێتەوە و سزای ئەو ساتانەی لا مەبەست بوو، بۆیە بەیەک بای، پەنجەرەکە دادەخات و رووناکییە تاریک دەکات!

***

لەگەڵ ژنەکە قسەمان لەسەر نوێکردنەوەی ئیقامەکەی بۆ یەکەمجار دەکرد، وشەکان لە بن پەنجەکانی ئەو وەک هەنگ ویزەیان دەهات، لەبەردەمم هەڵدەپەڕین، هەندێکیان هەردوو پەنجەیان بەرز کردبوو، لە شێوەی ڤی نیشان دەدا، دەیانووت، لە پاش دیمانەیەکی کورتی پێشڕەو کازیوە لە دائیرەی ئیقامە، پیاوەکە و ژنەکە، وتیان بەیەکەوە دەژین، بەیەکەوە بەیانییان قاوە دەخۆینەوە. هەردووکیان وتیان:

لەسەر هەمان ئەدرێس ماوین، گۆڕانێکمان بەسەردا نەهاتووە، من رەنگی ملپێچەکەی بۆ هەڵدەبژێرم، من گەردەنی بە بۆنی خۆم و بۆنەکەی خۆم بۆم داناوە بۆندار دەکەم.!

ئەوی تریش وتبووی:

شادومانم پاسکیل سواریش فێربووم، بوولەریش دەکەم، وشەی یول و گەورەیی دارەکە و چراکانی بەژن و گلۆپەکانی دەرەوشاوەی بەرپەنجەرەکان دەزانم، دەزانم ساڵانە لە خوانێکی شاهانە و بە ئامادەبوونی مێوانانی هەموو جیهان خەڵاتەکەی نۆبڵ لە کۆشکێکی دێرینی ستۆکهۆلم دابەشدەکرێت.

پیاوەکەش وتبووی:

من شادومانم هاوسەرەکەم لە من باشتر لەو کولتوورە راهاتووە، لە من باشتر...

ژنە باڵابەرزەکەی ئەو دائیرەیە، نەیدەزانی کەوا کازیوە لەگەڵ ئەو پیاوە تەنها بە ناو و بە ئەدرێس ژیانیان ماوە، ناوەکەی هەڵگرتووە، بەڵام یەک هەفتەش دڵی هەڵنەگرتووە، ئەدرێسیان بەیەکەوەیە، بەڵام یەک شەویش بە سۆزەوە لەناو ئامێزی یەکتری نەنووستوون، یەکجار هەنارەکەی شکان و شەرابەکەی رژاندن و پەرژینی باخچەکەی ئاگر تێبەردا، داهۆڵەکەی هەڵگرت!

ژنەکە بەرووێکی خۆش و لە دڵی خۆیەوە وتوویەتی:

ئەوانە چەند کەمەرە هاوسەرگیرییەکان توند دەگرن، بە هیوای زۆرتر کامەرانییەوە هەر لەوێ و بە دەسەڵاتەکەی خۆیەوە ئیمزای نوێکردنەوەی ئیقامەکەیان بۆ دەکات، هەر لەوێش بەبێ ئەوەی بچێتەوە لای سەرووی خۆیەوە و کەسی تر، بەبێ ئەوەی پرسی بەشەکانی یاسا و سەرژمێری بکات، ئیقامەکەیان بۆ تەواو دەکات. لەبەرئەوەی رۆژەکەش هەینی بوو، بۆیە بەرووێک وەک نێرگز، وەک گوڵەکانی بەر پەنجەرەکەی پێیان دەڵێت، بە پۆست نامەکەتان لەو دوو سێ رۆژەی کارمان، واتە دوو رۆژەکە پشوودانی لێ دەربکەن، ئیقامەکە دەگاتە دەستان، پێیان دەڵێت:

هیوای رۆژانی ئارامی پشووەکەتان بۆ دەخوازم!

ئەو دوو جەستە کارەبا لێدراوە، ئەو دوو ناوەی سواری یەکبوون، بەڵام خۆیان سوار نین، بەیەکەوە هەڵسانەوە و روویان کردە دوو گوڵەبەرۆژەی گەشاوە بەرووی یەکتر، تا ژنەکە هەست نەکات، ئەوانە لەوەتی لە سویدن دەستی یەکتریان نەکوشیوە. ئەوەی کازیوەش فێری بووە لەلای ژنە کوڵم هەرمێیەکە فێربوو، ئەو ژانی فنلەندییەکانی فێرکردووە، لەگەڵ ئەوانە حیکایەتەکانی مناڵە فنلەندییەکانی شەڕیش بۆ گێڕاوەتەوە کە نزیکەی پەنجا هەزاریان هاتوونەتە سوید و زۆریان لەبەر بێکەسی لەو وڵاتە مانەتەوە!

چاوم لێبوو، کە لەگەڵ ژنەکە قسەم دەکرد، شاعیرێکی هاوڕێم بۆنی کردبوو، دەیزانی قسەمان لەسەر هەنارە شکاوەکەیە، قسەمان لەسەر ئەوە دەکرد کەوا ئەو بووکە یەک شەو تامی بوکێنی ترشی خۆی کردووە، پاشان بووە بە بێوژنێکی بووک، بێوەژنێک مێردەکەی تا ئەو لە ماڵەکە دەرپەڕێنێت، ژنێکی هێنابووە سەر جێگەکەی ئەو، ئەو دیبووی بەیەکەوە بە رووتی پاش ئاودانی یەکتر، خەویان لێ

کەوتبوو، لینگی ژنەکە ئەستوورایی رانی وەک بەشێکی پەیکەرێکی یونانی رەق بوویتەوە، کەرتە سمتێکی سپی ژنەکە کەرتە مانگێکی نیوە بوو لەناو هەورە زیوینەکەی شەرشفەکە دیاربوو، دوو پەرداخی شووشەیی لە شێوەی دڵ چەند دڵۆپە شەرابێکی وەک خوێنی هەنارەکەی ئەو تێدا مابوو، کە یەکێکیان لەناو دەستی ژنەکە لار ببووە، پێکەکەی تریش سوور، وەک پەنجە سوورەکانی مکیاژەکەی لەدیار ئاوێنەکە مەست دیاربوو. مێردەکەشی دەستی ئەوەندە درێژکردبوو، درێژی جەستەی ژنەکەی داگیرکردبوو، قورسایی هاویشتووە سەر پشتە رووتەکەی نەوەک هەڵبستێتەوە و بە پەلە خۆی بگۆڕێت و پەیکەرەکە بشکێنێت، نەبێتە شاهیدی مێژووی خیانەتەکە، نەوەک ببێتە نامەیەکی دڕاو و ژنەکەی بۆی نەکرێت، وشەکان ریز بکاتەوە و سەروبنی نامەکەی بۆ بخوێندرێتەوە. ژنەکە هەردووکیان بە ئاگا ناهێنیت، خەمی رژانی دڵۆپە شەرابە سوورەکەی ناو گلاسەکەی نەبوو، کە شوێن و سەرینەکەی لێ پیس بکات. ژنەکە ئەو قسانەی بۆ من دەنووسی، شاعیرەکەش خەریکی سەرەدێڕی قەسیدەیەک بوو، باس لە مانگی سمتی ژنە رووتەکە بکات، گلاسە ناسکەکە بە نەرمی لەناو دەستی ژنە مێوانەکەی سەر سەرینی بووکە دەربهێنێت و قوورگی خۆی پێ تەڕ بکات! تا چەند دێڕێکی نەمری بە چاوی بینراو و بە هەناسەسواریی بنووسێتەوە، تا بەیانی زوو هەموولایەک بە نامەی تەلەفۆنەکانیان بۆ هەموو دونیایی رەوانە بکەن. شاعیرەکە وتی، شیعر ژیان دەنووسێتەوە، لە هەموو ژانراکانی تر چاوی باش دەبینێت.

***

**12**

دەبووایە من لە ژوورە و لەسەرشانی ئەو پیاو شانشکاوە، لە دیار سمێڵە سێگۆشییەکەی، کە هەردوولا گۆشەکەی باریک ببوونەوە و تیژ دیاربوون، بەرەو دونیایەکی تر بڕۆم، هەموو دەنگەکان ئەوەی پێیان دەووتم، تێگەیشتم دەنگی خۆم لە هەموویان زوڵاڵترە، ناکرێ من بگەڕێمەوە، خوێنم رژاوە و کیژی خوێنڕژاویش، ئەوەی لە دەستی شکاوە دەبێ سازی بکاتەوە. ژنەکە واز لە خەمەکان دەهێنێت، فرمێسکەکان دەسڕێتەوە، دەفتەرەکان هەڵدەگرێتەوە، جانتاکانی دەپێچێتەوە. لەناو بەفرە ئەستوورەکە سەر دەردەکاتەوە و هەڵدەستێتەوە و خۆی دادەوەشێنێت و بڕیار دەدات!

ژنەکەی خاچی سوور ماوەیەک پشتیوانی دەکات، پاشان دەکەوێتە سەر پێیەکانی خۆی و بە ماچێکی دڵسۆزییەوە خاچەکە ماچ دەکات، لەو شارە دەڕوات، سواری شەمەندەفەرێک دەبێت، لە پەنجەرەی فارگۆنەکە لە دیار جانتاکانی سەیری جێهێشتنی شوێنی خوێنەکەی دەکات و دەڕوات، لەو سەفەرە بۆنەکانی بۆ رۆژگارە شیرینەکان لەگەڵ خۆیدا ناهێنێت، جلەکانی نووستن لەبیر دەکات،

سەما و خەونەکان لەگەڵ دەنگی ئاسنی فارگۆنەکان پان دەبنەوە. ژنەکە دەگاتە شارێکی تر، لەوێ هاوڕێیەتی دەبێت، لەوێ چیمەن دەبینێت، لەگەڵ قازە ملدرێژەکان تەماشای چاوی گۆمە جوانەکانی ناوەڕاستی شارەکە دەکات، دەستی توند و شەکەت دەبێت، چاوەکانی نیگای بێگومان دەکات. لەو شارە گچکەیە دەچێتە دەزگای کاردۆزینەوە، لە بەردەم فەرمانبەرەکە رووبەڕوو دادەنیشێت، جوان سەیری چاوەکانی دەکات، بۆنێکی سازگار لەو کونتۆرە تەسکە بە داتاکان دەدات، تاقەت دەداتە ژنەکە و داتاکە و بەرنامەکە تا کارێکی بۆ بدۆزنەوە، دەستی بگرن.

بە ژنەکە دەڵێت، من شانۆم خوێندووە، دوو ساڵ مامۆستا بووم، لە شارێک هاتووم، تا لێرە جوانتر بژیم. دەستێکی جوان منی هێنا. بەڵام نەیووت دەستە جوانەکە منی ناشیرین و پیسکرد، وەک شکۆی هیوا قسەی کرد، ژنێکی داماو دیار نەبوو، کەسێکی بێحاڵ دەرنەکەوت، ژنێک وەک دارە ئەستوورەکانی ئەو شارە کە چەند هەزار ساڵە زریان و بەفر نەیشکاندوون خۆی لەبەردەم کارمەندەکە نوواند. هەموو قسەکانی کازیوە لە لاپەڕەی کاردۆزینەوەی بە وردی نووسرا، خاڵ بە خاڵ تۆمارکران. هەر لەو دانیشتنەدا کارێکی پراکتیکیان لە بنکەیەکی خزمەتگوزاری پیرەکان بۆ دانا، پراکتیکە و بەخۆڕاییە، بەڵام دوارۆژ دەبێتە کار و سەرمایە.

بچمە ناو ئەو شارە، چۆن شارە بدۆزمەوە، چۆن شت بکرم، چۆن ناو لە خۆم بنێمەوە، بۆنی بازاڕە کۆنەفرۆشەکە بکەم، لەناو کالا مردووەکان بسوڕێمەوە، ئەوانەی یان زۆریان لەناو وەسیەتنامەکان ناویان هاتووە و نەزری خێر کراون. هێشتا ماوتە ژنە خوێنرەژاوەکە، پەلە مەکە، جارێ زووە، تۆ چەند مانگە لە ماڵەوە پارەت بۆ دێت، دایکت بۆت رەوانە دەکات، براکەی ئەوبەری دەریاکە یارمەتیت دەدات، ژنە کوڵم هەرمێیەکە دەستت دەگرێت، بڕۆ هێدی هێدی ئەوانە کەم بکەرەوە یارمەتییەکان کەم بکەرەوە، وا گەیشتیە سەرەتاکە، یەکەم رۆژە لە فرۆکەکە دابەزیوویت، یەکەم ناونووسینی ژمارەی تۆمارە بۆ تۆ ئەو رۆژەیە کە خۆت بە دەستی وا دەینووسیت. تۆ وەک ژنە فنلەندییەکە بە مناڵی نەهاتووی، ئەو دایکوباوکی نەمابوو، سەردەمێکی تر بوو، شەڕەکان گەرم بوون، ئاوارەیی و کۆچی ئیمرۆ لەگەڵ ئەو سەردەمانە هەرمێیەکانیشی گۆڕاوە، هەرمێ کوڵمت گەش و تەڕە، بەڵام دەستێکی دڕ، مێشێک، باڵی باییەک، تۆزێک چاوی هەرمێیەکەتی پروشاندووە. ئەو بە مناڵی هاتووە، دەستی سویدییەکان گەورەیان کرد، تۆش بە گەورەیی هاتووی دەتوانیت بە سوود وەرگرتنی بنەماکانی مافەکان، بچیتە ناو چوارچێوەیەک، لەوێ ببیتە تابلۆ و ناونیشان.

زۆر بێ دەسەڵات بووم، باوکم لەبەر چاوەکانم مرد، دایکم لە تۆڵەی خوێن کوژرایەوە، براکانم لە شەڕەکەی قادسیە کوژران و هەڵاتن و راونراوبوون، یان لە ناکۆکییەکانی دوایی کوژران، دەربەدەربووین، لە دەریای ئیجە خنکان، کەسم

نەما، لە برسانا خانووەکەی خۆمان بۆ برایەکەم فرۆشراو، ئەویش نەگەیشتە ئەڵمانیا و ئیشی نەکرد و پارەی نەناردەوە، تا خانوویێکی ترمان بۆ بکڕنەوە، مەتبەخەکەی گەورە بێت، سەقفەکەی نەخشین، دەرگاکانی ئەلمنیۆم، هیچمان نەما، تۆ لەوان نیت، تۆ پرسیارێکی زۆرجار لەسەر شانۆ کراویت، کە لە دەقەکاندا نووسراویت، دەستە گەرمەکان وا هێدی هێدی رووبەرە ساردەکەی چاوی هاوسەرەکەت، ئەوەی تەنها بە بەڵێن و بە ناوەکەی هاوسەرتە و ئارام دەکات.!

***

رۆمانەکەم دەخوێندنەوە و لەگەڵ فەیسبوک منی لە پاریسەوە بردە ئەمریکا، لەو دەڤەرەی هاوڵاتییە ئەمریکییەکان ئەسپانی قسە دەکەن، ئەو تیرەی لە کوباوە وەک سنوور و کولتوور نزیکن، بەڵام کوبییەکان ئەوانیان پێ لە ئامێز نەکرا، بۆیەش ئەمریکییەکانی نزیک ئەوان وەک شەپۆلەکانی زەریان، بە هەڵچوونەوە دوورکەوتنەوە، رۆمانەکە گەیشتنە ناو موجاهیدینەکانی عەرەب لە وڵاتی بۆسنە، ئەوانەی هاتبوون بە پشتیوانی خاچپەرستە ئەوروپی و ئەمریکییەکان، ئەستوونی ئاینی ئیسلام لەو دەڤەرە توند دابکوتن، بە فڕۆکەی ناتۆ دەوڵەتی ئیسلامی دروست بکەن، بە سامانی ئەوان سربییەکان بڕووخێنن، وەک چۆن لە ئەفغانستان سوپای سۆڤیەتییان بۆ شپڕزەکردن، بەو سازییەوە هاتبوون، دەستەیەک بوون لە فەرەنسا و لە مەغریب و لە وڵاتانی تریش خەڵکە بەڕەگەز عەرەبەکان کۆببوونەوە و نەیاندەزانی خۆرئاوا بڕیاری خۆی دابوو، ئەلبانەکان بۆ خۆیان رادەکێشێت، پیاوە هەناردەکان کە لە رۆمانەکە ژمارەیان دەگەیشتە دوو سەد کەسێک، دەیانووت بە ژمارە نییە بە بڕوایە، ئێمە لەو قەیرانە سەردەکەوین. من لەگەڵ رۆمانەکە گەرم ببووم، تووڕەببووم، ئەوانە فێرن کەوا بەردەوام هەڕەشەی ڤاڵا و دوور لە پەلاری خۆیان دەکەن، نازانن لەوەتی ئەوروپییەکان کۆششیان کردووە و هەڵساونەتەوە، ئەوان هەر شکان و هەر کشانەوە، تا دوا ئەمیریان لە دڵی عوسمانییەکان پیتی قورئانی رەفز کرد، عەمامە پڕ پیسایی کرد و کاسکێتی لەسەر دانا.

***

ژنەکە هاتەوە ناو چوارگۆشە سەوزەکە و رەنگی کەسکی تیشکی نارد کەوا من هاتووم، من تێنووم، حەزم لە قسە و شیعرەکانی تۆیە.

(قوربان لە دەرەوە بووم!).

(نەتدەزانی من چاوەڕوانم؟).

(منیش چاوەڕوانم، لەو ژوورە تاریکە، لەو باڵەخانە بەرزە بەرزترم بکەیتەوە، چەند دەست بۆ پێکەکەت دەبیت و بەرزی دەکەیتەوە، ئەوا منیش بەرز بکەرەوە. ژنە کوڵم هەرمێیەکە زووتر وەک پشیلەیەکی بەرباران دەرگای لێم کردەوە، لەبەر ئاگردانەکە گەرمی کردمەوە و لەرزەکەی گیانی دەردەهێنام).

کازیوه لەبەر ژنە کوڵم هەرمێیەکە، ئاگای لە نووسینەکەی من نەما، لەناو ماڵەکەی وەک دارەکەی یول دەبریسکایەوە، لەگەڵ قاوەخواردنەوە دەستی دەگەیاندە (پێپەر کاکە) شیرینەکەی بەیەکەوە دروستیان کردبوو، ئەو پارچە کێکانە تەنکن وەک دڵی ئەو، شیرین وەک هەڵبەستەکانی نازە گەرمەکانی، بەیانی کە لە خەو هەڵسابوو، دوو (سمۆرگۆس) ی خواردبوو، پارچە نانە تەنکەکانی چەور کردبوو. چۆن بپرژێتە سەر فەیسبوک.

ڕووداوەکانی ڕۆژگار، ئەوانەی لە تەمەنی مرۆڤ دەردەکەون، دەبنە شکۆ یان بازنەی شەرمەزاری، دەوڵەمەندت دەکەن، یان سووکت دەکەن، ئەوانە زۆریان بە بەرنامە دادەرێژین، بەڵام ڕێکەوتیش بوونیان لەسەر ئەو نەخشەسازییە هەیە، لەناو بەرنامەکانیش ڕێکەوت هەیە، لەگەڵ ڕێکەوتەکانیش بەرنامەسازی زۆرترە، ئەو بەڕێکەوت کەوتە ئەو وڵاتە، بەڵام بەرنامەشی هەبوو، کۆچ بکات، کوڕێکی شان ئەستوور، پەنجە گەورە لێو ئەستوور، چاوکراوە، شەقاو درێژ بدۆزێتەوە، نەرم ناسک دڵگەورە و کارکەر و ئارام دەستی بگرێت، زۆر خەسڵەتەکانی پێشڕەو لەو بەرنامەیەی کازیوە خاڵ و هێڵەکانی دانرابوون، بەڕیکەوتیش هەندێکیان نەبوون، ڕێکەوت و بەرنامە بەیەکەوە ئەو ژنەیان کردە پاڵەوانی چیرۆکێکی گەورەکردنی ژیان و پیرۆزکردنی خۆدۆزینەوە و زیندووکردنەوەی نائومێدی.

من بە بەرنامەش ئەو ژنەم دۆزیەوە لەناو فەیسبوکەکەم یان بەڕێکەوت، بەرنامەکە زۆرترە، بەڵام داوی پرسیارێک بەسە کە بە ڕێکەوت دەکرێ بابەتەکە بگرێت. ڕێکەوت و بەرنامەکانی هەردووکمان باس لە گێڕانەوەی ئەو سات و کاتانە دەگێڕیتەوە کە کازیوە بڕیار دەدات پاش هەڵفڕینی لەسەر هێلانەیەک پووشێکی تێدا نەبوو، گەرمی بکات و ڕۆژانەکانی پێ بەشانازیی بنووسێتەوە، دەست بە جانتاوە شار بە شار بۆ خۆدروستکردن بسووڕێتەوە، شانازتر لەو هێلانەیەی وا زریان دەیهەژێنێت، زریانێکی سارد و ئابڕووبەر و بەردەوام بە شۆستەی شەقامی شار و ماڵی هاوڕێیەکانی دادەدات. ئەوەی من لەناو پرۆفایلەکانی فەیسبوک دۆزیمەوە و ئەوەی من هەستم پێکرد، کەسی تر هەستیان بەو ژنە نەکردبوو، بۆیە وا من بۆ هەمووولایەک ئەو ژنە دەنووسمەوە!

من گریاوم، فرمێسکی گریانی ڕۆژەکانم لەبیرە، دەمزانی گریان ئارامم دەکاتەوە، کە دەرهێنەرەکەم منی دەگریاند، دەگریام و بۆ دەقەکە دەسووتام، دەبوومە پاڵەوانە گریاوەکە، مناڵە گریاوەکەی برا گەورەکەی یان باوکی، وێنەی ئەکتەرە پیاوە فۆرم جوانە چاوە ئەستێرە و ڕوومەت شووشەییەکیان لەسەر دیوارەکە پێ دڕاندوم، کە لە شانسی خۆم، من بەر دوا کاری مامۆستاکانی خشتەی لێکدانی بیرکاریش کەوتم، گریاوم، دەمزانی گریان بەرد دەتاوێنێتەوە، ئەو ساڵەی من لە باکووری سوید بووم وتیان بەفر کەم هاتووە، دەرگاکان کراوەن،

شاخەکان بە بەفر شانی سووکترە، منیش دەمزانی بە گریان و سووتانی منە ئەو دەڤەرە ئیمساڵ نەسیمێکی هەیە.

گریانی ئەو جارەم وەک گریانی بەردەم دەرهێنەرەکەم نییە، گریانەکەی سەرشانۆ نییە، نەزانینی دوو ژمارەی لێکدانی بیرکاری نییە، من دەگریام چونکە لەو رووبەرە بەفرە بەڕووتی دەرکرابووم، ژنەکەی سەر سیسەمەکەمان بە رووتی منی رووت کردەوە، خیانەتەکە جلەکانی سووتاندم، ماڵەکەی لە بناغەوە هەڵتەکاند، ژنە رووتە دەست بە گلاس شەرابەکەی ناو باوەشی مێردەکەم، منی رووتاندانەوە، بۆیە دەگریام، گریام تا ئەودەمانەی ژنە کولّم هەرمێیەکەی کۆنتۆرەکەی خاچی سوور فرمێسکی سڕیمەوە بە دەستی ئەو فرمێسکەکانم بوونە شیلەی هەنگ، بوونە تەمی بەرچاوی پەنجەرەی ئەو فارگۆنەی منی دەگەیاندە هەوارێکی تر، لەوێ توند قاچەکانم لە بەردەرگاکەی ئۆفیسی کاردۆزینەوە داتەکاند و پاڵتۆ ئەستوورەکە و ملپێچەکەم و دەستەوانەکەم بە نەرمی لەبەرکردەوە و ژمارەی نۆرەگرتنم راکێشا، ئۆفیسەکە خۆی چۆڵ بوو، من یەکەم کەس بووم، هەر من لەو شارە بەپەلە بووم، هەر من بووم دەرکرابووم، من بووم ژنێکی رووت بە مەکی رووتەوە و بە سمتی تەڕکراوی رووتەوە راوی نابووم، من بووم، سیسەمەکەم بۆ یەکجار و لەبەرچاوانی خۆمەوە بەکرێ درابوو، بۆنەکەم بۆ سۆز و هەوەس بەکارهاتبوو، برۆنسەکەم جەستەیەکی حەرامی پاش نەشئەیەکی حەرام پێ وشک کرابووە، من بووم گریاو، بۆیە زوو نۆرەم هات و گەیشتمە بەر فەرمانبەرەکەی تایبەت.

***

13

من لە دوا بازگەی ناو شاری هەولێر ئاوڕم دایەوە و لەناو تاکسییە کرواناکە تەماشایەکی قەڵاتم کردەوە، بە کەرپووچە ماندووەکانم وت، بە منارە لارە سەرشکاوەکەم وت:

دەڕۆم، نازانم دەگەمە کێندەرێ! ڤیزاکەم لە کۆنترۆڵی تورکەکان بە ساختەیەکی شێخەڵای دەزانن، یان بەئاسانی مۆرەکەم بۆ لێدەدەن. لە یەکەم سەیتەری سەر بەرزاییەکەی پشت شاری جەزیرەی بۆتان هەموومان دادەگرن، پاسەکە رادەگرن تا ناوەکان رەوانەی کۆنترۆڵەکەی خابوور دەکەنەوە، بۆ ئەوەی بزانن ئەو ناوانە بە شێوەیەکی رەسمی لەلای ئەوانەوە هاتوون، یان بزانن دوێنی شەو، لەناو تاریکی و نهێنییدا بە قاچاخ ئاودیو بوون، تا زوو سنوورداشیان بکەنەوە!

چارەنووسێکی نادیارە، لەودەمانە خۆم دایە دەست بەخت و رێکەوت، لەو سەفەرە بەرنامە نییە، کەس بە بەرنامە سەفەری نەکردووە، زوو کوڕە ئاغاکان، کوڕە دووکاندارەکانی قەیسەری و عەلافەکان، کوڕە مەلاکەکان بە بەرنامە

سەفەریان دەکرد، دەچوونە ئیتاڵیا، بریتانیا، وڵاتانی بەرەی خۆرهەڵات، بەڵام سەفەری ئەو رۆژانە کە زۆرە و کاروانەکە بەردەوامە و هەموویان بەرنامەی نەبووە، زۆریشیان دەچوون و ئازارەکانیان دەگێڕایەوە، بەڵام بە ئاسوودەییەوە تاڵەکانیان شیرین دەکرد، سەربەرزانە شەرمەزارییەکانی ئەو کاروانەیان دەگێڕایەوە.

من لەو گێژاوە سەفەرم کرد، کازیوە وا سەفەری نەکرد، ئەو دوو جانتای گەورەی جلوبەرگی دانابوو، دیاری پێبوو، لەناو جانتاکەی خەون و بەرنامە و ژووان و تەونی شەوەکان، کاروانی درێژی سەرخوانەکانی نانخواردن و بازنەی دوو کەسی رووبەڕووی ئاسوودەی رۆژانە، شتی زۆر پێ بوو. من دەمزانی کاروانەکەم ژانی زۆر دەبێت، من بەرنامەم نەبوو، بۆ دۆزینەوەی بازنە و هێلانەیەک سنوورەکانم وەک نوقلێک قووت دەدا، دەریام فڕ کرد و شەوم لە شان کرد، رۆژانەکەم لە دەفتەرە گچکەکەی بەرباخەڵم نووسی و بەرنامەکەم هێڵەکانی دیارکەوتن. بەڵام ئەو بەرنامەکەی لە یەکەم ساتدا دزرا، لەناو فڕۆکەدا خۆشییەکەی لێی ون دەبێت، زوو هەنارەکەیان بۆگەنی کرد و چیتر تامیان نەکرد. ئەو لەو سەفەرەدا سەرەتا نەچووە کەمپەکان، ژیانی کەمپی نەدیت، کە ژیانێکی زۆر نامۆیە، کەمپی ئاوارەکان ژمارەیەکی زۆر کەمی ئەو هەسارەیە کە سەرژمێرییەکەی دەگاتە حەوت ملیار کەس، هەموو وەک ئێمە هەناسە دەدن، وەک من و ئەوانی تریش دڵیان لەلای چەپە، بەڵام سەردانی کەمپیان نەکردووە، ژمارەیەکی کەم خەڵکی ئەو گۆڕەپانە لەو کەمپانە ژیاون. کەمپ وەک جیهانە گەورەکە بوو، هەموو زمانێکی تێدا بەکاردەهات، بۆنی خواردنی هەموو نەوسێک دەهات، چاوی گچکە وەک شووشە مروارییەکانی خەناوکەی ئەو کیژۆڵەی کە لەبەردەمی دادەچووم کتێبە گەورەکەی ناودەستم دەخستە رووی دەرەوە، تا بزانێت من لە خوێندنی ناوەندی تەواوبووم و ئێستا کتێبی گەورە دەخوێنم، لەو کەمپە جنێو و نائومێدییەکان بە قەد ناز و نیانی بەرپرسەکان بوو، شەڕەکان وەک قارچک دەردەچوو.

ئەو ژیانی کەمپی نەدیت، بەڵام ماڵەکەی کەمپێک بوو، چونکە پیشڕەو لە زمانەکەی ئەو نەدەگەیشت، ئەویش گوێی لە وشە جوانەکان نەبوو، خواردنی ژنەکەی تام نەکرد، وەک ئەوەی ژنەکە ئەندامێکی پڵینگەکانی تامیلی سریلانکا بێت بە بەهارات هاری دەکات. کازیوە نەچووە کەمپ، یەکسەر چووە ماڵێکی خاوێن، سەر سیسەمێکی بەرینی شەرشف هەناری و هەنارەکەی وەک کۆترێکی باڵکراو خەواند، وەک پشیلەیەک دەستی بەسەردا هێنا، بەڵام کەس پارچە گۆشتیکی لەبەردەم دانەنا، جامێکی ئاوی هەنگوێنی سپی بۆ رانەگرت. ئەو لەسەر سیسەمەکە گینگڵی دەدا، وەک ماسییەکی ناو قوود لوولی دەخوارد، دەستەکانی بە جەستەی هەڵدەشاخاند، پەنجەکانی دەمژی، لەبەر ئاوێنەکانی

نمایشی دەکرد. پیشڕەویش لەسەر کەرەوێتی ژوورەکەی تر قاچە درێژەکانی دەچەماندەوە، چاوەکانی کلیل دەدا، دەچووە ناو تەلەفزیۆنەکە، دەچووە ناو بەفرەکە، لەگەڵ گلۆپەکانی دەڕۆیشت، بەڵام لە کازیوە نزیک نەدەکەوتەوە.

بەشەوقەوە چاوم بڕیبووە سینگی پانی ژنەکە و دەرزی دیاری نێوان مەمکەکانی منی بردبووە ژوورەوە، لەویٚ بەجۆشەوە دەچوومە خوارتر، بەنیازبووم باش و گەرم دامەزرێم، زۆری نەمابوو، قاوەیەکیش بخۆمەوە، سەرەخەوێکیش بشکێنم، ژنەکە بە پەلارە وشەکان، بە رستەیەک پیتی خاڵدار و لوولدراو و باڵدار و سەرسام جامی سەرمی سوڕاند، منی بەئاگا هێنایەوە و چاوم لە دەرزەکە بەربۆوە، ژنەکە پرسی:

تۆ بۆ ئەو ژنە دەنووسیتەوە؟

(من لە نووسینەوەی ئەو ژنە ولاَتێک دەنووسمەوە، نەخێر دوو ولاَت، لەو ولاَتە ولاَتێکی تریش بوونی هەیە، یەک پیاو ریسوا دەکەم، هەروەها یەک پیاویش سەرکەش دەکەم. ئەو پیاوە هەنارەکەی شکاند، بەڵام دەنکەکانی نەوەراند، ئەو ژنە هەنارەکەی دۆڕاند بەڵام خۆی کڕیوە، ئەو چیرۆکە درێژە، خەڵکی زۆری تێکەوتووە، قسەی زۆریان لەسەر هەڵبەستا، خزمەکان نەیانزانیبوو، دەرهێنەرەکەش نەیزانیبوو، کێ بەکێیە، پەیوەندیش داوێکە کە پسا هەموو هەواڵەکان دەبڕێتەوە).

***

من خۆم نویٚ دەکەمەوە، رۆژمێرەکەم دەسڕمەوە، ناوم دەگۆڕم، تەمەن کورت دەکەمەوە، قسەم بۆ بکە لەگەڵ قسەکانت دەبمەوە پاڵەوانەکە. چەند ئاوێنە منیان رەشکردەوە، تۆ ئەوەندە سپیم بکەرەوە، تۆ لە باوەشم و لەناو مێژووی داوە سپییەکانی سەرم گووم دەبیت، لەگەڵ دەمارە ماندووەکانی سەربردە و رۆژگارەکانم دەبیتەوە بۆنی رەیحانەکە. من گەورەبووم، هەموودەمێک بیرم لەو پارچە گۆشتەی ناو سینگمە کە جاران نەمدەناسی، نەمدەزانی لە کام بەشی قەفەسی سینگە، نەمدەزانی رۆژیٚ دیٚ رادەوەستیٚ، وامدەزانی وەستان بە قاچ و بە راکردنە، نەمدەزانی ژیان بەو دڵەیە، وا هەڕەشەم لیٚ دەکات، دەیەوێت لە تۆ و لە خۆر و لە پیتەکان دوورم بکاتەوە، وەرە با بەیەکەوە ببینە نووسین، ببینە قەڵەم، من بەو دێڕانەوە بە ژیان و بە دەرەوە بەستراومەتەوە، ئەگەر نووسین نەبێت، من دەزانم لە پایتەختەکەی (بیونگ یانگ) ژنێکی ئەڵمان، باخێکی بۆ میوەچاندن بە دەست ماچکردن پەیداکردووە، تا چەند سەفرەیەک میوە رەنگیان بکات، ئەگەرنا میوەکانیش وەک خەڵکەکە دەبنە پلاستیک.

من تۆ و ئەوانی تر چۆن نانووسمەوە، وا تازە فێری خوێندەواری دەبم، هەمووتان وەک من لە نووسینی کۆمێنتەکان خێرا نین، کەستان قسەتان وەک من بۆ نایت، نازانن وەک من لە کاتی جۆشەکان شیعر بکەنە هەواڵ و پرسین، ئێوە خەوتان

دێ، ماندوو دەبن، نان دەخۆن، دەچنە توالێت، بەڵام من دەتوانم هەتا هەڵگوردی بەرزایی لەگەڵ ئێوە بڕۆم، ماندووش نابم، یەک کازیوە دەنووسمەوە، بەڵام دوو سێ کازیوەی تریش دەدوێنم، دەتوانم لەگەڵ کیژۆڵەیەکی بەرەبەیان لە خەو بتۆرێنم، تا تیشکی خۆر شانی گەرم دەکات من گەرمی بکەمەوە، من کازیوەکان لەسەر دەستم دادەنێم. قەڵەمەکەم پیرە وەک سەرم، نووسینەکەم مزاشە، تێکەڵە گەنم و جۆی عاشق و دڵدارەکانە.

ئەو رۆژانەی جانتامان لە شانکرد و دواییش لێمان بووە بارگرانی و لەناو دڕکەکانی دوورگەیەکی گریک لە تەنیشت جامە شکاوەکانی زۆربا فڕێماندا، شارەکەمان شەهیدبوو، بۆیە خۆمان شەهید کرد. بەڵام کازیوە تۆ شانۆیەکت شەهید کرد، دەرهێنەرێکت ریسواکرد، خۆت بۆ پێشڕەو شەهید کرد، ئەویش لەو ژوورە تاریکە بە بەفر، تۆی شەهید کرد، بسکی تۆی بڕی و نەیکردە دیکۆر و ئیکسسواری شانۆکە، هەنارەکەی شکاندنی، چاوەکانی سپی کردیت، جاران بووکەشووشە و ئەکتەر و کەسێک بوویت، ئەو هەمووی لەبەرت دادەڕی، ژنە کوڵم هەرمێیەکە گەرمی کردیتەوە، خۆت ئەندامە شکاوەکانی بووکەشووشەی خۆت کۆکردەوە، هەموو بەیەکەوە لکاندەوە، چەسپت کرد، هەمووت سازکردەوە، دەنگت هات، رەنگت دەرکەوت، چوویتەوە ناو بازنەکەی ژیان و لەوێیەوە بویتەوە کازیوە.

***

کازیوە بە دیار ژنێکی تەمەندار دانیشتبوو، ژنەکە لەناو پێستێکی شێلدراوی چوورچ بوو، چاوەکانی بە چەرمی نەرمی خاڵداری پێڵوو و برۆکانی دیار نەبوو، دەمارەکانی پشتی دەستی لەگەڵ دەرزی کون کون ببوو، جەستەیەکی مردوو، لە کەولێکی گیاندار دەچوو، زمانی دەگەڕا، هەناسەی دەهات، لەسەردەستان راگیرابوو، ژنەکە هیچی لەبیرنەمابوو، ناوی مناڵەکانی، ئەو دەزگایەی تەمەنێکی درێژی رەنجی بۆ کێشابوو، لەسەر کورسییەکە دەلەنگییەوە، قاچەکانی نەدەجولان، سەری کەوتبووە سەر لاشانێک، دەستە جلێکی گوڵدار گەنجی کردبووە، روومەتی وەک بووک بۆیەکرابوو، نینۆکەکانی، قژی چاکرابوو، ژنەکە هەر هەشت سەعاتی جارێک کەسێک لەلای دەمایەوە، خزمی نەبوون، ژنەکان بووک و برازا و ناسیاری نەبوو، کەسەکان زمانی ئەویان نەدەزانی. دوایی ئەو زمانی بۆ چ بوو، بۆ ژنە تورکەکەی بەیانییان لەلای دەمینێتەوە، بۆ زمانی سویدی بزانێت؟ ژنە عارەبەکەی کە نیوەڕۆیان دەهات، کازیوە کە شەوان دەچوو، بۆ زمانی ئەو بزانن؟ خۆ ئەو هیچی بە سەر نەمابوو، نەیدەزانی ناوی چییە، ژنەکە ساڵ و مانگ و رۆژی لەدایکبوونی لەبیرنەمابوو، نەیدەزانی بۆچی ئێوارەکەی یەکی مای ساڵانە سویدییەکان ئاگر دەکەنەوە، بۆچی لەناو هەموو گوندەکان دار کۆدەکەنەوە و بە مەراسیمێکی نازدار ئاگر لەبەر چاوی گۆمە ئاوەکان، لەسەرسینگی دارستانەکان دەکەنەوە. ئەو ژنەی کۆمۆن رۆژانە سێ کەسی

بەدیاریەوە دەکاتە پاسەوان و قسەی بۆ دەکەن، پاکی دەکەنەوە، هەڵگێڕ و وەرگێڕی دەکەن، ئەو ژنەی تەمەنی سەرووی هەشتا ساڵێک دەبوو، دووبارە دەبێتەوە مناڵێکی هەشت مانگی، هیچی نەدەزانی، کازیوەش، لە دیار کورسییەکەی ئەو دەیویست ببێتەوە کێژێکی نوێی هەنار نەشکاو، ببێتە قوتابییەکەی سەرشانۆ و بە قەمیسە کراوەکەی سینگ گوڵدارەوە، لەبەردەم دەرهێنەرەکە راوەستێت، دڵە کەروێشکییەکەی خرپەی بێت، تا بزانێت لەو کارەدا کام دەور وەردەگرێتەوە، لەو نمایشەدا دەگاتە کێندەرێ، لەو ستێیشنەدا چەند دەمینێتەوە و سواری کام فارگۆن دەبێت، کورسییەکەی بەرپەنجەرەی بەر دەکەوێت، ژمارەکەی دەیباتە سەر کام کورسی، لەودەمانە بیر لە چ دەکاتەوە، چ ماندوو و دڵگەرمی دەکات.

کە سەیری پیرەکانی دەکرد، کە لەناو لاشەی نیوەمردووی ئەوان دەسووڕایەوە بۆ ژیان پەلەی بوو، لەناو مردووەکان، لەناو نەخۆشە یاد سڕاوەکان، ئەویش دەیویست یادەکانی بسڕێتەوە. دەستی گەرمی کارمەندانی خاچی سوور و مانەوەی ماوەیەک لە ماڵی ژنە کوڵم هەرمێییەکە رۆژی یەکەمی دەربازبوونی بوو لە زیندانەکە، کە جانتا بەدەست دەرچوو، سەیری هەموو رووبەرە سپییەکانی بەفری کرد، هەستی نەکرد چوارگۆشەیەک لەو رووبەرە لە داخی کۆستەکەی ئەو نەتاوایەوە و نەبووە هەوارێک، لەودەمانە ئەو جەستە بەستراوە چۆن دەتاوێتەوە و ئەو هەوارە یەکسەر چۆن بەو ساز دەبێت، بۆیە بە دڵە ماندووەکەی لە دەرگای ئەوانی دا، دەنگی ترپەی دڵی گەیشتە ئەو ژنەی زوو خۆی بە دڵە مناڵییە سادەکەی لەو دەرگایە دابوو، بە قاوەیەکی تاڵ و پسکوێتێکی شیرینی سویدی دەرگای بۆ دەکرێتەوە، خۆی و خەمەکان و جانتاکەی جێگایەک دەدۆزێتەوە.

کە خۆی لەو ماڵە دادەوەشێنێت و تۆز و چەڵتووکی ناشیرینی ئەو مانگانە لە خۆی و لە هەنارەکەی دادەتەکێنێت، دەگاتە ئۆفیسی کاردۆزینەوە و لەوێ بە یەک تەلەفۆن زوو بەرەو ئەو شوێنە وەک پراکتیک رەوانی دەکەن. نەخۆشییەکەی خۆی و ژانی هەنارە شکاوەکەی، رووی دەرزبردووی روومەت و گەردەنی دەباتە ناو نەخۆشەکان، پیاوە شکاوەکانی سەر عەرەبانەی کەمئەندامی، لەوێ پیاوە نابیناکان، ئەوەی شیرینی شەکر چاوی بردوون، دەستبڕاوەکان ئەوانەی دەستان زۆر گەیاندبووە ناو سەبەتەی هەنگ و سڕببوون. ژنە داماوەکە، لەناو ئەو داماوانە، سەری لەبن ئاوە شێلووەکەی گۆمەکە دەرهێنا، چاوەکانی داگیرساند، دەستی بە رەشکردنەوەی دێڕە پانەکانی خەم و ریسوابوون کرد، ئەو ژنە، لەناو نەخۆشەکاندا وەک دارە ئەستوورەکانی ناو پارک و سەرشەقامەکان بەنازەوە سەما فێربوو.

***

**14**

کەوتبوومە نێوان دوو قەڵغانە کەوانە گەورەی ئاسنین، دەترسام، نەوەک ئەو ژنەی قسەم بۆ دەکات پیاوەکەی بێت، مێردەکەی کازیوە بێت، ئەو چەند وێنەی ژنێکی لەناو ژنە بەرازیلییەکان، یان لە خوارووی ناسکەکانی ئیتاڵیا کۆکردبێتەوە و نیشانی منیان بداتەوە، دیارە کەوا ئێستا ئەو بێ ئیشە و دەیەوێ سەری من بێشێنێت.! پیاوەکە دەتوانێت وەک ژنێک بگرێیت، وەک ژنێک باسی ژانی مناڵبوونم بۆ بکات. ئەو پیاوە دەستم بخاتە بەر مەکینەیەکی تیژی غەدار. قسەکانی ژنەکەی بۆ من بڵێتەوە، بۆیەش باسی هەنارە شکاوەکەی زۆر دەکات، بۆیەش بەڕقەوە کارەساتەکە دەگێڕێتەوە و بەشانازییەوە دەڵێت:

من ئیقامەم بۆ نوێ کردەوە، من دەمتوانی بەیەک نامە، بچم لە دەزگای ڕێگاپێدانی بێگانەکان، بە یەک وشە مانەوەکەی هەڵبەوەشێنمەوە، پۆلیس بێت جانتاکەی کۆبکاتەوە و سواری ترێنی بکەن، لەوێ پلیتێکی بۆ ببڕن و بە هەنارشکاوی ڕەوانەی ماڵەوەی بکەنەوە.!

ڕەنگە ئەو پیاوەش قسەی خۆی هەبێت، بڵێت بۆیە من ژنەکەم قبووڵ نەبوو، بۆیە تەنها لەسەر داوای خۆی کردمە ژن، من هەردوو گورچیلەم لاوازبوو، من ژیانم زەحمەت بوو، کە هاتمەوە، کە ئەلقەکەم لە پەنجە کرد و شەکراومان خواردەوە، من گورچیلەکانم بوونە تەماتەیەکی چوورچ، بوونە میزڵدانێکی هەوا بەتاڵکراو. ژنەکە پیاوێک بێت باسی ئازارەکانی گورچیلەم بۆ بکات، تا من بەرەو خۆی رابکێشێت، من بکاتە دکتۆریک، من بکاتە دەرمانی ئەو ژانە، من خەم و سۆزی خۆمی بۆ ڕەوان بکەم، من بکاتە کەسێکی کاڵفام و پشت کۆمپیوتەرەکە بە تریقەی بەرزەوە بە هەستی ناسکی من پێبکەنێت.

ئەگەر ئەو ژنە پیاو بێت، وێنەکان هی خۆی نەبێت، شوێنەکەی لەسەر نەخشەش نەبێت، ڕەنگی جلوبەرگەکانی جیاواز بێت، من بڕوام بەو کردووە، من ئەو دەنووسمەوە، وا کازیوەم بردووتەوە بەر خوێندن، دووبارە گەڕاوەتە سەر تەختەی فێربوون، بەڵام تەختەی شانۆ نا، تەختەی فێربوونی زمانی سویدی، وا فێری پیتەکانی دەکەن، کامیان ڤۆکالە، بزوێنن، ئەو بزوێنانە لە هەموو زمانەکان فۆنەتیک دەگۆڕێت و رووی زمان و فێربوون رەق و زەحمەت دەکات. ژنەکە دووبارە دەرگا دەکاتەوە، دەچێتە سەرکار، ئێواران دەچێتە بەر خوێندن و بە رۆژیش کار دەکات، ئیشی وەرگرتووە، لە بانک حیسابی کردووتەوە، ناسنامەی کردووە، یەکەم مۆری مانەوەی لە پاسپۆرتە عیراقییەکەی دراوە، کە بووە دوو ساڵ ئیقامەکەی جێگیر دەبێت، دەکرێ بمینێتەوە ئەگەر لە پێشڕەویش جیاببێتەوە، دەتوانێت سەرلەنوێ سەیری ژیان و وڵاتەکە بە چاوێکی تر بکاتەوە.

کازیوە دەچێتە سپاربانک و کۆنتۆی بۆ خۆی کردووتەوە، یەکەم مووچەی بۆ دانراوە، لە بانکۆماتەکەی نزیک سەنتەرەکەیان پارە دەردەهێنێت، سەیری پارە

کاغەزەکەی ناو دەستی دەکات، لەگەڵ ژمارەی سەد کرۆنەکەی سەر پارچە کاغەزە نوێی دراوەکە، نەر نەرم ئارەقەکانی ماندبوون سەمایان بۆ دەکرد.

کازیوە لە دیار نەخۆشێکی تەمەن سەروو هەشتا ساڵی دۆش دامابوو، سەیری چاوەکانی دەکرد چۆن کوژاونەتەوە، چۆن دەستی لە بەژنی جەستەی دەبێتەوە، چۆن سەری لە لوتکەی شاخەکە شکاوە، بینی مردن پێشوازییە، مردن هەر یەخەت دەگرێت، بواری دەربازبوون نییە. ئەوان گەورە دەبوون، کازیوە گچکە دەبێتەوە، ئەو تەڕتر دەبوو، لە دەرزێکی باریکەوە ئاسۆیەکی بەرینی دەبینی، چاوی دەگێڕا، ژیانی لەناو مردنی خانەی پیرەکان دەدۆزیەوە.

من منالّم لە پیاو ناوێت وەک ژنە کولّم هەرمێیە فەنلەندییەکە، منالّێکی لە سریلانکا دەدۆزمەوە، من دەچمەوە هەڵەبجە، لە نەخۆشخانەیەکی خۆمان منالّێک دەهێنمەوە، گەورەی دەکەم، هەنارەکەم نادەمەوە دەست پیاوێکی تر، جارێکی تر ئەوە ناکەمەوە، هەنار یەکجار دەشکێت. کازیوە رامانەکانی تۆڕێکی ئالّۆز و فرە هێمابوون.

***

کومێنتی نووسراوی ناو فەیسبوک:

هەنارێک و پێکێک و دوو قومە شەراب و دەستە جوانەکەی بۆ دەرهێنانی دەنکە هەنارە سوورە شووشەییەکان، مێزەکەی رەنگین کردبوو. نەرم نەرم پیاوە مەشروبخۆرەکە جوانتر و نیانتر دەردەکەوت. ئەو وتی:

من بە رۆژ پیاوێکی زۆر ئاساییم و شەوانەش مەشروب جوان دەخۆمەوە و مەستێکی جوان و سەرخۆشێکی نەرمم. کە مەست دەبم هەڵدەستم و شەقامەکان دەناسمەوە، هەموو هاوسێیەکانم رێزم دەگرن، یەک یەک منالّەکانم ماچ دەکەم، دوو سێ لاپەڕە و دوو ستونیش بە مەستی شەراب و جوانی هەنار دەخوێنمەوە. لەناو خیوەتە نەوی و تاریکەکە و لەگەڵ جۆلآنەی مێزەکە و لەنجەی پەرداخەکە، جوانییەکان باشتر دەبینم، هەست بە پیرۆزی وێنە و نووسینەکانیش دەکەم.

ئەمشەوە هەنارەکە وەک بووک دانیشتبوو، پەرداخ وەک منارە و شووشە گەردەن باریکەکەش، ناوقەدی لە ژنە سەماکەرێکی زراڤی حەلەبی دەچوو، هەموویان لایەنێکی چیرۆکێکی کورت و ستوونێکی هەفتانەی نووسینێک بوون بۆ من.

ئەو لەناو دێڕەکانی نووسینەکانی فەیسبوکەکە تا مەستی ساتەکانی ئەو نووسینەم گەرم و ئەستور بکات و ببێتە چیا، ئەو وتی:

من دەزانم مەمکی هەنار رادەی مەستیمان چەند بەرز دەکاتەوە، من دەزانم هەناری جوان و هاوڕێی بێوەی شەوانم، شەوەکانم چەند پەمبە دەکەن، دەستم دەبێتە باڵی پەپوولە و چاوم وەک ماسی روون دەبێت. ئەو شەوە ئەو برادەرێکی پاش سێ پەرداخی مەستی گەیاندەوە بەردەرگا کۆنەکەیان، بیست ساڵ بوو، ئەو

کۆڵانەکەی نەدیبوو، ئەوی بە پیادەیی ئەوی نەدیبوو، ئەمشەوە بۆنی شەراب و هەناری سووری سەماکەری سەرمێزەکە و بەزمی شەوە بەقەڵبەزەکە، دووبارە بەیەکەوەی ئاشناکردبوونەوە. لەگەڵ دوا قومی مەستییەکەیان لە سێگۆشەکەی شەقامی ئیسکان، نانەگەرمە بەگۆشتەبرژاوەکەیان خوارد و لە تۆمارگەکەش گۆرانیە مەستەکانی هونەرمەندی میللی هەولێر (حەیدەرە کەچەڵ) یان هەڵبژارد و بەیەکەوە بە جوانی هەنار و خوناوی شەراب بۆ ماڵەوە سەرکەوتن.

هەنار بە دارەوە جوانە و سەمای لەرزین دەزانێت، هەنار لەناو مەکینەی شەربەتا قوورگی وشک و برسی خەنی دەکات، بەڵام ئەمشەوە کە دەستی لە گەردەنی شووشە کردبوو، کە لەگەڵ بەزمی مەستەکاندا سەمای دەکرد، هەنارم زۆرتر خۆشویست و بڕیارمدا، هەنار لە جانتاکەم دابنێم و سەفەری دووری پێبکەم، لەگەڵ دوا کتێبەکەی ژنە بوێرەکە (ئەحلام مەنسوور) و رۆمانە شەرمنەکەی کۆنە شیوعییە پێشمەرگەکە (کەریم کاکە) و دیوانە تیشکە زێرینەکەی (خارە قوباد) بە فڕۆکە بهێنمەوە ستوکهۆڵم. من دەزانم هەنارە ترش و جوانەکە لە سەرما و شەوانی تەنهایی لقەکان راهاتووە، باشیش دەزانم نووسینەکانی ئەحلامیش لە هەزار گوشەی تاریکا دەربازی بووە، کەریم کاکەش بە سمێڵە رەشەکەییەوە دیارە لە جەولەکانی شاخەکانی هەورێ و قەندیل ماندوو نەبووە، شیعرەکانی قوبادیش نارنجۆکن و لەژێر گۆشتی رووتەوە بەستراون، بۆیە دەستی هەنارەکە دەگرن و بەیەکەوە دەگەنە بەستەڵەکی بەفری سوید و شەوێکیان هەنارەکە بەخۆشحاڵییەوە، دەبێتە مەزەیەکی بەتام و منیش ناچار دەکات، لە شەوێکی زۆر تاریکا پێکێک زیاتریش بخۆمەوە.

من یەکەمجارم نییە، لەگەڵ پەرداخ و شەرابا هاوسەرم، هەر ئەو شەوە و لەورۆژانە نییە کە لەگەڵ ژنەکە مەست دەبم، لەگەڵ یەکێکیان دەچمە کوبا، دەستی ئەوی تر رامدەکێشێت دەمباتەوە کەرەنەکی ئوقسری سەر رووباری نیل. من لەمێژە لە دەریای شەرابا مەلە دەکەم، بۆیە باش دەزانم من مەست نیم، بەڵام وا دەبینم شەپۆلی دەریا شێت بووە و بە تەوژمەوە بەڕووی پاپۆڕەکە دێت، دەیەوێت شوورەی پۆڵاینی پاپۆڕە پتەوەکە بشکێنێت. دەریاکە بۆ وا نەکات، وا لەناو باخەڵی ئەودا، سەدان هەزارەها ماسی ورد و جوان دەکەونە بن کەڵپە و قوورگی ماسیە گەورەکان و قورشە برسییەکان، شەپۆل چۆن مەست نەبێت، لە ناو ئەو پاپۆڕەدا شەوەکەی سەما و موزیکا و مەستەکان خەویان لە ئاوی مەند و شەپۆلی شەرمن هەڵگرتبوو، بۆیە شەپۆلەکان هاربوون و هاوار دەکەن، چونکە ئیمشەو لەناو دەریایە خاوێنەکە گوناحی گەورە لە روومەت و گونا و ئەندامە ناسکەکانیتر کراوە.

لەو رووبەرە تەسکە ئاسنینە کارەباییەدا، رامووسان ئیسراحەتی بە جەستە نەداوە، لەو شەوەدا نەورەسەکان گازاندەیان گەیاندە ژێر دەریا و شەماڵیان

کردووته زریان و زریانیان شیردار کرد به رووی گوناحی ماچەکان و تاوانەکان. لەیەک شەودا، یەک کەس بێجگە لە ماچ و بوورانەوە و سەما و مەستی هیچی تریان نەکردووە، کەسیان سۆزیان نەداوە بە نەورەس و دارکاژە کەسکە دوورەکان، یەک کەس نەهاتە سەر باڵکۆنە خاوێنە دووروودرێژەکان و سەمایەکیان بۆ دەریا نەکرد، باڵی نەورەسیان نەکردەوە و چاوی ئەستێرەکانیان نەکردووە.

هەموویان نەهاتە دەرەوە و حەسوودانە لەسەر بەژنی رووتی پەمۆ نووستن، بێرەحمانە کەوتنە گیانی یەکتر و یەکتریان شل و ماندوو کرد، کەسیان نەهاتنە دەرەوە و سەرچۆپییەکانیان بدەنە دەست نازی روومەتی دەریا و چاوی کەژاڵی شەپۆل، بۆیەش شەپۆلەکان هاتنە دەنگ و بە تووڕەییەوە شاخی رەقی خۆیان شێتانە و مەستانە و بوێرانە لەڕووی ناسکی شووشەکان دەدا و تۆڵەی شەوەکەیان کردەوە و بێبەزییانە هەموویان هوشیارکردنەوە.

***

وەڵامدانەوەی کۆمێنتێکی ناسک، لە شەوێکی درەنگی خەیاڵەوە:

من مەستم یان دەریاکە شێت بووە، من هێشتا دەستم بە شووشەوە گیرە، یان شووشەکە لە پەنجەکانم نابێتەوە و رووباری شەرابەکە وشکەساڵیی نازانێت و بەلووعەی رێستورانتەکە، قەڵبەزی شەرابم بۆ دەهێنێتە دەرەوە.

من مەستم یان دەریا دوورەکە دەمترسێنێت و هەڕەشەم لێدەکات. تیری شەپۆلێک و تفەنگی کەفی تووڕەیی ئاوە ساردەکەی دەریاکە دەیووت:

من ئیمشەو گوێم لێبوو، دوو پیری سەر پاپۆڕەکە دە سەعات باسی ژووانی شەست ساڵی رابردوویان بۆ یەکتری دەگێرایەوە، شەپۆلەکان دەیانووت:

من بینیم دە سەعات دوو گەنج بەیەکەوە گیربببوون، بەگریانیش دەستیان لەیەکتری بەرنەدەبوو.

من بینیم یەکەم قومە شەرابیش مەستی دەکردن.

من هەستم دەکرد، هەندێکیانیش بە یەک بەرمیل شەرابیش سەرخۆش نەدەبوون!

دەریا شێتەکە هاتووە و شەپۆلی بۆ تۆڵە ناردووە، هاتووە هەموویان بیسمیل بکات، هەموویان هوشیار بکاتەوە و مەستی شەوەکەیان لێ دەربکات. بۆیە شەپۆلەکان هاتوون، نەوەک بەرۆکی سینگەکان دابخرێنەوە و زوڵمی ددانەکان بشارنەوە، نەوەک دەستەکان بشۆردرێن و خوێنی شەوەکان لەگەڵ ئاوی تواڵێتە خاوێنەکان بڕوات، شەپۆلەکان سینگیان کردیتەوە و باڵیان فشکردووە، بە هەموو هێزەوە دەیانەوێ بەو پاپۆڕە بڵێن:

مەستەکانمان قبووڵە، بەرداخەکانت جوانە، شەوەکانتان حەیران، بەڵام ئازاری لێوەکان مەدەن، ژان مەخەنە ناو هەناوە ناسکەکان، بە نەرمی سینگەکان بشێلن،

بە نازەوە دوگمەکان بکەنەوە، بۆ سەما کرنۆش بەرن، بۆ یەک ماچ هەزار سەڵاوات لێدەن، بۆ ژنەکان بنوشتێنەوە، بۆ پیرۆزی شەراب بەوەفا بن.!

فرۆکەیەکی تەژی گەشتیاری سویدی لە ئاسمانێکی شینەوە و لەسەر ئاوی دەریایەکی شین و مەند و لەسەر خاکێکی مەست، لەسەر کەنارێکی رووت، هەموو شتەکان رووت، بەژنەکان، چاوەکان، هەموو سەماکان رووت، لە شەوێکی فێنکی هاویندا منی دابەزاند، بای دەریا یەکەمجار لە روومەتی دام، لە دەستی دام و ختوکەم دەهاتێ، من یەکەمجارم بوو لە وڵاتێک دادەبەزم، هەموو هاووڵاتییەکانی تێدا سەما دەکەن، هەموو مەستن، هەموو دەست و لێوەکان بە پێکی شەو بە رووتی دەنوون. لەو سەفەرەدا دەچێتە وڵاتێک بچووکە، یەک شوێنە بۆ سەما و بۆ موزیکا، شەقامەکانی ناوی تورکی عوسمانی و عەرەبی ئیسلامی و ئینگلیزی بریتانییە. لەو شارەدا بۆنی ناپلیۆن و شەرابی یۆنانی لێ دێت، وڵاتێکە و تەنها سەما و مەستی و شەوی خەیاڵیان هەیە، بۆ فرۆشتن بۆ کڕین، لەو شارەدا دەرگاکان کراوەن، بۆ مەستی و بۆ...

لەو شارەدا دوو هەزار دەرگای داری بۆیەکراوی خاوێنم بینی، لە پشت هەموو دەرگاکان، چاوەکان ئەستێرەن و شەوانە کاروانت نیشان دەدەن، لەو شارەدا دوو هەزار مەمکم بینی شەپۆلی ساردی ئێوارانی دەریا، دەست گەمەیان لەگەڵ دەکردن، ئەوانیش هەتا دووری ئاسمان بەو دەست گەمانە پێدەکەنین، بەسۆزەوە هەڵدەپەڕین، لەو شارەدا تابلۆکان بە زمانی ئینگلیزی بوون، بەڵام هەموو پیتەکان و هەموو نەستەکانم لێ دەدۆزینەوە.

پاسێکی کۆن، بە یەک یورۆ کە دەکاتە پارەی یەک پرتقاڵ، دوو مۆز، سێ باینجانی رەشی تاڵ، بەو پارەیە یەک سەعات لەسەر کەنارەکان دەتگێڕێت، دەتباتە بن کەپرەکانی حەوانەوە و سوتانی بەر فێنکی، ئەو پاسە کۆنە سوکان لەلای راستە، هەتا مەلەوانی و بەژنی کلێسا و جەرەسی بە سامی زەنگەکان هەیە دەتبات، دەتباتە سەر بەرزاییە گەرمەکان، دەتباتە نزیک ئاوە ساردەکان، لە تەنیشت دارمێوەکان رەتدەبیت، هێشووی خەوتی ترێت نیشان دەدات، هەنار بەنازەوە سەمات بۆ دەکات، لیمۆی ناو لقەکان مەمکت بەبیر دەهێنێتەوە، پاسەکە دەڕوات و ئەوەی سوار دەبێت و ئەوەی دادەبەزێت، هەموویان بۆنیان خۆشە، چاویان جوانە بەژنیان ئەسپینداره، مەمک و جەستەی رووتن!

لە ماڵتا دەریا و نەورەس لەبن دیواری ماڵەکانە، لە تەنیشت پێکە زێڕینەکانە، لەناو چاوەکان دیارن، جوانی و مەستی شریتێکی خۆشی بەردەوامە.

شەو کە نوستم بە خەیاڵ وامزانی ئاوەکەی دەریا شێتەکە، یەک بست هەڵساوە، تەنها هەناسەیەکی داوە، لەو ساتانەدا ئەو شارە دەچێتە بن ئاو، شۆخەکان، مەمکەکان، هەڵبەزینی سەما، دەکەوێتە بن ئاو، دووبارە دەبنەوە حوری و دەبنەوە ماسی شلک. هەموو شارەکە، دەکەوێتە بن ئاوی دەریا،

هەموویان بە خوێ و بە ئاوی بێگەرد دەشووات و بەیانی تا دووبارە مەست ببنەوە، شەپۆلە شێتەکان، حورییەکان لەناو شەقامەکان بەرەڵا دەکەنەوە، بەرداخەکان بۆ پێکی نوێ دەشواتەوە، لەو شەوەدا هەموو دەبنە مەرجان و یاقووت، هەموو پێکەکان سەرلەنوێ لەبەر ئامۆژگاری دەریا پڕ دەبنەوە، هەموو بەیانییەکان جوانەکان جوانتر دەبنەوە.

ماڵتا ئەو وڵاتە گچکەیە لە ساڵی 2004 بوویتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپی، شارێکە هەموو مەستێک نوێژی بۆ دەکات. ئەوانەی سەما دەکەن، لە سەماکانیان کرنۆشی بۆ دەبەن. لە ماڵتا زۆر مەست بووم، بۆیە بۆم نەدەکرا وێنەکان و سیحرەکانی بۆ نووسینێک کۆبکەمەوە.

***

کازیوە تا دادەمەزرێت، تا بەیەکجاری هەنارە شکاوەکەی لەبیردەچێتەوە و بیر لەوە دەکاتەوە بیکاتەوە شەراب، پیاوێکی تری پێ مەست بکات، پیاوێک بکاتە دار و ستوونی ناوەندی هاوینی سویدییەکان، لە دەوری ئەو دارە گوڵدارە، ئەو خاچە لاولاوە بسوورێتەوە، لەورۆژە لەگەڵ سەماکردن لە دیار ئەو ستوونە لە نزیک، یان لە دیار چاوی گۆڵمە ئاوێک رەنگ و گوڵ دەگرێت، لەورۆژە کە هەموو ساڵێک رۆژی هەینییەکان. یادی ناوەندی هاوین دەکەنەوە.

لە ژنەکەم پرسی، من وا دێڕدێڕ تۆ دەنووسمەوە، من لە دوورەوە لێم دیاربوو کە ئەو فێری پاسکیلسواری بوو. بینیم ئەو چەند جار بەربوویتەوە، رووبەڕوو خۆت لە داری سەر بوارەکەت دەدا، کڵاوە پلاستیکەی سەرت بە قەدی دارەکە دەکەوت، دەمزانی ژنە کولّم هەرمێیەکە پێی وتبوویت، سەر ناسکە و کڵاوەکەی سەری توند بۆی گرێ دابوو. دەمبینی، چۆن کە لەسەر کار دەگەڕایتەوە، دەچوویتە نهۆمی سەرەوەی بینایەکەی بەرامبەر بانکەکە بۆ خوێندنی کۆرسی زمانی ئینگلیزی. دەمزانی (داتا شوور کورت) ی کۆمپیوتەرت بە زیرەکی تەواو کرد. تۆ ژنێکی زیرەک بوویت، دەتزانی ئەگەر بکەویتە دوای شانۆ و بڵێیت من دەمەوێ تەنها شانۆ بخوێنم و من بەس دەزانم ببمە ئەکتەر و شانۆکاربم، دوادەکەویت، ئەوە کاتی زۆری دەویست، تۆ زوو ملت لە زمان و پاسکیل و داتا و خوێندن و کار نا.

(زوو پیاوە ناسیارەکەمان پێی وتم، لەو وڵاتە پارە لە بانک قەرز مەکە، ئەو بانکانە پارەی زۆر وەردەگرنەوە، زوو ژنە ئەکتەرەکەی هاوڕێم وتی، بیر لەوە مەکەوە بتوانێت لەو رەوشەی تۆ، بە دیار هەناری شکاوتەوە، تۆ ببیتەوە ئەکتەر و بتوانیت بە شانۆ بژیت. زوو ژنە فنلەندییەکە، ژنە فارسەکەی ببووە مامۆستای زمانی بێگانە پێیان وتم، سویدییەکان کە لە رۆژی هەینی دەچنەوە ماڵەوە، بە گەرمی هیوای رۆژی کامەرانی و شادی بۆ پشووەکانیان دەخوازن، ئەوانە دەزانن چۆن بژین، ژیان لەگەڵ هەناسەیە و پیرۆزە، کار بکە تا بەردەوام جوان بژیت. زوو لەوان فێربووم نەرم و راستگۆبم. فێربووم ئەو وڵاتە دەبێتە زێدێکی یەکەمم

یان دووەمم، زوو تێگەیشتم ئەوانەی هاتوون ناگەڕێنەوە، من یەکەم هەفتە هەنارەکەم شکاند، تا لێرە بە دیار هەنارە شکاوەکەم دانیشم).
***

**15**

کازیوە لە دوا کۆمێنتەکانیدا بۆی نووسیبوم:

کوڕێکی دانیشتووی سویدی شارەکەی خۆم، چەندجار دایکی بۆ داخوازییم نارد، کە بڕیاری شووکردنم دا، پێشڕەو کەوتە ناو دڵم، بووە بەشێک لە شانۆکەم، بووە دەرهێنەر و ڕێگای چوونە دەوام و گەڕانەوەم. ئەو گەڕایەوە سوید و منی لەگەڵ دوو کەرتە ماچ و دوو مژینی لێو و تاوانەیەک، لەگەڵ هیوایەکی گەرم و بەسۆز بۆ گەڕانەوە، یان سەفەرکردنی من بۆ ناو باوەشی ئەو، بۆ تەواوبوونی ئیقامەکەم بە گەرمی جێهێشت. چاوەڕوانییەکەم بە تەلەفۆن و بە شەیدایی زوو تەواوکرد، گەیشتمە سەر بەفری دڵی ئەو، سەر شەختە و بەستەڵەکی چاوەکانی، من خۆم بەسەر ئەو ساخکردووە، هەنارەکەم بەو شکاند، خوێنی خۆم بەو ڕژاند، بە ناو و بە پاشناو و بە ئەدرێس و بە چاوەڕوانی ئیقامەی هەمیشەیی بوومە هاوسەری ئەو، بەڵام ئەو تەنها بە بەڵێنی وەرگرتنی ئیقامەکەم مێرد و کەس و ناومی من بوو.

ژنەکەی خاچی سووری سویدی پشتی گرتم، ماوەیەک لە ماڵەکەی خۆی منی حەواندەوە، چاوی بەستراوی کردمەوە، منی فێری پاسیکل کرد، منی بردە مەلەوانی، منی لە باستووە گەرمە بە هەڵمەکان رووتکردەوە، ئەو فێری بوولەر و شووتبوولەری وردە کفتەی گۆشتی سویدی کردم. کارمەندانی کاردۆزینەوە منیان گەیاندە سەرکار، بوومە ژنێکی کارکەر و خوێندکار، پارەم وەرگرت، ماڵم سازکرد، ئیقامەکەم جارێکی تریش بۆ نوێ کرایەوە و پێشڕەو خۆی پەیوەندی پێوەکردم، شوێنی دیمانەکەی پێ ڕاگەیاندم، بەڵام پەیوەندییەکە بە هۆی کەسی دووەمەوە بوو، لەسەر قسەکانی ئەو و داواکاری ئەو ئیقامەکەم نوێکرایەوە، یەک ساڵم مابوو ئیقامەکەم ببێتە هەمیشەیی، لەوێ وتی من ئامادەم ئەوەشت بۆ دەکەم، ساڵێکی تریش وا دەکەم ناسیارەکەمان ئاگادارت بکاتەوە و دیسان ڕووبەڕووی کارمەندەکانی دەزگای نوێکردنەوەی مانەوە دەبینەوە، لەوێ من دەڵێم ئێمە بەیەکەوە دەژین، سێبەرمان یەکە، چاومان یەکە، ناو و ئەدرێسمان بەیەکەوە. لە خۆشەویستییەکەم پەشیمان بوومەوە، بەڵام لەوەیان پەشیمان نابمەوە، یەکێکی ترم هێنایە سەر سیسەمەکە نەرمەکەت، ئەوم بە ئارەزووی خۆم ڕووتکردەوە، ئەوم مەستکرد و خۆم تێرکرد.

هەنگاو بە هەنگاو شانم دابووە بەر ژیان و جلوبەرگم و مکیاژم دەگۆڕا، زمانەکەم باش بوو، دەمزانی جوان لەسەر شەختە بڕۆم. فێربووم کاتی دەرچوون و گەڕانەوەی پاسەکان بزانم. هێدی هێدی فێربووم کتێبە تایبەتییەکانی بێگانەکان

وەربگرم و زۆرتر لە جارێک بیانخوێنمەوە، ئەوانەی لەو وڵاتە پێیان دەڵێن خوێندنەوەی ئاسان باش بخوێنمەوە. ناوی ئەدیبە گەورەکانی سویدیم ناسی، سەلما لاگیرلۆف، ئەو تاکە نووسەرە سویدییەی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی لەساڵی ١٩٠٩ وەرگرت، رۆمانەکانی ئەوم بە سویدییە سادەکەم خوێندەوە، کە تێدا باس لە ژنێک دەکات، لەودەمانە لە ستۆکهۆلم دەنگ و ژنێکی ئازاد رەفتاری کردووە.
نووسەری ئەدەبی مناڵان ئەسترید لینگ گرینم ناسی، ئەو ژنەی شارێک و وڵاتێک و ئەدەبی مناڵان بەو شانازە، سەیری بەرنامەکانی تەلەفزیۆنم دەکرد، لەوانە سۆپەرلووست فۆشڤین (شوێنەوارە ونبووەکە)، ئەو بەرنامەی لە کەسە ونبووەکان دەگەڕێت، کەسێکی سویدی بەڕەچەڵەک بێگانەی بەناوکراوی هەتیوخانەکانی جیهانی سێیەم دەباتەوە وڵات و زێدی خۆی، تا یەکێک لە ئەندامی خێزانەکەی بە فرمێسک و بە پسوولەیەکی ناتەواو و وێنەی شکاو و فرمێسکی چاوەکان دەدۆزێتەوە. ئەو بەرنامەی دەچێتە سریلانکا و تایلاند و شیلی و کۆلۆمبیا و فلیپین و چەندین دوورگەی برسی و هیلاکی دەستی کلاشینکۆف و زریان و لافاو و شەڕی ناوخۆ. هەفتانە چاوەڕوانی بەرنامەکەم دەکرد، کە ناوبڕی دەکەوتە نێوان بڕگەکانی من بە گەرمی و بە تووڕەییەوە چاوەڕوانم دەکرد، من دەبوومە کیژە سریلانکاییەکە، کوڕە تایلاندییەکەش دەبووە برایەکی دوورم، پیرەژنە داماوەکە، ئەوەی لەناو نوێنی نەخۆشی، لەناو کەلاوەکان و لەسەر مەزراکان لەگەڵ گامێش و سەگی بەرەڵاو و بەرخی لەڕ و باڵندەی باڵشکاو دەدۆزرانەوە، دەبوونە پیرە دایکە لاوازە نەخۆشەکەی من، پیرەمێردەکەش دەبووە باوکە هەناوپساوەکەی من، ئەو مناڵانەی وەک مێروولە لەو گوند و لەو شارە داماوانە دەدۆزرانەوە، بە دڵسۆزییەوە دەبوونە خزموکەسی من. لەگەڵ بەرنامەکە من دەرهێنەرەکەم بووم.
من هەموو بەرنامەکانم لەبیرماوە، ئەگەر رۆژێکیان پاڵەوانی بەرنامەکان، کوڕ و کیژە بێباوک و دایکەکان لە سوپەرمارکیتێکی شارەکەمان، لەناو نۆرەی پارە وەرگرتنی بانکێک، لەسەر دەریاچەیەک و لە بەرخۆر بە نیچمە رووتیش ببینمەوە، لەناو فارگۆنی ترێنێک بدۆزمەوە، یەکسەر دەیانناسمەوە، دەزانم لە کام پارچە خاکی ئەو جیهانە لەگەڵ میدیاکارەکە لە دەست و چاو و ناوی خۆی دەگەڕا، هەموویان دەناسمەوە.

***

لەودەمانەی من رۆژەکانم دەژمارد، تا ئیقامەکەم ببێتە هەمیشەیی و بە رەسمی داوای جیابوونەوە لە پیشڕەو بکەم، عەلا دەیویست بە دەنگی عودە بە سۆزەکەی، بمباتەوە ناو هۆرەکانی خوارووی عیراق، لەبەر لەگەڵ سۆزی سووتانا، چاوەکانی منی بە دوو هۆرەکەیان دەشوبهاند، بەژنم بە دارخورماکانی جیکۆرەکەی بەدر شاکر سەیاب دەزانی.عەلا عودەکەی لەناو پۆلەکە جێهشتبوو، هەر کە بواری

هەبوایە، لە جیاتی من عودەکەی لەسەر کۆشی دادەنا، لە حەسرەتی چاوەکانم سۆزی بۆ هەردوو رووبارەکەی وڵاتی رووم دەردەبڕی، بە سۆزەوە دەیووت:
کەی هەردوو رووبارەکەی روونت لە شەتی عەرەبی من دەکاتەوە.
هێشتا من لە پیشڕەو دەستم بەرنەببوو، عەلا دەیویست لەسەر شانۆکە دامبگرێت، دەیویست رووناکییەکانی دیکۆرەکەم لەسەردا بکوژێنێتەوە. عەلا کوڕە عەرەبەکەی ناو پۆلەکەی خوێندنەکەمان، ئەوەی لە ئۆردوگاکەی ئاوارە عیراقییەکانی سەعودیە لەلایەن دەزگای پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە هاتبوو. ئەو ببووە بەفری تواوەی زستانەکەم. هەستم دەکرد پیاوێک هەیە نازی پێیە، پیاوێک لێم نزیک دەبێتە، عودەکەی بریقەدارە بە سۆزەکەی، دەنگە گەرمەکەی منی تاساندبوو.
ئەو منی هەژاندبوو، بەڵام تراژیدیای ژیانی قەدریەی پورزام، قەدریەی کەس و هاوڕێی دایکم لەبەرچاو ون نەدەببوو، ئەو کیژە مامۆستایە وریایە، کیژە چاوڕەشەکە، ئەوەی شووی بە ئەفسەرە عەرەبەکە کردبوو، ئەویش دوا خەڵاتی خۆشەویستییەکەی بۆ شان و نەجمەکانی، ئەوی کرد بە ژنە شەهیدێک، بووە ژنێکی بێوەژن، لە تەمەنی بەهار و لە ناسکی باڵاکەی لە شەڕەکەی قادسیە دۆڕاوەکە کوژرا و قەدریەیەی کردە بێوەژن، دایکی سێ منداڵی ساوا، دوو کیژی گەورە و حوسێنی تاقانەکەی. دایکم بەردەوام دەگێڕێتەوە و منیش خۆم زۆر باش دەمزانی، بەڵام هەر دەیووت:
ئەو قەدریە نازدارە، ئەو کابانە ناسکە زوو پیربوو، رەشی پۆشی، لە ژنە ئەفسەرێکی دەرەجەدار، بووە ژنێکی نانکەری سەر تەندوور، کە بەیانیان بە سەعفی دارخورما و ریخی گامێشەکان، ئەستوورکی گەرمی بۆ عەشیرەتێک دەکرد، ماڵە گەورەکەی تێر خواردنی بەتام دەکرد، بێوەژن و کابانی ئەو ماڵە گەورەیە، بۆیەش بەناچاری و تا شەرەفی خۆی بپارێزێت و چیتر گەنجییەکەی رەشپۆش نەکات، شوو بە شوبرا گەورەکەی دەکاتەوە، تا منداڵەکانی هەر هەتیوو نەبن، مامیان دەکاتەوە باوکی دووەمیان، تا دەست بەسەر منداڵە هەتیووەکانی دابهێنێت، تا کیژەکانی لە کوڕەکانی خۆی و لە برازاکانی مارە بکات، ببێتە باوکی کیژەکان و کە گەورەبوون خۆی پەچەیان بەسەر روویان داپۆشێت.
***

دایکی کازیوە بە کیژەکەی وتبوو:
ئەو کیژە گەرمە چاوڕەشە، قەدریە شووی بەو پیاوە عەرەبە کرد، تا تێر لە باوەشی گەرم و لە نزیک رووباری دجلە بخەوێت، تا سەبەت سەبەت خورمای تەڕ و شیرین لە بیستانەکەیان بۆ بهێنێتە خوارەوە، بچێتە ناو مانگ و شیرینی بۆ داگرێت، بچێتە ناو ئاو و ماسی بۆ بگرێت.

ئەو خەون و داوی زۆری لەو شووکردنە دانابووە، بەڵام تۆپی شەڕێکی دژوار کەوتە ناوماڵەکەیان، کەوتە سەر سفرەکەی نانی بەیانیان، شیرێک بوو سیسەمەکەی شەوە ئەرخەوانەییەکەی دوولەت کرد، لەگەڵ مێردە ئەفسەرەکەی بەیەکجاری دوورکەوتنەوە. ئەو لە یەک مانگ شەش شەو لە ماڵەوە بوو، ئەو شەوانەی کە مۆڵەتی هەبوو، تا درەنگ لە دیوەخانە دوورودرێژەکەی بنەماڵەکەیان دەمایەوە، ئەو شەڕە باوەشی قەدریەی کردبووە ئاگردانێکی ساردوسڕ، لە باوەشی پیاوە عەرەبەکە کەوتە ناو باوەشی پیاوێکی تر.

رۆژە تاڵەکانی ژیانی قەدریە لە شارۆچکەکەی نزیک بەغدا، ببووە دەرس و ئەزموون تا کازیوە خۆی لە عەلا دوور بکاتەوە، ئەگەر نەجمەکەی سەرشانی ئەفسەرەکەی ئەوی هەڵخەڵەتاند، با دەنگی عودەکەی عەلا لەو وڵاتە دوورە و لەسەر کورسییەکانی فێربوونی زمانی سویدی ئەو مەست نەکات. هەواڵی ئەوی دەزانی کەوا رەوشی شارۆچکەکەیان وا شێواوە، بواری دەرچوونیان نییە، چەند مانگە بەڕێوەبەری بانکەکە ئامادە نییە مووچە کەمەکەی خانەنشینیان بدات، چەکدارەکان بەناو دەیانناسن، دەزانن ئەوان سونەن، بۆیان نییە لەو بانکە بچنە ژوورەوە. هەموو رۆژێک جارێک دەتەقێتەوە، هەموو دەمێک دەکوژرێت، هیچ کاتێک لە کوڕە تاقانەکەی ئەمین نییە، ترسی ئەوەی هەیە گەڕەکەکەیان کۆڵان کۆڵان بتەقێتەوە، کارەبایان ببڕێت، ئاوی خواردنەوەیان ژەهراوی بکرێت.

***

قەدریە دەیووت من یەک مانگ چاوەڕوانی شەش شەوی هاتنەوەی مێردە ئەفسەرەکەم دەکرد، من لە دوورەوە هاتبووم، بەڵام فەرمان و ئەرکییە سەربازییەکەی منی لەو دوور دەخستەوە، من بە تامەوە هاتبووم، بەڵام ئەو کاتی نەبوو، زۆر تامی گەردەن و هەنارم بکات، لە چاوەڕوانی تاڵ و شەیدایی زۆر سیسی کردم، پەلاواژ دەبمەوە.

کە لەوێ، ئامیرەکەی پسولەی مۆڵەتی مانگانەکەی بۆ ئیمزا دەکات، من لە دوورەوە گوێم لە جیرە قەڵەمەکەی ئەو دەبێت. کە پسولە تەنکەکە قەد دەکات، کە جانتاکەی دەپێچێتەوە، منیش لێرەوە لەو گوندە لاچەپە و لەناو عەشیرەتەکەیان قەد دەکرێم، من لەخۆڕا دەپێچرێمەوە، منم مانگێ جارێک دەبمەوە بووک، ئەویش ئەفسەرێکی دار بەدەست، ئەویش پیاوێکی تووڕە و هەراسان، ئەو زاوایەکی شەرمن و ترساو دێتەوە ژوورەکەم.

ئەفسەری سوپاکەی عیراق و لەورۆژە رەش و شەڕخوازییەکان، وەک مێردەکەی قەدریە وەک دۆمێکی بێماڵ و بێ هەوار بوون، هەر رۆژە لە سەربازگەیەک و لە فەوجێکن، دیارە دوو رۆژی مۆڵەتە حەوت رۆژییەکەی بە رێگاوە دەڕوات. ئەو شەو درەنگ مێوانەکانی بەڕێکردبوو، قەدریەش چاوەڕوان بوو، لەسەر ئاو و ئاگر بوو، لە رۆژانی مۆڵەتەکانی ئەو تێر نەدەبوو، دەستی دەخوارد، زمانی دەلێستەوە،

چاوەکانی برسی تری دەکرد. ئەو ئەفسەرێکی بە هیبەتی سەربازگەکە بوو، ئەو چەندین مەلەفی ترسناکی لەبن دەستدا بوو، دەزانیَ لەو لیوایە پێنج هەزارە سەربازییە چ روودەدات، دەیزانی چەند کەسیان هەیە و راپۆرتیان بۆ دەنووسێت، دەبووایە ئەوان گوێی هەموو ئەفسەرەکان ببیستن و ناخی شاراوەی هەموو سەربازەکان بزانن، زاری هەموویان بۆن بکەن، ئەوان لە کویَ دەخۆن، لە کیَ دەخەون، لە حەفتەی مۆڵەتەکانیان سەردانی کێندەریَ دەکەن، کیَ میوانیان دەبن، چ جۆرە پرسیارێکیان لێدەکەن، چۆن و چ وەڵام دەدەنەوە.
بۆ هەموو ئەفسەرە چاوە بە خەونی دیوەخانەکان، ژنەکانیان هەموو گیانیان پاک دەتاشی، بڕۆیان دەکرد و بەریان دەتاشی و بنهەنگڵیان لووس دەکرد، ژنەکانیان ئامادەن و مێوانەکان وازیان لیَ ناهێنن، پیاوەکە سوار و ژنەکانیان گینگڵ دەدەن، پیاوەکان بە ئاو و ژنەکانیش رووباری ئاوی یەک مانگ چاوەڕوانییان شەوەکەیان دەکردە خوناو و ...
***

لەناو ئۆزمۆبیلەکە حەسان بەتووڕەییەوە بە قەدریەی دەووت:
کیژە کوردی درۆزن، خائین، نەتووت ئەگەر ئەمجارە هاتیتەوە، شەوی یەکەم ناخەوین، نەتووت، شەوی یەکەم دەبمە کانی و چک ناکەم! نەتووت، من شەوی یەکەم هەموو وزەی پیاوەتییەکەت هەڵدەمژم، درۆ دەرچوو...
قەدریەش نەدەوێرا بە ئەفسەرە ئیستخباراتەکەی مێردی بڵێت، نەدەوێرا لەناو ئەو عەشیرەتە گەورەیە بە پیاوەکەی بڵێت، ئەو عەشیرەتەی بەشێکی زۆر پیاوەکانیان ئەفسەرن، باڵوێزن، مودیرن، حاکمن، پارەدارن، حکومەتەکە پشتیوانی لەو ناوچەیە و لەناو چەند عەشیرەتێکی وەک ئەوان وەردەگرت، نەدەوێرا ئەگەرنا قەدریە بە نەجمەکانی سەرشانی دەیووت:
ترسنۆک، ئێوە لەگەڵ خواردنەکانتان دەرمانی سستبوونتان دەدەنیَ، لەگەڵ سەموون لەگەڵ برنج و مەرەگە و لەگەڵ حەلواکە و لەگەڵ نیسکەکەی بەیانی ئەو دەرمانەتان بۆ تێکەڵ دەکەن، ئەو یانە و بەهووی ئێوە نانی تێدا دەخۆن چێشتخانە نییە، قەسابخانە و بەیتەرییە، پیاوانی تێدا دەخەسێنن، دەمارەکانتان گرژ دەکەن، من خائین نیم، ئێوە ترسنۆک و بیَ غیرەتن، دەتانکڕن، دەتانکوژن، دەتانخەسێنن، ئەگەرنا من حەوت شەو ناخەوم، من یەک مانگ تێر نابم، من لەو دوورەوە بۆ تۆ و بۆ شەوەکانت هاتووم، من وامدەزانی ئەفسەر ئەسپە، نێرەکەرە، بیرە و ئاوی وشک ناکات، رووبارە و ئاشێک دەگێڕێت، من وامزانی چەرخی من بەو دەسکەی ئاشەی تۆ بەری یەک کێڵگەی گەورەی دان و تۆ دەهاڕێت.

حەسان ئوتومبێلەکەی زۆر خێرا بۆ ماوەی زۆرتر لە سەعاتێک لێخوری و دەستیشی لەسەر رانی ژنەکەی دانابوو، جارجاریش یەک دوو پەنجەشی بۆ بن تەنوورەکەش پاڵدەدا، پێدەکەنی و بە ژنەکەی دەووت:
خائین... ئەو شەو چیاکەتم بەبێ تەقە گرت، دەستت و پێت و شان و ملت و هەموو دەمارەکانم گرت، هەموویان بەئاسانی تەسلیم بوون، من دەزانم چۆنت دەگرم، من شارەزای رەبیەکانت بووم، کوێرە رێگاکانت شارەزام، من جاسووسم چاندووە، من مینم چەقاندووە، بە قسەی خۆش، بە یەک دوو درۆی زل، بە دوو بەڵێن، بە زمانێکی لووس و بە چاوێکی بازگرانە، سەحرای سپی و لووسی شلکەی رانت، پشتت، گردەکانی مەمکت هەمووم راو دەکرد، سوێندم خواردبوو یەک موو بدۆزمەوە نەتاشبێت، لووس و خاوێنت نەکردبێتەوە... قەدریە هیچ توورە نەدەبوو، دەنگی کاسێتی گۆرانییەکانی یاس خوزەیری زۆرتر دەکرد، نەرم نەرم بۆی دەووتەوە، پێیدەووت، عەزاز... ملیۆن جار عەزاز!
ئوتومبێلەکە لەناو زەوییە سپییەکە بە خوێ راوەستا، پێویستی نەدەکرد حەسان دەرگاکە بۆ ژنەکەی بکاتەوە، ئەو دەیتوانی لە دیوی ژوورەوە دەرگاکە بکاتەوە، بەڵام لە دەرەوە دەستە ناسکەکانی دەرگا گرانەکەی پێ نەدەکرایەوە. ئەو بە دشداشە سپییەکە و نەعلەکە رەشە ئەستوورەکەی نەرم نەرم دابەزی، دەیزانی ئەرزەکە نەرمە، زووش بە ژنە کوردەکەی وت، ئاگات لە خۆت بێت، ئێمە خاکیشمان ئێوە قووت دەدات، نەرم وەرە خوارەوە، نەرم! لەسەر خوێیەکە چەند هەنگاوێک رۆیشتن، نەرم نەرم ژنەکە پێیەکانی لە شوێن پێ ئەو بەنازەوە دادەنا، لە ئوتومبێلەکە دوور کەوتنەوە، لە دوورەوە لەسەر رووبەرە خوێیەکە، کە چەند رەنگی هەبوو، قان قان سپی وەک بەفر، رووبەری تێدابوو خۆڵاویی، هەبوو شێوەی باریکی وەرگرتبوو، رەق رەق وەک بلۆک بوو، وەک لە هەندێ وڵاتاندا دەیکەن بە دیوار، خووێیەکە نەرم و رەق سپی و سپیپات و سپی کایی و شپی شیریی بوون، لەو رووبەرەدا چەند تابلۆ بە ناوەوە هەڵواسرابوو، هەموو ناوی ئەو ئەفسەرانەبوو کە پارچە ئەرزییان لە ئیسکانی عەسکەری بۆ دەرچوو بوو، ناوەکان بە بۆیەیەکی رەش لەسەر تەنکەیەکی خواری نارێکدا نووسرابوو، بەیەکەوە لەناو خوێیەکە لە ناوی خۆیان دەگەڕان، قەدریە وریاتربوو، زوو لە دوورەوە بە پەنجە ئاماژەی بە ناوی مێردەکەیدا، بەیەکەوە لە دیار تابلۆیەک وەستان لە ژمارەی زەوییەکە و ناوەکەی ئەوی لەسەری نووسرابوو.
کابرا هەرچوار پارچە شیشە شەرمنە سوێرەکەی ژمارد و دەستخۆشی بۆ کۆمەڵە ئەفسەران نارد، کە ئەرزەکەی ئەو تەختە و خوێیەکە رەق بوویتەوە و خاکەکەی باشترە و ئاراستەکەشی باشترە، دەکەوێتە سەر شەقامێکی بەرینتر، لە بەشە خزمەتگوازییەکان و قوتابخانەکان نزیکە. ژنەکەش نەرم نەرم بەزمەکەی شەوی

رابردووی بەبیردەهاتەوە و خۆی گەیاندە تەنیشت مێردەکەی و رانی بەڕانی وەنابوو، ئەویش بە نەرمی وتی:
دەزانی هەر کەسێک لە هەر تیرەیەکی عەشیرەتەکەمان ئێستا بەو شێوە و لەو شوێنە من ببینێت، بزانێت، من میوانەکانم جێهێشتووە و لەگەڵ تۆ هاتووم پارچە ئەرزەکەمت پێ نیشان دەدەم حەیای هەزارساڵەم دەچێت، شەرمە، بۆ پیاوانی ئێمە پرس بە ژنان بکەن، ژن، واتە ماڵ و پەچە و ناندین و مناڵبوون و ...!
ئێستا ئەو رووبەرە خوێیە دیاری و خەڵاتی خوێنی تۆیە، بەو چەند بارە خوێیە تۆیان کڕیوە و لەو شەڕانە و لە بەرە خوێناوییەدا، شەرت پێ گەرم دەکەن، مانگی رابردوو لە هۆرەکانی عیمارە بوویت، ئێستا لە سەر رووباری کارونی بەرامبەری عەبادان شەڕ دەکەن، ئوتومبێلێکت وەرگرتووە، دەرگاکەم پێ ناکرێتەوە، ئەرزێکت وەرگرتووە بکرێتە خانووش دار و دیوار و سیسەم و باڵیفمان سوور و خوێ دەبێت، مناڵیشمان سوور دەبن، بەلووعەکان خوێمان دەدەنێ، هەموو چێشتمان بە خوێ و سوور دەبێت! قەدریە پێڵاوە بەرزەکانی لە رووبەرە خوێیەکە دەچەقاند و هەنگاو بە هەنگاو لەدوای حەسان گەڕایەوە ناو ئوتومبێلە نوێیەکەیان، بەڵام بەیەکەوە لەسەر ئەو ئەرزە سێ سەد مەترییە، لە خانووەکەیان بەیەکەوە نەنووستن، پێش تەواوبوونی خانووەکەیان، حسانە لەو شەڕ کوژراو و ئەویش بە بێوەژنی و بە جلی رەش و سێ مناڵی وردەوە چاوەڕوان دەژیا، بەڵام نەیدەزانی چاوەڕوانی چ دەکات، تەنها ئەوە نەبێت، خۆی پیر بێت، بەڵام مناڵەکان گەورە و گەنج بن، تا شەش ساڵ ژیان بەو جۆرە، شەوێکیان بە شەرمەوە لە شووبراکەی مارەیان کردەوە.!

***

16

کە هاتمە ناو بەفر رووبەڕووی کولتوورێکی تری نوێ بوومەوە، لەگەڵ بەفر و دووری و لەگەڵ شکانی هەنارەکەم زۆرتر نامۆ ببووم. ئێمە ناوکمان لەگەڵ غەریبی و نامۆبوون بڕاوەتەوە، باوکم لەو گوزەرە لەدایک ببوو، لەوێ ژنی هێنابوو، هەموومان لەوێ مامانە دەست سپییەکان ناوکیان بڕیوین، هەر بە نامۆ و غەریب سەیریان دەکردین، باوکم دوو جار چووە بۆ شاخ و بۆ شەرەفی ئەو شارە چەکی لە شان کردبوو، ئینجا هەر بە گوندە کۆنەکەی ناویان دەبرد. دووەم خانووی بە قەبارە و باڵای بەرزتر دروستکرد تا رەگی بچێتە ناو ئەو شارە و لەگەڵ کۆڵانەکان تێکەڵ بێت، سوودی نەبوو، نامۆبوون چارەی نییە.
والێرەش دووبارە نامۆ بوومەوە، کە گەیشتمە ئێرە زوو هەستم کرد دووبارە هاڤیبوون یەخەم دەگرێتەوە، نامۆیی بۆنی دەڕوات. شانسی من وایە، نامۆبوون لەو تەمەنە جوانەی هەنار و چاوەکانم بێدارم دەکات، چەند جار سەگی ناو

دەستی خەڵکی ئەو شارە، لە داوە باریکەکەی خاوەنەکانیان دوور دەکەونەوە، بە هەناسە و بە قووڵییەوە بۆنم دەکەن، ماوەیەک کلکی پاڵتۆکەم، نووکی چەترەکەم، پشدێنی درێژی چاکێتەکەم بۆن دەکەن، دەزانن منی هەنارشکاوی مێوانم، من تازە هاتووم، من وا دامەزراوم، بە گەرمی کۆشش دەکەم، دەمەوێ زوو نامۆبوونەکە وەک باوکم یەخەم نەگرێت. نامۆییەکە نەبێتە جانتاکەی دەستم، هاتووم و پەرۆش بووم بەرگی ئەو کولتوورە بەنازەوە لەبەر خۆم و لەبەر نەوەیەک کە لە هەناوم دەردەپەڕن بپۆشم.

پێشڕەو لە یەکەم رۆژی هاتنی بۆ سوید، بە فەرمانبەرەکەی ناونووسینی وتبوو، ئێمە بە باب و باپیرمەوە نازناوی قەسابمان پێوەیە. لەو شارە قەساب و گۆشتفرۆش و مەڕدار و جەلبی و خانەدار و حەسارداری زۆر هەبووە، بەڵام یەک بنەماڵە نازناوەکە وەردەگرن، یەک بنەماڵە دەبنە جامباز، کافرۆش، چاوڕەش، شانشکاو، جۆبار و جۆلا و ئاسنگەر و ... ئەو وتبووی نازناوەکەم لێرە دەگۆڕم، بەسە قەسابی، با لەو هەوارە ناوەکەم ببێتە نەورۆز، من ببمە پیشڕەو نەورۆز، کە ژنیشم هێنا ئەویش ئەو نازناوە وەردەگرێت، منداڵەکانیش ئەو ناوەیان پێوە دەلکێت. پاش جیابوونەوەیان لەگەڵ کازیوە، کە هەردووکیان پاش دووساڵەکە وتیان بەیەکەوە نەگونجاین، من شیرین بوام، ئەو تاڵ دەبوو، من درێژبووام ئەو دەبووە قەدێکی ناوەندی، من دەڕۆیشتم ئەو لە چەقی رێگاوە دەوەستا و دەهاتەوە، من گەرم وەک کوورە، ئەو گەرمتر وەک جەهەنەمی تۆقێنەری خودا، من چیای سەر بە لوتکە، ئەویش بەنادڵییەوە دەبووە بیابان، بۆیە بەیەکەوە ئیمزا دەکەین، لەیەکتری جیادەبینەوە. لەو رۆژەی کە لەسەر ئەلمێناکە، یان کەلەندەری رۆژمێرەکە نووسرا، دەستی کازیوە دەکرێتەوە و بە شەرمەوە سوپاسی پیشڕەو دەکات، بەڵام پیشڕەو نەیزانی سوپاسەکە لەبەر شکانی هەنارەکەیە، یان یارمەتیدابوونی بۆ مانەوە و وەرگرتنی ئیقامەی هەمیشەیی، ئەو نەیپرسی، پاش نەورۆزەکەی من چ نازناوێک هەڵدەگریت.

ئێواران کازیوە دەوامی خوێندنەکەی دەکرد، بە چەند مانگێک قۆناخی خوێندنی کۆچبەرەکانی بڕی، ئەزموونە نیشتیمانییەکە بە پلەی باش بڕیبوو، چەند مانگێک بوو لە قۆناخی پێشکەوتووی زمانی سویدی و سەرەتاییەکانی زمانی ئینگلیزی و ماتماتیک و کۆمەڵایەتی دەستبەکار ببوو، لەوێ (عەلا) بە عودەوە دەیویست کازیوە وەک (قەدریە) لەناو ئەو نەخشەیە بدزێت، دەیزانی شووی کردووە، دەیزانی لەگەڵ ئاوازی دەنگی عودەکەی دەهەژێت، بەڵام نەیدەزانی ئەزموونی قەدریە ئەوی ترساندووە، بەڵام نەیدەزانی راستە بەتەنها دەژیت، ژنەکە خۆی دەناسێنێت، دەڵێت من شووم کردووە، بەڵام هەرگیز نەیدیوە هاوسەرەکەی ژێی عودەکەی بپسێنێت، جارێکیان دانانەوەی تێلەکانی تێکنەداوە.

ئەو هاتووتە سوید تا ببێتە ئەوروپی، لەوان نزیک ببێتەوە، وەک ئەوان نەرم و نیان بێت، وەک سویدییەکان بەفر ماچ بکات، یەک مانگ داری چراکانی سەرەساڵ داگیرسێنێت، نەهاتووە ئەزموونەکەی قەدریە دووبارە بکاتەوە، نەهاتووە لەو بەفرستانە، بە سووتانی سەعفی دارخورماییەکی خواروو گەرم ببێتەوە، دووبارە گریانەکانی حوسین و شین و پرسە دوورودرێژەکانی عاشوورا بڵێتەوە. خەتای خۆی بوو، ئەو بە عەلای وتبوو لە بنکەکەی چاودێڕیکردنی بەساڵاچووەکان ژەنیارەکەمان مرد، ئەو زۆری لە پیرەکانی بۆ مردن بەڕێکردبوو، زۆریان مردن، بۆیە ئەویش لەورۆژانە مرد، پیانووەکە ئەو دوو هەفتەیە داپۆشراوە، گوڵێکی سووری لەسەر ژێیەکانی پیانووە خەمگینەکە پاڵکەوتووە، لە جێ پەنجەکانی ئەو وا هێدی هێدی پەلکە سیسەکانی گوڵە سوورەکە خشەیان دێ، کەس نییە سەما بۆ هۆڵە پیرەکە بکات، ئاوازەکانی موزیکی کلاسیکی خەریکە گوم دەبێت، دەستە لەرزۆکەکان قاچە بڕاوەکان، دەمارە وشکەکان و دڵە زامدارەکان بێ ئاواز و سەما پەریشانن، ئەوان هەتا مردن، هەتا دەچنە ناو تابووتە دارە نەخشینەکان حەزیان لە نۆتەی موزیکایە! کازیوە لەسەر تەختەکە خوێندنی ئێواران بە نەرمی بە عەلا دەڵێت:

ژەنینی پیانوو دەزانیت، ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت:

من بەرهەمەکانی مۆزارت و باخ ناس دەکەم. مامۆستاکانمان لە ئەکادیمیای بەغدا دەیانووت، پیانوو ئامێرێکی زۆر پێشکەوتووی قانوونەکەی خۆمانە، کلیلی زۆرە و ژمارەیان دەگاتە هەشتا و هەشت کلیل، لە کۆنەوە لە ئەوروپا هەبووە و گەورە موزیکسازەکان پیانوویان ژەنیوە.

من دەزانم (شوپان) زۆر کەم ژیا، تەنها سی و نۆ ساڵ ژیا، هەستە رۆمانسی ژەنینەکەی و سۆز و سووتانەکەی بۆ ژنە رووماننووسە فەرەنسییەکە (ئەماندین دوبان) بوو، کە پاشان بە ناوە خواستراوەکەی (جۆرج ساند) ناسرا، بە گەنجی ژەنینی پیانوو بەرەو شارە گەورەکانی ئەوروپای بردبوو. ئەو لە وارشووە گەیشتووتە ناو باخچە جوانەکانی هونەری موزیک، لە پاریس رێزی زۆریان گرت و ناویان نابوو شاعیری پیانوو. کەمێک لە هەر نۆ سمفونیاکەی بتهۆڤن دەناسم، کە هاتم لەو کاروانە تاڵە لەبەر گەورەیی ئەو لە شاری بۆن، لە شارەکەی ئەو شەوێک بە غەریبی و شاعیرانە مامەوە، لە دیار پەیکەرەکەی سەمام کرد، بۆ بەختی خۆم بوومە فرمێکسی گریان، بۆ نیگبەتی بەختی خۆمان، سەرما وشکی کردمەوە، لەوێ لە شاری بۆن بۆنی بتهۆڤنم دەکرد، دەمزانی لە ڤەیینا ئەو بالای کردبوو، بەڵام باوکی لەو شارە کەمانی داوەتە دەست و پیانووی فێرکردووە، بەڵام شەراب و مەستییەکەی ماندووی دەکات، بەڵام کوڕەکەی فێر دەکات شەیدای موزیک بێت.

***

عەلا زۆرتر لە کازیوە نزیک دەبێتەوە، لەسەر کاریش بەیەکەوە دەمینێنەوە، کە پەنجەکانی نەرم و شەیدایانە بۆ خەواندن و مراندنی نەخۆش و پیرەکان دەژەنی، زۆرتر بۆ بسک و هەنار و چاوی ئەو ژنە ماندووە بوو، زۆرتر دەیویست دیسان چیاکان بگرێتەوە، دووبارە لەسەر کۆڕەک ڕەبیەیەک بگرێتەوە، لەو سویدە چاوی لەوە بوو، دووبارە بەو هێڵە و لەسەر ناسکی ئەو ژنە تامکراوە هەنارەکە تام بکات. کازیوەش مەستی ئەوە بوو ڕووداوی بێوەژنی و دایکایەتی پڕ حەسرەتەکانی قەدریە بکاتە دەقێکی شانۆیی و کارەکتەری ئەو ببینێت. ئەو ژنە ڕەشپۆشەی لەبەردەم بانکی شارۆچکەکەیان وەستاوە، بە دەستی لاواز و باریکی حوسێنی کوڕی گرتووە، لە پیاوە بە ڕدێنە ڕوومەت پانەکە دەپاڕێتەوە و بە نەرمەوە پێیدەڵێت:

لەبەر چاوی حوسێنی کوڕم! کە لە حەزرەتی حوسێنم داواکردبوو، لە کەرەبەلا داوام کرد، لەبەر چاوی ئەو و لەبەر نانی ئەو، بوارم بدە بچمە ژوورەوە و مووچەکەی باوکیان وەربگرین، لە ڕێگایەکی دوورەوە هاتووم، سەیرکە من کوردم، من وەک عەشیرەتی ئەوان نیم، من سەد جار پەشیمانم کە شووم بە نەجمەکانی ئەو کرد، دەی لەبەر خاتری هەر دوازدە ئیمامەکە.

پیاوەکەی بەر دەرگای بانکەکە، چاوەکانی لەگەڵ مووی ڕەشی ڕووی هەڵنەدەهات، نە ئەفەندی بوو، نە چەکدارێکی نیزامی، نە ئیماندار و نە دڵ گەورەیەکی موسلمان، چەکەکەی دەستی و چاوەکانی لەسەر تەقینەوە بوون، بە رقەوە بە قەدریەی وتبوو:

گوناحە کوڕی ئەو عەشیرەتە و منداڵە ئەفسەرێکی ئەو ناوچەیە، بە ناوی حەزرەتی حوسێنی باوک و سەروەری شەهیدان بکرێت، حەیف، ڕۆژانە حوسێنتان دەکووشت، سەرتان دەبڕی و سەرەکەتان دەبردە کۆشکی زۆرداری. حەیفە کوردێک ئەوەندە زوڵم و ستەمی بە دەستی ئەو زۆردارانە دیبێت، کیژیان داوەتە ئەفسەرێک لەو عەشیرەتە، سەد جار ئەفسووس! ئێوە و ئەوانە ئیمام حوسین! تا ژنەکە دوور بخاتەوە باسی مارەکردنی بە سیغەشی لەگەڵدا کردبوو.

***

من ناوم کازیوە نەورۆزە، ساڵێک و هەشت مانگە هاتوومەتە سوید، من چەند مانگێکە لەو شارە دەژیم، هاوسەرەکەشم لە شارێکی تر کار دەکات، خۆم شانۆم خوێندووە، دوو ساڵ مامۆستابووم، بە ڕۆژ لە بنکەی چاودێری بە تەمەنەکان کار دەکەم، خەونی مەزنم ئەوەیە زمانی سویدی باش فێربم، شانۆگەرییەکانیان باش تێبگەم، بزانم دەقەکانیان باسی چ دەکەن، ئەوان زۆر سیستەمیان بۆ خۆشگوزەرانی سازکردووە، ئەو بە چاوی خۆی خزمەتی پیرەکان دەبینێت.

ئەو دەیویست بزانێت شانۆگەرییەکانیان باس لە چ دەکەن، ئەوان چ کێشەیەکیان ماوە تا باسی بکەن، ئەوان یاسا کێشەکانیان چارەسەر دەکات، دەقی شانۆیی

ناوێت، ئەوان بە ئاوەز مامەڵە دەکەن، دەزانن کێ شیاوە و بۆ لەو پۆستە دانراوە،کە وتیان دەست هەڵگرە واز دەهێنێت، هەموو بڕگەکانی یاسای کتێبە گەورەکانی یاسایان، پیرۆزە و وڵات و بازاڕ و ئاریشەکان چارەسەر دەکات، چ ماوە نمایش بکەن، چ دەنووسن! بۆچی دەنووسن!
ئەو دەیویست لە دوارۆژ ژیانی قەدریە بکاتە دەقێکی شانۆیی، کارەکتەری ئەو ببینێت:
من ناوم قەدریەیە، مامۆستای گوندێکی سەرەتایی ئەو دەشتەبووم، کە رۆژێکیان (حەسان) هاتە ماڵمان، کە شانی پان و گەورەی ئەوم بینی. کە پەنجە گەورە و درێژەکانی ئەوم بینی، کە زانیم دوو نەجمەی لەسەرشانە، ماڵیان لە گوندێکی نزیک بەغدایە دڵم بۆی لێیدا، هەردوو نەجمەکەم لێ بوونە دوو ئەستێرەی شەوە تاریکەکانی ناو ستارە بە کەرپووچە بڵندەکەمان، وامدەزانی ئەو دوو ئەستێرەیە لە تاریکی ناو ستارە زۆر بەرزە کۆنەکە دەرمدەهێنن، ئەو ستارەیە بە کەرپووچ نەکرابوو، گۆڕێکی تاریک و قووڵ بوو، ئاسمانەکەش خۆڵەکەی سەرچاوانم بوو، یەکەمجار پرشنگی ئەستێرەی سەر هەردوو شانی ئەفسەرە عەرەبەکەی ئیستخبارات منی شەیدا کرد، من عاشقی بووم.
داخوازییەکە و گواستنەوەکە و ماڵدانەکەی و وێنەگرتنەکەیان بەخێرایی تەواوبوو، عەرەبە و هەموو کەرەستەکانی بەئاسانی بۆ دەهاتە بەردەستان. خێزانێکە و رووخاون، کیژەکەیان رەوانەی گوندێکی خواروو بەغدا دەکات، تا لەوەیان دەروازەیان بۆ بکرێتەوە، عەرەبێک ببێتە زاوایان، عەرەبێک لە ئیستخبارات بناسن، زاوایان بێت. با ئەو ماڵە لە گوندەکەیان عەبایەکی رەشی بەباڵا بکەن، چاوەکان وەک چاوی ماسی گچکە بکەنەوە، لووتی بشارنەوە، نینۆکی ببڕنەوە، با کولتوورە عەرەبییەکەیان کیژەکە لە ژوورێک زیندانی بکات، کیژەکەیان وەک ژنە عەرەبەکانی عەشیرەتەکەیان بکەنە کەنیزەک، بکەنە تەندوورێک هەموو بەیانیان و ئێواران نانی گەورەی پێ ببرژێنن.
سێ ئوتومبێلی پڕ عەرەبی عەگال بەسەر و دشداشەلەبەری خاوێن، هاتن کۆڵانە تەسکەکەی ماڵی قەدریە، بووکیان بە کراسی سپی بە زەلیلی و بێ هەڵهەڵە و بێ خەنە دابەشکردن و بێ ئەگڵەنجە برد، بێ داوەتی دەستەخوشکان، بێ مکیاژی کیژە پلکان، بێ خوداحافیزی براگەورە و ماچکردنی برا گچکە و ماڵئاوایی باوکە شەپڵەلێدراوەکە. بڕیار و حەزی بووکەکە سەرکەوت بەسەر هەڕەشەکانی برا گەورەکەی، گلەیی خزمەکانی، لەگەڵ نوشتانەوەی کۆڵانەکە و چەمانەوەی دیوارەکان و تووڕەبوونی نۆکفرۆش و کەوکەو فرۆش و کارەبانووس و دووکانەکەی ئوتوی تەنیشتیان و دەڕابە بەرینەکەی کارگەی دروستکردنی کرێمستی و جامخانەی وێنەگرەکە و هێڵانە جوان و کۆنەکەی پەڕەسێلکەکان و پەردە هەڵوواسراوەکەی بەردەرگاکە و جۆگە باریکەکەی بن دەرگا و سۆز و هاوڕێیەتی

دراوسێیە کۆنەکان، ئەو ڕۆیشت، کەسیش نەیدەزانی بەرەو کام چارەنووس دەڕوات، عەشیرەتەکە چ لەو کیژە دەکات، ئەفسەرەکە چۆن دیلی دەکات، تەندوورەکە چەند دەیسوتێنێت، کەسیش نەیدەزانی ڕۆژانی تاڵ و شوورەیی چارەنووسی دەبێت!

***

برا گەورەکەیان بە مەستی و بە تووڕەیی گەڕایەوە ماڵەوە و وتی:

هەموو کەس بە چاوێکی کەم سەیرم دەکەن، نابی ئەو کیژە شوو بەو ئەفسەرە عەرەبە بکات، کەس سڵاوم لێ وەرناگرێتەوە، کەس ئاگری پێکردنی جگەرەم بۆ ڕانەگرن، هەست دەکەم هەموو چاوەکان وەک جاران سەیرم ناکەن، بۆنەکان لە هەستی من دوور دەکەونەوە، کوڕەکەی جاران نیم و کۆڵانەکەش کورت و باریک بوویتەوە، درێژبووە، نەوی بووە، من ناتوانم ئەوە قبووڵ بکەم، هەمووتان وادەزانم دەتوانن لەبیری بکەن، من ناتوانم، هەمووتان سەیری وێنەی بووکینی بکەن، من وێنەکە دەدڕێنم، هەمووتان ڕەنگە بتوانن بە گەرمی بەخێرهاتنی بکەنەوە، من بۆم ناکرێ سەیری دەموچاوە مۆنەکەی بکەمەوە، ناوی خۆم دەگۆڕم، کۆڵانەکە ناناسمەوە، شارەکە نابینمەوە.

قدریە دەیووت:

من بۆیە شووم بەو پیاوە ئەفسەرە عەرەبەکرد، ئەوددەمانە پیاوەکانی خۆمان بەزیبوون، چەکەکانیان بە پەنجا دینار تەسلیم دەکردەوە، کە لە مەکتەب دەهاتمەوە دەمبینی تابوور تابوور بۆ وێنەگرتن و ناونووسین و تەسریحبوون نۆرەیان دەگرت، دائیرەکان کز و فەرمانبەرەکان ترساو، کتێبەکان نەدەکرانەوە، تەختە ڕەشە هەڵواسراوەکەی بەردەممان نووسینی نەرم و ئاسان نەبوو، من بۆیە بەزیم! من بەزینم لە چاوەکان دەبینی، لە چۆکی ڕێبوارەکان، لە نێوچەوانی دەموچاوەکان، لە ناسنامەی گیرفانەکان، لەناو دەفتەر خدمەکانی تەجنید.

برایەکی وتی:

کە قدریەی خوشکم شووی بەو پیاوە ئەفسەرە عەرەبە کرد، من وازم لە مەکتەب هێنا و چیتر نەچوومەوە ناو هاوڕێیەکانم، ئەو هاوپۆلانەی بەیەکەوە لەبن قەڵات بە نیو درەهەم کاستر و کێکێکمان دەخوارد، بەیەکەوە دەچووینە گازینوی شەوانەی هەولێر و تاوڵەمان دەکرد و بەیەکەوە گاڵتەمان دەکرد، بەزممان بە یەکێک گەرم دەکرد، ئەوەم نەما. من کەوتمە پەرگەیەکی ئاستەکان، بەژنەکان، چاوەکان. من لە برادەرەکانم دابڕام، چیتر مامۆستا سەلاحم نەدیتەوە، کە شەوان تا درەنگی شەو لە یانەی فەرمانبەران دەیخواردەوە و هەموو سبەینان کە دەهاتە پۆلەکەمان دەموچاو ترش، پانتۆڵەکەی بۆنی مەزەی پێوە بوو، گیرفانەکانی مشت سۆتەکە جگەرە بوو، لاملی چاکێتەکەی بە تۆشکی قژی دەبریسکاوە، ئەو ڕۆژەی لە دەرسەکەی ئەو تاقیکردنەوەمان هەبوایە، نەماندەخوێند، چونکە دڵنیابووین ئەو

پرسیارەکانی نەنووسیوە و خۆی ئامادە نەکردووە، لەجیاتی پسولەی پرسیارەکان پسولەکەی پارەدانەکەی شەوی رابردووی مێزەکەی لە گیرفاندا بوو، شەوانە ئەو لە هەموویان زیرەکتربوو، حیسابی هەموو سەرمێزەکەی دەزانی، یەکسەر بە بۆیەکەی دەووت:

قەڵەم و پارچە کاغەزەکانی تۆمان ناوێت، من بیست ساڵە لە گەورەترین ئامادەیی ئەو شارە کیمیا و جەبر و هەندەسەم بە خوێندکارانی ئامادەیی گوتووتەوە، زۆر لە دکتۆرانی ئەو شارە کیمایی وەراسەیان پێش زانکۆکانیان لەبن دەستی من خوێندەوە، ئەندازیارەکانی ئیشغاڵ و شارەوانی من ئاراستە و هێڵ و گۆشەی ئەندازەمان بە تەباشیر و بێ راستە فێرکردوون، حیساباتی هەموو شارەکە لە منەوە سەرچاوەی گرتووە، پێویست بە حیساباتی تۆ ناکات. مامۆستاکە شەوانە بە بۆیەکەی دەووت:

من دەزانم کاک عەزیز و سیامەند و سەردار هەندی یەکیان خواردیتەوە، حیسابی ئەوان دیارە، مەلا و بایز ئاغاش تەشریبەکەیان زیادە، حیسابی ئەوانیش دیارە.

ئەو کە دەهاتە ژوورەوە، ئێمە بۆی هەڵدەستاین، چاوەڕوانی وەڵامدانەوەکی ئەومان نەدەکرد، زوو دادەنیشتینەوە، چونکە وەڵامەکەی ئەو دوادەکەوت، ئەو زوو لە خوێندکارێکی زیرەکی پێشەوەی دەپرسی کە دایکوباوکی دکتۆربوون، دەیپرسی چیمان هەیە، لە لاپەڕە چەندین، گەیشتینە کێندەرێ، ئەگەر ئەویش پێیوتبوایە تاقیکردنەوەمان هەیە. ئەو دەیپرسی:

ئەوە یەکەمجارە کاتی تاقیکردنەوەکەمان داناوە، یان جارێکی تر دواخراوە؟

ئەگەر جاری یەکەم بوایە، ئەوە کاتەکەی دوا دەخست، خۆ ئەگەر دووەم جار بوایە، تاقیکردنەوەکەی دەکرد. پشتە پانەکەی بە دیوارە سپییەکە دادەدا، پاکێتەکەی دەردەهێنا و جگەرەیەکی دەرهێنا و بە تەواوکردنی دووکەڵەکە، کە لە تێلە دڕاوەکەی پەنجەرەکە دەچووە دەرەوە، بە ئازایی و لەسەر پشتی پاکێتە جمهورییە رەقەکەی پرسیارەکانی دەنووسیەوە، لەگەڵ تەقەی نووسینی قەڵەمە حوبرەکەی لەسەر بەرگی پاکێتەکە، دەمانزانی پرسیارەکان چین، زوو ئەو لاپەڕەیەمان دەکردەوە و چاوێکی خێرامان بە هاوکێشەکە و بیردۆزەکە دادەخشاندەوە.

ئەو ساڵەی قدریەیان بە بووک برد، گوندەکانی سەرسنووریان بە لۆرییان دەهێنایەوە خوارەوە و بە کۆپتەر لە شاخەکانیان دادەگرتن، سەردەمێکی تاریک بوو، لە چواردەورەی شاردا ئۆردوگایان بە بەرد و بە گێچ بۆ دروست دەکردن. ئەو ساڵە بوو موختارەکان چاوسوور دەگەڕان، بەڵام هێشتا موختارکوژ پەیدا نەببوو، ئەودەمانە بوو، راوی وشە گەرمەکانیان لەناو نووسینەکان دەنا، لەودەمانە بوو شیعرەکان گەرم و داستان و بەرگری بوون، گەنجەکان گایەکی برینداربوون، ملیان لە رەنگی سووری خوێن دەخشاند، دەستی لە کونەزەنگەسوورە وەردەدا،

لەودەمانەش بوو، شارەکان گەورەتر دەبوون و گوندەکان خانووە رووخاوەکانیان چاک نەدەکردەوە، کاریتە شکاوەکانیان نەدەگۆڕی، بیریان دەرنەدەدایەوە، دەیانزانی جۆخین و جۆبار و جێگایان لە مەترسی دایە!

***

کازیوە بەپەلە بوو، یان زیرەک و لێهاتوو بوو، شەیدای ئەوە بوو زوو لەو وڵاتە قاچەکانی قایم بکات، دڵشکانەکەی تیمار بکات، بەرپرسی بنکەی بەساڵاچووەکان رۆژێکیان بانگی دەکات، بەیەکەوە لە ژوورێک دادەنیشین.

ژوورەکە دوو کورسی و مێزێکی بازنەیی نەوی بوو، لەسەر پەنجەرەکەش دەستەگوڵێک، لەسەر دیوارەکە تابلۆیەک، لەناو تابلۆکە باڵی نەورەسێک، لەسەر باڵەکەش هیوای فڕین و دونیا دۆزینەوە و پیرۆزیی کۆچ و شەیدایی کارکردن و تێشوو پەیداکردن دەبینرا، زۆر لە یەک نزیک، هەردوو ژنەکە دانیشتن، سویدییەکە تەمەنی سەرووی پەنجا ساڵ دەبوو، هەموو رەنگەکان لە فۆرمی جلەکانی بەدی دەکرا، رەنگی سادە و سووکی مکیاژەکەی، ناسکی پێڵاوەکەی دەست و پەنجە و ئەنگوستیلە و ملپێچەکەی لەیەک دەوەشانەوە، بەڵام سادە و پۆشتە، وەک ئەوەی یەکەمجارە کازیوە دەبینێت، وەک ئەوەی هیچی لەو نەبیستبێت، وەک ئەوەی دۆسیەکەی بن دەستی رەش ببێتەوە. پاش بەخێرهاتنی زۆر گەرمی پرسی:

کازیوە ژمارەی تایبەتییەکەت کە بۆتم خوێندەوە تەواوە؟

ئەویش دەڵێ، بەڵێ ژمارەکەم تەواوە.

لەو رۆژەوە بەرپرسەکە، بە کازیوە رادەگەێنێت،کەوا مانەوەی لەو کارە دەبێتە رەسمی، حەفتانە پێنج رۆژ کاردەکات. دەنگی عودەکەی عەلاش کار لەو ناکەن، پاش تەواوکردنی قوتابخانەی پەرستیارییەکەی دەبێتە پەرستیار، لەگەڵ کوڕێکی باڵابەرزی چاو گەورەش ئەڵقە دەگۆڕنەوە و لە ئاهەنگێکی خنجیلانەی تایبەتیش زەماوەندەکەیان دەکەن.

کە ئەو قسانەشی بۆ دەکردم، دڵی خۆش بوو، کەوا خۆی و هاوسەرەکەی خۆیان بۆ ئاهەنگی دووەمی لەدایکبوونی کوڕەکەیان ساز دەکەن، دڵیشی خۆش بوو پلیتیان بڕیبوو، لەگەڵ مێرد و کوڕەکەیان سەردانێکی کوردستان دەکەنەوە. دڵی خۆشیش دەبێت، کەوا من خەم و کۆشش و چاوەڕوانییەکانی ئەو دەنووسمەوە، تا پێتان بڵێم ئەو ژنە گەورە و بەتوانایە، ئەو ژنە هەنار شکاوە بووە، دایکێکی گەورە و کوردێکی سویدیی بەختیار.

***